کرۆنۆلۆجیای کوردستان

کرۆنۆلۆجیای کوردستان

٦٢٥پ. ز – ١٩٣٢

فەرهاد پیرباڵ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

فەرهاد پیرباڵ
کرۆنۆلۆجیای کوردستان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٣٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٤ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، بۆکان نووری

له جیاتی پێشەکی

کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی
مەلا و شێخ و میر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی

حاجی

کوردە دەزانی لە کوێ جێگرە خزمانی تۆ
گوێ گرە بۆتی بڵێم جێگەی خێڵانی تۆ
کێوی تۆرۆس و عومقی حوزەی ئەسکەندەروون
غەربیە تا بەحری رەش سنووری مەیدانی تۆ
بەحری رەش و ئەردەهان ئاوی ئاراسە بزان
حەدی شیمالە ئەمە بۆ کۆچ و جەولانی تۆ
ئەلوەن و گۆلی ورمێ تا سەری ئاوی ئاراس
سنووری رۆژهەڵاتە حەبووەکە و کێوانی تۆ
هەوراز و کێوی حەمرین، ژەنگار و رێی نووسەیبین
سنوورە بۆ جنووبی: باخچەی و باغانی تۆ
لەناو ئەم سنوورەدا دووانزە ویلایەت هەیە
دەڵێن دووانزە ملیۆنە نفووسی کوردانی تۆ
حاشا درۆیە وترا نفووسیان نەنووسرا
دەگاتە بیست ملیۆن گەر بنووسرێ قەومانی تۆ

عەبدولخالق ئەسیری

کۆواری «هاوار»، دیمەشق: ١٩٣٢، ژ (١١)، ل (١٤)

دەروازەی یەکەم

کرۆنۆلۆجیای کوردستان

لە دێرینەوە تا ١٥١٤



ئاسەواری هەخامەنشینەکان

ژیانی سیاسی

٩٠٠٠ - ٨٠٠٠ پ. ز

مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، لە کوردستان، لە ئەشکەوت و مەڵبەندەکانی کەریم شایەر، زاوی چەمێ، شانەدەر، هەزار مێرد، مەڵبەندی چەرمۆ، چەتاڵ هۆیووک.. کشتوکاڵ دەکات و نیشتەجێ دەبێ، مەڕومالات بەخێو دەکات و ڕووەک پەروەردە دەکات.

دواتریش لە گەنج دەرە لە کوردستانی ئێران و لە تەل ئاسیاب لە نزیک کرماشان لە ٨٠٠٠ - ٧٥٠٠ دا.

- مەڵبەندی (زاوی چەمێ)، ٤کم لە رۆئاوای ئەشکەوتی شانەدەر، بە کۆنترین مەڵبەندی نیشتەجێبوون لە کوردستانی عێراقدا دەژمێردرێ. یەکەمین شوێن کە ئاسەوارەکانی ئەم قۆناخەی چاندنی تێدا دۆزرابێتەوە بریتییە لە ئەشکەوتی (زەرزی)ی سەر بە سلێمانی. لەم ئەشکەوتەدا کۆمەڵێک ئامێری بەردینی ورد کە شێوەی ئەندازەییی جۆراوجۆریان هەبووە و بۆ درووێنە دانەوێڵە و ڕاو بەکار هاتوون.

ئەم قۆناخە پیشەسازییە لە مێژووی کۆنی عێراقدا ناوی لێ نراوە پیشەی زەرزیی (الصناعة الزرزية)، ئەمەش لەبەر ناوی ئەشکەوتی زەرزی.

گەندووک، نزیک ئاکرێ چەندان نیگاری ڕاوە نێری و پەیکەر و بەردتاشی و نەخش و وێنەی هەڵکۆڵدراوی لەناو ئەشکەوتەکەیدا دۆزراوەتەوە کە (سێر ئەی. ئێچ لایارد) لە کتێبی (نەینەوا و بابل) ١٨٥٠ چاپ کراوە دەڵێ کە مێژوویان بۆ سێ هەزار ساڵ بەر لە مەسیح دەگەڕێتەوە.

ژیانی کولتووری

٩٠٠٠ - ٨٠٠٠ پ. ز

دوای سەرهەڵدانی کشتوکاڵ لە کوردستاندا (لە شانەدەر و هەزارمێرد و زاوی چەمێ)، سیرامیک (فخار) بۆ یەکەمین جار لە مەڵبەندی چەرمۆ دروست دەکرێ و پاشان لە تەپەگۆران لە کوردستانی ئێراندا.

سیرامیکەکانی مەڵبەندی چەرمۆی کوردستانی عێراق زەوینەیەکی زەردیان هەبووە؛ بە ڕەنگی سوور نەخشیان لەسەر کراوە. هێڵەکانیان یەکتربڕ بوونە. بە (سیرامیکی بۆیەکراوی چەرمۆ) ناسراون.

ئەشکەوتەکانی هەزارمێرد لە (دەشتی بەرانانی نزیک سەرچنار لە سلێمانی) و شانەدەر (لە ناوچەی برادۆستی سەر بە هەولێر) و تەل حەلەف (لەسەر سنووری باکوری عێراق - سووریا) و گەنج دەرە لە کوردستانی ئێران و تەل حەسوونە ؛ گرینگترین ئەو مەڵبەندانەی کوردستانن کە سیرامیک تێیاندا بڵاو بووەتەوە و پەرەی سەندووە.

ئەو کۆمەڵە نەخش و نیگارانەی لە (ئەشکەوتی کچە گەنجەکان) لە گوندی یەدی سالکیم لە مەڵبەندی ئەنادۆڵ (٧٦کم لە باشووری رۆهەڵاتی شاری وان) دۆزراونەتەوە و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٨٠٠٠ پ. ز، مشتێکن لە خەرواری ئەو گەنجینە وێنەییانەی سەردەمە بەردینەکانی کوردستان.

زۆربەی ئەو نیگارانە بە ڕەنگی سوور یان قاوەیی کێشراون. بەشێکیان بریتین لە ژنە خواوەندەکان لە کاتی سەماکردندا، یان خواوەندی تر کە لەسەر پشتی گیانلەبەراندا وەستاون، یانیش تەنیا وێنەی ئەو گیانەوەرانەی کە تاکو ئەمڕۆش لەسەر فەرشە کوردییەکاندا وێنەیان دەبینین. بەشێکیشیان بریتین لە دیمەنی شکار و ڕاو، هەندێکیشیان ئەو تەدارەکە (طقوس) دینییانەمان بۆ دەگێڕنەوە کە مرۆڤی ئەو چاخە لەناو ئەشکەوتەکەدا سازیان کردووە.

برۆنزەکانی لوڕستان لە سەردەمی "میدیا"

ژیانی سیاسی

٢٣٥٠ - ٢١٥٩ پ.ز

ئەکەدییەکان بە سەرکردایەتی سەرگۆن پاشا، توانییان دەسەڵاتی خۆیان لە کوردستانی عێراقەوە تا ئەنادۆڵ درێژ بکەنەوە. پایتەختیان برێتیی بوو لە شاری (ئەکەد) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی عێراقی ئەمڕۆ. ئیمپراتۆریەتی ئەکەدییەکان سەرگۆن پاشا بووە.

– سەردەمی نەرام سین پاشای ئەکەدی (٢٢٩١ – ٢٢٢٥)

نەراسیم سین

ژیانی کولتووری

٢٣٥٠ - ٢١٥٩ پ.ز

لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا، زمانی سۆمەری بەکار هاتووە.

دیارترین بەرهەمە هونەرییەکانی ئەکەدییەکان لە کوردستاندا برێتییە لە نەخشە هەڵکەندراوەکانی (ئانۆ بانینی) لە نێوان کرماشان و قەسری شیرین، هەروەها نەخشە هەڵکەندراوەکانی (دەربەندی گاور) لە باشووری قەرەداغ، کە چەندان وێنەن، یەکێک لەوانە شەڕوانێکی ریشن کەوانێکی لە دەستە و (١٠) پێ بەرزە، لەگەڵ نەحت و نەخشە زێڕینەکان، هەڵکۆڵدراوەکانی سەر بەرد کە پڕن لە وێنە و خواوەند و شەخسیات. لە گوندی (گوندۆک)ی سەر بە ئاکرێ دۆزراوەتەوە و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ . ز .

هونەری شێوەکاری لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا، بە چەند خاسیەتێک دەناسرێتەوە:

١- بەکارهێنانی برۆنز بۆ دروستکردنی پەیکەر و پارچە هونەرییەکان زیاتر و زۆرتر دەبێت. هەروەها تەکنیک و چۆنیەتی مامەڵەکردنیش لەگەڵ میتاڵەکان پەرە دەسێنێت. ئەمە جگە لە پەرەسەندنی کاری سیرامیک.

٢- نوێکاری و ڕەنگرێژی و جۆراوجۆریەتیی تەکنیک و کەرەستە و بابەتەکان . «هیچ بابەتێک نەبوو لە یەکێکی تر بچێت لە رووی جووڵە و دەربڕین و وردەکارییەکانەوە.

٣- پەیکەرتاشی و هەڵکەندن و نیگارە ئەکەدییەکان، وێنەی خەڵکیان، بەپێچەوانەی سۆمەرییەکان، وەکو خۆیان و لەسەر شێوەی خۆیان – دوور لە ملکەچی بۆ پاشا و دوور لە نزمی و بەندەیی – ڕەسم دەکرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە گوێیان نەداوەتە دین و دەسەڵاتی پاشا.

ئەم وێنەیە سەنحاریب پاشا پێشان دەدا لە سەردەمی
ئاشووری، کە ئاوی بۆ هەولێر راکێشا

میتانییەکان کە لەگەڵ هیندۆئەوروپییەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمدا (١٥٠٠– ١٤٠٧ پ. ز) هاتنە کوردستان و تێکەڵ بە خوورییەکان بوون، هونەر و ئاسەوارێکی زۆریان لە کوردستاندا جێ هێشتووە. شاری نووزی، نزیک کەرکووک، مەڵبەندی میتانی و خوورییەکان بووە. سیرامیکی زەغرەفەکراوی پڕ لە وێنەی لێ دۆزراوەتەوە. هەروەها ئەختامی لوولەییی جۆراوجۆر کە پێکهاتەی شێوەکاریی نامۆیان هەیە. ئەمە جگە لە نیگار و نەخشی سەر زێڕ و بەرد و پەیکەرەکانی گوندۆک لە ئاکرێ.

هەزارەی یەکەمی
پێش لەدایکبوونی مەسیح

٢٠٠٠- ١٥٠٠ پ. ز

- شارستانیەتی ئاشوورییەکان لە کوردستاندا.
- دوایەمین پاشای ئووری سۆمەری.

١٥٠٠ پ. ز

- ئیمپراتۆریەتی میتانی لە ناوچەکانی مووش و بەتلیس.

١٣٩٢ پ. ز

- سەرهەڵدانەوەی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری

٩٥٠ پ. ز

میرنشینی ئارامییەکان لە تەل بەرسیپ.

- لە هەزارەی یەکەمی پێش مەسیحدا، زۆربەی ناوچەکانی ئەو هەرێمە، پاش لەناوچوونی دەوڵەتی میتانیا، کەوتبوونە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی نوێی ئاشووری کە ساڵی (٩١١ پ. ز) سەری هەڵدابووەوە.

د. جەمال ڕەشید:

لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری

٨٢٥ و ٨٣٦ پ. ز

ناوهاتنی میدیاییەکان (مێدەکان Medes)، وەک کۆمەڵە هۆزێکی کۆچەر، لەناو تۆماری ئاشوورییەکاندا As-syraennes .

هەزارەی یەکەمی
پێش لەدایکبوونی مەسیح

٢٠٠٠- ١٥٠٠ پ. ز

- نامە بە زمانی ئەکەدی لە شمشارەی دەشتی ڕانیە.
- نووسینی بزماریی سەردەمی ئاشووری.

١٥٠٠ پ. ز

- زمانی میتانی لە سەدەی ١٦ پ. ز دا بووبووە زمانی فەرمیی چینی دەسەڵاتدار و وڵاتی میتانیا.
- خەملانی زمانێک یان چەند دیالێکتێک کە دەبن بە سەرچاوەی زمانی کوردیی ئەمڕۆ (جگە لە کوردی هیچ زمانێکی تر نییە بتوانێ خۆی بە میراتی میتانی بزانێ. د. جەمال ڕەشید).
- سەرەتای زمانی کوردی لە هەزارەی دووەمی پێش مەسیحدا، پاش موتروبەبوونی بە زمانە ناوچەییەکان و کاریگەربوونی بە زمانەکانی ماد و میتانی و سکیث و کیمیری و ئالان و تێکەڵاوبوونی بە کولتووری یۆنانی و ئارامی لە ڕێگەی دەسەڵاتداریەتیی ڕامیاری و ئایینییەوە، ئەو ئەنجامەی پێ گەیاندووە کە لە هەزارەی یەکەمی پ. مەسیحدا دانیشتووانی کوردستان پێی دوان؛ ئەو زمانەش دەتوانرێ پێی بگوترێت (شێوە کۆنەکانی زمانی کوردی) چونکە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کوردیی ئەمڕۆدا هەیە.

بەپێی شیکردنەوەی ئەو نووسینانەی کە لە هەزارەی یەکەمی پێش مەسیحدا لە کوردستاندا نووسراون، دەتوانرێ هەست بە زمانێک لە کوردستاندا بکرێ کە لە سەرەتای چەرخی مەسیحەوە لەلایەن دانیشتووانی ئەم وڵاتەوە بەکار هاتووە.

لە هەزارەی یەکەمی چەند گۆڕانێکی کەلچەری و زمانەوانی لە سەردەمی دەوڵەتی میتانی و میدیاییدا ڕوو دەدەن و هەر لەم پلەیەدا هەموو مەرجێکی پێویست بۆ پەیدابوونی نەتەوەی کورد دێتە کایەوە. شاری هەولێری

ژیانی سیاسی

٧٠١ی پ. ز

سەنحاریب پاشای ئاشووری، فەرمانڕەوای هەولێر، ویستوویەتی مەڵبەندی لاکش ئابڵووقە بدا بۆ ئەوەی ئوورشەلیم کۆنترۆڵ بکا و بتوانێت دەستی خۆی بگەیەنێتە میسر. بابەتی ئەم ئابڵووقەدرانەی لاکش لەلایەن سەنحاریبەوە، لەلایەن نیگارکێشێکی ئەو سەردەمەی هەولێر کێشراوە و ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە.



خواوەندی "ژن"
کە لە کوردستان پیرۆز بووە

ژیانی کولتووری

ئێستا یەکێک بووە لە مەڵبەندی ئەو ناوچانەی گۆڕانکارییەکانی تێدا ڕوو داوە.

د. جەمال ڕەشید:

لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری

گرینگترین بەرهەمەکانی ئاشوورییەکان لە کوردستاندا بریتین لەوانەی (خورساباد) کە دەکەوێتە باکوری مووسڵ، لە تەنیشت (دور شارکین): چەندان دیواربەند و شووره و دەروازەی پاشایەتی و کۆشک و تەلار و پەرستگای ڕازاوەی وێنە لەسەر کێشراون. هەروەها شارۆکەی کۆیە ژمارەیەکی زۆر لە پەیکەر و دیواربەند و بەرهەمە دیتەنییەکانی ئاشوورییەکانی تێدا دۆزراوەتەوە، لەوانە: دیواربەندی شێرێکی بریندار، کە لە مۆزەخانەی بەریتانیدا پارێزراوە و لە قەسرێکی ئاشوورپانیپاڵ دا دۆزراوەتەوە. ئەرنست بابلۆن، ئەم شێرە بریندارە بەراورد دەکات بە جوانترین بەرهەمی یۆنانییەکان. شێرەکە بە سێ تیری ڕاوچییان پێکراوە و هێزی خۆی لەسەر هەر دوو قاچی پێشەوەیدا کۆ کردووەتەوە.

هەروەها ژمارەیەک بەرهەمی دیتەنی و دیواربەند و تابلۆی تریش لە مەڵبەندی (ئاشوور)ی نزیک هەولێر و لە دەربەندی گۆمەل (ناوچەی خنس لە باکوری مووسڵ) و (قەسری سەنحاریب) و (تەل بەرسیپ) کە شاندێکی فەڕەنسی لە ١٩٣١ دۆزیانەوە (لە کوردستانی سویوریا) دۆزراونەتەوە.

محمد پدرام (تمدن مهاباد، طهران: ١٩٩٤) پێی وایە کە ئیمپڕاتۆریماننا لە نزیک گوندی حەسەنلوو لە ڕۆئاوای دەریاچەی ورمێدا بووە، کە لە ٤٥ کیلۆمیتریی باکوری ڕۆئاوای شاری مەهابادە؛ (هاوکات لەگەڵ هەڵدانەوەی دوو چینی چوارەم و پێنجەمی گردی حەسەنلوو قاپە بەناوبانگەکە دۆزرایەوە) هەروەها بەم زووانە شوێنەواری قەلایچی لە نزیک بۆکان دۆزراوەتەوە کە دەردەخا ناوەندی ئەم ئیمپراتۆرە بووە. لە ٨٢٨ پ. ز دا ساڵمانەسر ئیمپراتۆری بەهێزی ئاشووری چەند جار بۆ سەر ئەم ناوچە ناسراوانەی ئەو کاتی دنیا لەشکرکێشی کردووە و فەرمانی هێرشی داوە بۆ سەر وڵاتی ماننا و ناوەندی ئەم وڵاتە قەلایچیی ئێستا.

پاشای میدیا و شاژنی میدیا

یەکەم شای "میدیا"

دەوڵەتی میدیا

٦٢٥ پ. ز - ٥٥٠ پ. ز

٦٢٥ پ.ز

دەوڵەتی میدیا

– مێدەکان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بە ناوی (میدیا) دادەمەزرێنن کە تا ساڵی (٥٥٠ پ.ز) بەردەوام دەبێ.

میدیاییەکان کە بۆ یەکەمین جار ناویان لە شێوەی ئامەدی لە ساڵی ٨٣٦ – ٨٣٨ پ.ز دا لەناو نووسراوی پاشای سەلمان زاری سێیەمی ئاشوورییەکاندا دەردەکەوێ، دەسەڵاتیان لە باشووری دەریاچەی ورمێ بەولاوە درێژ دەبووەوە تاکو ئەکباتان (هەمەدان) کە پایتەختیان بوو.

دیاکۆ، یەکەم پاشای میدییەکان، هاوپەیمانی ئیمپراتۆریەتی ئوورارتۆ، دژی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری وەستا؛ تا لە کۆتاییدا سیاکار دەوڵەتی میدیای لە ٦٥٠ پ. ز دا دامەزراند.

– لە هەمان سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی میدیادایە (٦٢٥ پ.ز) کە زەردەشت پێغەمبەر ئاینی زەردەشتی بڵاو دەکاتەوە؛ لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزی (ئاڤێستا)وە داوا لە گەلەکەی خۆی دەکا دەست لە ژیانی کۆچەری هەڵبگرن، بەرەو بنەگر بوون و کشتوکاڵ و ژیانی شارنشینی هەنگاو بنێن. ئەمەش دەبێتە هۆیەک بۆ پێشکەوتنی کولتوور و ژیانی ڕوحی و کشتوکاڵ و پیشەسازیی دەست و خانووبەرەسازی (ئارشیتێکتوور) لەناو کورددا.

میدیا لە نووسینە مێخییەکانی بێستوونیشدا دووپات کراوەتەوە و ئەوەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە کە میدیا سەرپەرشتیی ژیانی دینیی هۆزەکانی تریشی کردووە.

٦٢٣ پ.ز

میدیاییەکان لە شەڕێکدا ناتوانن نەینەوا داگیر بکەن

دەوڵەتی میدیا

٦٢٥ پ. ز - ٥٥٠ پ. ز

٦٢٥ پ.ز

دینی زەردەشت هاوزەمانی دەوڵەتی میدیا

– لە سەردەمی میدیاوە تا داگیرکرانی کوردستانیش لەلایەن ئیسلامەوە، گۆرانیی (هۆرە) بۆ ستایشکردنی ئاهورامەزدا لە مەڵبەندی هەورامان و کرماشان و ئێلام و لوڕستان گوتراوە. هاوزەمان (گاتا) زەردەشتییەکانیش باو بوونە کە لە سەردەمی دەرکەوتنی زەردەشت پێغەمبەرەوە دەرکەوتوون.

– گاتاکان (گاث یان گاز، واتە بانگ)، سروودی دینیی زەردەشتی بوون، پێشیان گوتراوە (یەسنا) کە ژمارەیان (٧٢) یەسنا (سروود) بووە و کێشی بڕگەیی (هیجایی)یان هەبووە؛ ئامێری مۆسیقاییان دەگەڵ بەکار دەهات و لەلایەن مووغ و سترانبێژەکانەوە لە کاتی شادی و پرسەکاندا یان لە بۆنەکانی تردا، هەروەها لەناو پەرستگاکانی خۆشیاندا بەدیار ئاگرەوە، بە ئاواز دەگوترانەوە. ئەهلی حەق ئەمڕۆ بەو یەسنا دە بڕگەییانەی خۆیان کە لە جەمخانەکاندا بە ئامێری تەمبوورەوە دەیڵێنەوە، دەڵێن (یارسان).

بەهەشت لە دینی زەردەشتدا، وەک بەهەشتی دینی ئیسلام نییە حۆری و جۆگەی هەنگوینی لێ بێ، بگرە تەنیا جێگەی ساز و ئاواز و گۆرانی و مۆسیقایە.

لە ئاڤێستادا داوا کراوە کە گاتا پێویستە بە ئاوازەوە بخوێندرێ ئەگینا نوێژەکانیان قبووڵ نابێ.

هێرۆدۆت (٤٨٦– ٤٢٠ پ.ز) لە بارەی قوربانی بردن بۆ خواوەندەکانی (ماد) دەڵێ: «مووغەکان خۆیان سەرپەرشتی ڕێوڕەسمەکانیان دەکرد و سروودی تایبەتیی خواوەندیان دەچڕی»؛ «مووغە زەردەشتییەکان لە کاتی نوێژدا ئاوازیان دەژەند و گۆرانییان دەگوت».

بۆ پەرستنی (ئاگر)، دەبووایە لەسەر چیای بەرز و لەناو پەرستگەکاندا (قوربانی)یان بۆ خواوەندی ئاگر ساز بکردایە، کە ئەم پەرستگایانەش دیسان هەر لەلایەن

ژیانی سیاسی

٦٢٠ پ. ز

مـیـدیاییـیـەکـان لەشـکری خـۆیان بەهـێـز دەکـەن و لە ٦١٥ (ئاراپخا – کەرکووکی ئەمڕۆ) دەگرن.

٦١٤ پ. ز.

هاوپەیمانیی میـدیایی و بابلیـیەکـان ، شـاری (ئاشـوور)ی نزیک هـەولێر دەگرن.

٦١٢ پ. ز

میدیاییـیەکان نەینەوا دەگرن.

٦٠٩ پ. ز

خـەڵکی مـیـدیا (حـەڕان) و (تووشـاپا)ش دەگـرن، ئنجـا هـەندێ مـەڵبـەندەکـانی ژێردەسـتی ئورارتۆش دەخـەنە ژێر دەستی خۆیان.

٥٨٠– ٥٢٩

کورووشی گەورە، برای سیرووسی هـەخـامـەنشی، وڵاتی ماد و پارس یەک دەخات.

ژیانی کولتووری

ڕێبەرانی ئاینی (مووغ)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، کە دواتر ئەم موغانە بوونە نوێنەرانی (ئاگرپەرست) و لە زمانی عەرەبی و عیبریدا (مەجوس)یان پێ گوترا.

جگە لە قـوربانیکردن بۆ خـواوەندانی سـروشـت، پەیکەر و بتیشیان بۆ دروست کـردوون. شێوەی ئەم بت و ئەفسانانەی پێوەندییان بەم خواوەندانەوە هەبووە، لە وێنەی ئەو پەیکەر و بەردەنووسـانەدا دەردەکـەون کـە لە (زێوێ)ی نزیک شـاری (سەقز)ی کوردستانی خۆرهەڵاتدا دیتراونەتەوە. لەم وێنە و پەیکەرانەدا فـەلسـەفەی خـواوەندی (ئاوەڵ دووانە– جمکانە) بەرجـەسـتـە کراوە: بەرجـەسـتـەکردنی (چاکە)، لە شـێوەی سـەگێکدا و (خراپە)یش لە شێوەی مارێکدا سـومبولبـەندی کراون و هـەردووکیـان لە وێنەی مـارێکی سـەگسـەردا پێکەوە لکێنراون.

بەشێک لە گەنجینە هونەرییەکانی (زێوە / زێوێ) و برێک لە برۆنزەکـانی لوڕسـتـان (لە کـوردسـتـانی ڕۆهەڵات) دروستکراوی دەستی میدییەکانن.

وێنـەی سـەر توحـفـەکـانی (زێوێ)، زۆربەیان برێتین لە ئاژەڵی ئەفسـانەیی. ئەمەش لێکچـوونێکمـان بۆ دەردەخـات لەگەڵ برۆنزەکانی لوڕستان. دیارە کە دوو تیرەی سـەر بە یەک نەتەوەی میدیایی دروستی کردوون.

ناودارترین هونەرە دیتـەنییـەکـانی لوڕسـتـان، برێتین لە (برۆنزەکان) کە ناوبانگێکی هونەری و مێژوویی فراوانیان هەیە. زۆربـەشـیـان هەڵگرتەنین، واتە مـرۆڤ دەتوانێ لەگـەڵ خۆیدا هـەڵیـان بگرێت، کە ئەمـەش لەگەڵ سـروشـتی ژیانی ڕەوەندی و پێداویستییەکانیان دەگونجێت هەروەها لەگەڵ قەوارەی گۆڕەکانیشیان.

بەشێکی ئەو برۆنزانەی لوڕستان دەگەڕێنەوە بۆ سـەدەی (٧ – ٨ پ. ز) کە کـاریگەریەتیی پێشکەوتنی پیشـەسازیی مـیـدیاییـیـەکـانی پێوە دیارە. ئەوانی تریش دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی ١١ – ١٢ پ. ز.

هێرۆدۆت، مـێژوونووسـی گریک، لە فەسـڵی ٩٨ی کـتـێبی یەکەمی مێژووەکەیدا، بەفراوانی باسی کەشخەیی میعمار و هونەری ڕەسمکردنی کۆشک و تەلارەکانی میدیاییـیەکانمان لە هەمەدان بۆ دەکات.

ژیانی سیاسی



برۆنزی لوڕستان
لە سەردەمی "میدیا"

ژیانی کولتووری

خواوەندی "عەشتار" لە هەولێر
لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا

ژیانی سیاسی

هەخامەنشییەکان

٥٥٠ پ. ز - ٣٣١ پ. ز

٥٥٠ پ. ز

هەخامەنشییەکان Achemenides واتە ئەخمینییەکان لە باشووری ئێرانی ئەمڕۆدا کە دەسەڵاتیان فراوانتر دەبێ، دەوڵەتی میدیا دەخەنە ژێر رکێفی خۆیان و ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی دادەمەزرێنن؛ بەڵام هەمان دینی میدیاییەکان (زەردەشتی) باو دەمێنێتەوە. بەم شێوەیە دەوڵەتی میدیا کۆتایی پێ دێت، بەڵام زمان و کولتوور و دینەکەی (زەردەشتی) دەمێنێتەوە.

– دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی (ئەخمینی) لە ساڵی (٥٥٠ پ. ز)دا ئیمپراتۆریەتی میدیای شکاند و خۆی دامەزراند،

– داریووش پاشای یەکەم لە ساڵی ٥٢٢(پ. ز)دا جڵەوی حوکمی گرتە دەست.

– دوای ئەمە ئیتر ژمارەیەک ڕاپەڕین و شۆڕش لەلایەن میدیایی و ئوورارتوویی و بابلی و عیلامییەکانەوە دژی داریووش سەری هەڵدا. بەڵام داریووش توانی هەموویان سەرکوت بکا؛ ئنجا هات ئەم سەرکەوتنە مێژووییەی خۆی لەسەر کەلەکی شاخی بێستوون لە نزیک کرماشان تۆمار کرد: لەسەر دیوارێکی ٦ مەتر درێژی و ٣ مەتر بڵندی. (١٣) زەلام لە نەخشەکەدا دیارن، (١٢) وەستاون، یەکێکیش لەسەر پشت، لەژێر قاچی داریووش دەپارێتەوە. هەموو ئەو زەلامانەی کە بەرامبەر داریووش وەستاون: ٩ کەسن، سەرۆکی ئەو گرووپانەن کە شۆڕشیان دژی داریووش هەڵگیرساندبوو، ئێستاش وەک لە تابلۆکەدا دەبینین: دەستبەستراو، بەدیل گیراون. لە سەرەوەی هەمووشیاندا (ئاهورامەزدا) دیارە.

– سیرووسی دووەم، پاشای ئەخمینییەکان (٥٥٩ - ٥٣٠ پ. ز) لە (٥٤٩ پ. ز) ئەکباتان (هەمەدانی ئەمڕۆ)ی ئیمپراتۆریەتی بابل دەگرێت و کۆتایی بە دەسەڵاتی بابلییەکان و میدیا دێنێ.

ژیانی کولتووری

هەخامەنشییەکان

٥٥٠ پ. ز - ٣٣١ پ. ز

٥٥٠ پ. ز

زمانی پارسیی کۆن (هەخامەنشی، واتە ئەخمینی) زۆر سوودی لە زمانی ماد «وەک زمانێکی ئاینیی پیرۆز» وەرگرتووە. ئەخمینییەکان تەنانەت نووسینی بزماریشیان لە میدیاکانەوە وەرگرتبوو،

جگە لە زا راوە دینی و سیاسییەکانی میدیاییەکان، بەهەمان شێوە دینی مەزداییش، کە دیانەتی میدییەکان بوو، ئەخمینییەکان لێیان وەرگرتبوون.

مێژوونووسە یۆنانییەکان (هێرۆدۆت و گەزنەفۆن) باسی دەکەن پارث و هەخامەنشی و ساسانییەکان هەمان دەستووری پۆشاک و شێوازی لەبەرکردنی جلوبەرگی میدییەکانیان بەکار هێناوە.

لە پێنج ستوونەکانی سەر تابلۆکەی (کەلەکی شاخی بێستوون لە کرماشان) داریووش پاشای هەخامەنشی (ئەخمینی) دەڵێ کە «ئاهورامەزدا پاشایەتی داوە بە ئەو»، «بۆیە ئەگەر دژایەتیم بکەن ئاوها دیلتان دەکەم و ئاهورامەزداش نەفرەتتان لێ دەکات». داخوازیش لەو کەسانە دەکات کە دوای خۆی دێن ئەم نووسینانە دەخوێننەوە و ئەم نیگارانە تەماشا دەکەن، خراپیان نەکەن، ئەگینا ئاهورامەزدا بەرەکەت لە ژیانیان دەبڕێت.

کەواتە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردستاندا نیگار و نووسین سیفەتێکی پیرۆزی پێ دراوە. ئەم پیرۆزییەش راستەوخۆ بە خواوەندەوە بەندە: ئەهورامەزدا نیگار و نووسینی خۆش دەوێ، بەهەمان شێوەش پاشا. نیگار و نووسین (هونەر) لای هەخامەنشییەکان دەگاتە ئاستی دین.

گرێدانی هونەر بە بەخت و چارەنووسی ئادەمیزادەوە!

کەواتە، لێرەوەیە کە بایەخی پەیام و رۆڵی هونەر، هەروەها بە کۆمەڵایەتی کردنی هونەر دەست پێ دەکات. جاران، ڕاستە، هونەر هەبووە، بەڵام لای هەخامەنشییەکان، ڕۆشنبیری لەبارەی هونەر و مەعریفەی هونەر و فەلسەفەی هونەریش سەرهەڵدەدات.

ژیانی سیاسی

٤٢٠ پ. ز

مێژوونووسی یۆنانی، هێرۆدۆت Herodote باسی میدیا، درەنگتریش سترابۆن Strabon و بۆلیبیۆس و تیتیۆس لیفیۆس باسی هەندێ لەو گرووپە ئەتنیکییانە دەکەن کە درەنگتر توخمەکانی نەتەوەیی کورد پێک دەهێنن: Cirtei و Cirti و Kyrtioi و گوردوێن کە پێشتر بە کاردۆخ ناسرابوو.

٤٠٠- ٤٠١ پ. ز

تێپەڕبوونی فەیلەسووف و سەرۆک لەشکر و ڕێبەری یۆنانستانی کۆن، ئێگزەنەفۆن Exenophon لەگەڵ دە هەزار سوارە یۆنانییەکە بە کوردستاندا. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا لە سەفەرنامەکەی خۆیدا (ئاناباز Anabase)دا ناوی کورد بە Kardouque لەناو دۆکیوومەنتی گریکەکاندا تۆمار دەکرێ. برێتییە لە گێڕانەوەی ئەو کارەساتە ناهەموارانەی کە خۆی و لەشکرەکەی لە کوردستاندا بەسەریان دێت و ئەو شەڕوشۆڕانەی لە وڵاتی کوردەکاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

ئێگزەنەفۆن دەڵێ: (کاردۆخ بەم شێوەیەی خوارەوە بەلەنگازی دوژمن دەبنەوە: زۆر لە ناکاو دێن و خۆیان دەخەنە ناو هێزەکانی دوژمنەوە، لە هەمان کاتدا لە پێشەوەشڕا ڕێگەیان لێ دەگرن، ئەمە پێش ئەوەی هێشتا دوژمن لە بڵندایییەکانیشەوە دەسەڵاتیان بەسەردا گیرابێ). ئەم تەکنیکەی شەڕکردنی کاردۆخەکان تەکنیکێکی بەرگریکارانەیە لە خاکی خۆیان نەک پەلاماردەرانە.

یۆنانییەکانی زەمانی دێرین، واتە گرێکەکان Grecs، یەکەم کەسن هاتوونەتە کوردستان و بۆ یەکەم جار کتێبیان لەبارەی کورد و وڵاتی کوردەوە نووسیوە.

ژیانی کولتووری

٤٠٠- ٤٠١ پ. ز

ئێگزەنەفۆن Exenophon کە دەگاتە ناو کاردۆخەکان Cardouques ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە چەکدارە یۆنانییەکان لە ڕێگەی وەرگێڕێکەوە قسەیان لەگەڵ کاردۆخەکان کردووە، دەڵێ: (ئێگزەنەفۆن زمانناسێکی لەگەڵ خۆی برد بۆ لایان، بۆ ئەوەی شەڕەکە رابگرێت و ئاشتی بەرقەرار ببێت..)

ئەم گەواهیدانەی ئێگزەنەفۆن چەند گریمانەیەکمان بۆ روون دەکاتەوە: کاردۆخەکان هەر لەو سەردەمەوە زمانێکی تایبەتی خۆیان هەبووە. زمانی کاردۆخییەکان زمانێکی تا ئەو رادەیە سەربەخۆ و بڵاو بووە کە لای بێگانە قسەی پێ بکرێ.

ئێگزەنەفۆن دەڵێ: (خانووچکەی کاردۆخەکان: ڕازاوە، پڕ بوون لە هەموو جۆرە قاپ و قاچاغێکی لە برۆنز دروستکراو). بەمە دەردەکەوێ کە کاردۆخەکان هەر لەو سەردەمەوە زانیویانە سوود لە میتاڵەکان وەربگرن.

ئێگزەنەفۆن دەڵێ: (کاردۆخەکان، بەسەر شاخەکانەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ هەر خەریکی ئاگرکردنەوە بوون). دیاردەی ئاگرکردنەوەی کاردۆخەکان پێوەندی بە ئاگرکردنەوەی نەورۆزی ئەمڕۆی کوردەوە هەیە و نیشانەی هاوڕەگەزیی کورد و کاردۆخەکانە.

ئێگزەنەفۆن دەڵێ: (پیاوە کاردۆخییەکە، کچێکی، شووی بە پیاوێکی خەڵکی ئەو ناوە کردووە). بەمە دەردەکەوێ کە ژنخوازی لای کاردۆخەکاندا تەنیا لەنێو یەک عەشیرەتدا نەبووە، بگرە سنوورێکی فراوانی هەبووە. ئەمەش پێشکەوتوویی کاردۆخەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ئێگزەنەفۆن دەڵێ: (خانووی کاردۆخەکان پڕ بوون لە خواردەمەنی و بژێوی جۆراوجۆر، جۆرە شەرابێکی خۆشی ئەوتۆ لەناو ئەو خانووانەدا هەبوو کە یۆنانییەکان بۆ پاراستن خستیانە ناو چاڵە شەرابی چیمەنتۆیییەوە).

ئەم چاڵە چیمەنتۆ دروستکردنە لەلای کاردۆخەکانیشدا هەر هەبووە: نیشانەی هەبوونی

کورد لە پێش ئیسلامدا

پێش ئیسلام، کورد کە بەشێکی نەتەوەی ئێرانی پێک دەهێنا، بە خەتی سانسکریتی و پەهلەوی دەینووسی. گاتاکانی زەردەشتیش بە زمانی میدیاییەکان هەر وا نووسراوە.

محەمەد تقی بهار لە سبکشناسی، ل ١٦ و ٣٨دا دەڵێ: کۆنترین بەڵگە لە زمان و خەتی پەهلەوییەوە مابێتەوە دوو قەواڵەی موڵکە لە مەڵبەندی وڵاتی کوردەواریدا. بە زمانی پەهلەوی لەسەر پێستی ئاسک نووسراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٢٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح. هەروەها لە هەمان جێگەدا دوو قەواڵەی تر دۆزراونەتەوە بە خەتی یۆنانی، کە ١٥٠ ساڵ پ. ز نووسراوە».

کولتووری کورد لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا بریتییە لە بەشێک کولتووری پەهلەوی و ئەشکانی و ساسانی و پاشانیش کولتووری ماد واتە میدیا (٥٥٠ پ. ز) و هەخامەنشی.

بەڵگەی نووسراوی کورد و ئەم ئیمپراتۆریەتە ناوبراوانە، هەموویان، لە دوای هێرشی ئەسکەندەری مەکەدۆنی کۆتاییان پێ هات.



برۆنزەکانی لوڕستان
لە سەردەمی "میدیا"

ژیانێکی شارستانی کاردۆخەکان بووە.

ئێگزەنەفۆن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پرسە بەستن بۆ شەهید و مردووان لای کاردۆخەکاندا نەریتێکی پیرۆز بووە، دەڵێ: (کاردۆخەکان تەرمی کوژراوەکانیان بەیەکتر سپاردەوە و قسەیان لەبارەی چۆنیەتی ڕێگەبڕینی داهاتوویان کرد، هەروەها درووديان بۆ گیانی مردووەکان خوێند. چۆن کە لە ژیاندا ڕێز لە مرۆڤی هێژا و نرخمەند دەگیرێت ئاوها یادی ئەو مردووانەیان کردەوە).

ئێگزەنەفۆن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کاردۆخەکان مۆسیقا و گۆرانیی تایبەتی خۆیان هەبووە و بە مەبەستی وره بەرزکردنەوەی خۆیان بەکاریان هێناوە لە کاتی شەڕدا، دەڵێ: (کاردۆخەکان کاتێ دیتیان پاشەنگ لە لەشکرەکە دابڕاوە و ژمارەی چەکدارەکانیش یەکجار کەمە، یەکسەر کەوتنە چرینی جۆرە گۆرانییەک).



چیای نمروود
"ئاسەواری یۆنانییەکان"



ئەگەر تۆ ئەم نووسین و نەخش و نیگارانەی ئێرە خەراپ نەکەیت و بیانپارێزیت، ئاهورامەزدا لە پشتت دەوەستێت و خێر و بەرەکەت دەخاتە ژیانتەوە...

داریووش پاشا

کەلەکی شاخی بێستوون

ستوونی چوارەم

٣٣١ پ. ز- ٢٢٦ ز

فەرمانڕەوایەتیی یۆنانییەکان لە کوردستاندا

بۆ ماوەی نزیکەی ٥٥٧ ساڵ

ئەسکەندەری مەکدۆنی Alecxandre (٣٥٦ ـ ٣٢٣ پ. ز) لە رۆئاواوە دێت مێزۆپۆتامیا و ئێرانی ئەمرۆ داگیر دەکات: لە شەڕی Arbeles (لە گۆگامێل، نزیک شاری هەولێری ئەمرۆ) لەشکری داریۆش پاشای هەخامەنشییەکان تێک دەشکێنێ، کوردستان دەکەوێتە ژێر دەستی یۆنانییەکان.

کوردستان، بەم شێوەیە، تا ساڵی (٢٢٦ م.) لەژێر کاریگەریەتیی زمان و کولتوور و سیاسەتی یۆنانییەکاندا دەمێنێتەوە؛ واتە نەتەوەی کورد بۆ ماوەی نزیکەی (٥٥٧) ساڵ لەژێر کاریگەریەتیی کولتوور و زمان و دەسەڵاتی یۆنانییەکاندا دەژیت.

ئەسکەندەری گەورە وای کرد سەرنجی هەموو دنیا بۆ کوردستان رابکێشێ و ناوی «هەولێر» لە ئەنجامی شەڕی ئەربێلا Arbella بکەوێتە ناو تابلۆکانیان و بەڵگەنامەی هونەری و مێژووییەکانی ئەوروپاوە: بناخەیەکی پتەوی بۆ ناساندنی رۆهەڵات و کوردستان دامەزراند.

ئەم شەڕە یەکەم سەرکەوتنی ئەوروپایە بەسەر رۆهەڵاتدا، گرنگترین و دیارترین یەکانگیربوونەوەی رۆئاوا و رۆهەڵاتە لە مێژوودا.

٣١٢-٢٤٧ پ. ز

بنەماڵەی سێلوجییەکان Seleucides کە بنەماڵەیەکی گریک (یۆنانی کۆن) بوون دەبنە فەرمانڕەوای مێزۆپۆتامیا و ئێرانی ئەمرۆ. لە کۆتاییدا، شەڕ دەکەوێتە نێوان فەرمانڕەوا و سێلوجیە- یۆنانییەکان لەسەر دەسەڵات.

٥٣- ٢٠ پ. ز

کوردستان هەر لەژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکاندایە: شەڕ و شەڕوشۆڕی بەردەوام لە نێوان یۆنانییەکان و دەوڵەتی پارث Parthe .

٣٣١ پ. ز- ٢٢٦ ز

فەرمانڕەوایەتیی یۆنانییەکان لە کوردستاندا

بۆ ماوەی نزیکەی ٥٥٧ ساڵ

لە ٣٣١ پ. ز. بەملاوە، واتە لەو کاتەوەی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە شەڕی ئەربێلا لە هەولێر داریووش پاشای هەخامەنشی (ئەخمینی) دەشکێنێ، کوردستان لەژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکاندا لە کولتووری یۆنانی ئاو دەخواتەوە. زمان و کولتوور و تەنانەت فیزیک و هونەریشمان دەکەونە بەر زەبری زمان و دین و فیزیک و کولتووری یۆنانییەوە. یۆنانییەکان بەشێک لە پەرستگا زەردەشتییەکان تێک دەشکێنن، کولتووری خۆیان دەسەپێننە سەر کوردستان.

– ئەسکەندەر نووسینی خستە سەر خەت و زمانی یۆنانی. هەندێک نووسراوی کەم نەبێ ماونەتەوە: وەک نەخشی سەر دیوارەکانی بێستوون و پەیکۆڵی...

یەکێک لە سەرنجراکێشترین شوێنەوار کڵێسای شاری (ئورفە)یە کە (ئیدیسا) عەرەبەکانیش پێی دەڵێن (رەها). مێژووی ئەو کڵێسایە کە بە مۆزاییک و بەردی وێنە لەسەر کێشراو، دروست کراوە، دەبنەوە سەر (٢٠٠) ساڵ پ. ز. و دەڵێن کە مزگەوتی الاقصی لە بیت المقدس لەسەر شێوازی ئەوێ دروست کراوە. حمدالله المستوفي ل ١٦٦ و یاقوت الحموي ٢، ل ٢٣١ باسی دەکەن.



داریووش پاشا

۸۸ و ۲۲ و ۱۲ پ. ز

پێکهاتنی
توخمەکانی زمانی کوردیی ئەمڕۆ

نووسینی سێ بەڵگەنامە لەبارەی کڕین و فرۆشتن لە هەورامان بە زمانێک کە زۆر نزیکە لە زمانی ئەمڕۆی کوردی. ئەمە مانای وایە کە لەو سەردەمەوە خەریکە توخمەکانی پێکهاتنی زمانی ئەمڕۆ سەرهەڵدەدەن:

– بەڵگەنامەی یەکەمی هەورامان بە ئەلفابێی ئارامییە کە لە پەهلەوییەوە وەرگیرابوو و تەنانەت دوای مەسیحیش بەکار دەهات، (۳۰) وشەی کوردیی ئەمڕۆی تێدایە لە ساڵی (۱۱ – ۱۲ پ. ز) نووسراوە.

– بەڵگەنامەی دووەمی هەورامان بە ئەلفابێی یۆنانی بووە، لە ساڵی (۸۸ پ. م) نووسراوە.

بەڵگەنامەی سێیەمیش هەر بە ئەلفابێی یۆنانییە، لە ساڵی (۲۲ پ. ز) نووسراوە.

هەرسێکیان بە زمانێک نووسراون کە پرۆفیسۆری ئینگلیز، مینس، کە پسپۆڕی ئەو بەستێنەیە، دەڵێ: ئەم زمانە، لەم پارچە نووسراوانەدا زمانی کوردیی کۆنە». هەرسێکیشیان لەژێر کاریگەریەتیی زمانی ئارامی و یۆنانیدان.

د. جەمال ڕەشید: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری

لەدایکبوونی مەسیح
و
چاخی مەسیحییەت



ئەسکەندەر لە شەڕی "ئەربێللا" داریووش پاشا بریندار دەکا
(تابلۆیەکی سیرامیکی یۆنانیی کۆن)

شەڕی ئەربێللا، تابلۆی بەهزاد

لەدایکبوونی مەسیح

و

چاخی مەسیحییەت

- سەرتاپای کوردستان هەر لەژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکاندایە.

١- ٢٢٥ زاینی

- سەرتاپای کوردستان هەر لەژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکاندایە.

- لەو سەردەمەدا کە سەرتاپای کوردستان لەژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکاندایە، بەشێکی کوردستان جوولەکە بووە، بەشەکەی تر زەردەشتی بووە، بەشێکی تریش باوەڕی بە مەسیح هێناوە.

نزیکەی پێنج سەد ساڵێک، کوردستان لەژێر دەسەڵات و کاریگەریەتی کولتووری یۆنانییەکاندا بوو. پەیکەر و شوێنەوارەکانی ئەو کاریگەرییە چیای نەمروود جوانترین یادگارییەکانی ئەم تەئسیرەیە بەسەر هونەری پەیکەرتاشی لە کوردستاندا.

ئاشتەواییی یۆنانی و کورد
چیای "نمروود"

لەدایکبوونی مەسیح

و

چاخی مەسیحییەت

تەورات و ئینجیل ناوی کورد و کوردستانیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەهێناوە و هیچیان لەبارەی ڕەگەزمان نەدرکاندووە، بگرە تەنیا ناوی هەندێ لە میرنشین و شار و شاخ و شا و رووبار و مەڵبەندەکانی کوردستانیان هێناوە (وەکو ئارارات، جوودی، نووح، میدیا...) چەند چیرۆکێکیان لەم بارەوە بۆ گێڕاوینەتەوە.

تەمووزی ١٥٤ زاینی

بن دەیسان (ابن دیصان) لە دایک و باوکێکی کورد، لە شاری (ڕەها/ ئورفە)ی کوردستانی تورکیا لەدایک بووە، یەکەم جار زەردەشتی پاشان بووەتە مەسیحی، ئنجا ویستوویەتی هەردوو دین لەیەکتر گرێ بدا.. مێژوونووس، ئەستێرەناس، نووسەرێکی ئیشراقی و بیرمەندێک بووە؛ هاتووە بە زمانی سریانی -چونکە ئەو کاتە نووسین و زمانی زانست لە کوردستان و لە ناوچەکەدا بە زمانی سریانی و یۆنانی بووە - مێژووی پێنجسەد ساڵی ڕابردووی شارەکەی خۆی (واتە مێژووی پێنجسەد ساڵی پێش ١٥٤ی زاینیی) نووسیوەتەوە. کتێبەکانی، لە سریانییەوە کراونەتە ئینگلیزی و فەڕەنسی. شەهرەستانی (کە لە ١١٥٣ مردووە) باسی کردووە.

علینقی منزوی لە وتارێکیدا کە (زەبیحی) لە سەرەتای پاییزی ١٩٧٣ لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا تەرجەمە و بڵاوی کردووەتەوە، لەبارەی بیری (بن دەیسان)ەوە دەڵێ:

«یەکتاناسیی ئیشراقیی سۆفییەکانی کوردستانی پاش ئیسلام، هەمان تیۆرییەکانی (بن دەیسان)ە و کامڵتر.

- لە سەرهەڵدانی مەسیحییەتەوە زۆربەی نووسین لە کوردستاندا بە ئەلفابێی سریانی و بە زمانی سریانی بووە.

٢٢٦ - ٦٥١ ز.

دەسەڵاتی ساسانییەکان

ساسانییەکان، کە بنەماڵەیەکی فارس بوون، لەژێر فەرمانڕەوای (ئەردەشێر) دا دەسەڵات بەسەر ئێران و سەرتاپای کوردستاندا دەگرن، وێڕای دیانەتی مانێ Mane چوار سەدە لە کوردستاندا بەردەوام دەبن. یۆنانییەکان دەسەڵاتیان لە کوردستاندا کۆتایی پێ دێ.

٢٤١ ز.

ساسانییەکان لە کوردستاندا دەسەڵاتدارن: لە سەردەمی شا شاپووری یەکەمی ساسانی ٢٤١ ــ ٢٧٢، ئەسقەفێک بە ناوی شەحلۆفا، ئەسقەفی هەولێر بووە، هەوڵی داوە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مەسیحییەکانی هەولێر و مەڵبەندی حەدیاب. لە سەردەمی بارامی سێیەمدا (٢٧٦ ــ ٢٩٣) کاهینێکی بۆیان داناوە.

٣١٠ ز.

شاپووری دووەم پاشای ساسانی باوەش بۆ مەسیحییەت دەکاتەوە لە وڵاتدا.

– لەگەڵ پەیدابوونی مەسیحییەت، لە سەردەمی ساسانیدا، بەرهەڵستکارییەک لەلایەن مووگەکانی زەردەشتی دژی کڵێسا بەرپا دەبێ. هەزاران کورد لە کەرکووک شەهید کران، چونکە دەستیان لە زەردەشتی هەڵگرتبوو کە ئاینی باپیرانیان بوو.

٣٤٤ ز.

کوژرانی مار یۆحەننا کە سەرۆکی قەشەکانی هەولێر بوو بە دەستی پیاوێکی زەردەشتی بە ناوی (پیرۆز تەمشاپوور). ئەمە مانای وایە دینی زەردەشتی لە کوردستاندا تا ئەو کاتە بەردەوام هەبووە و ناکۆکیی لەگەڵ مەسیحییەتدا هەبووە.

٣٦٤ ز.

ناسک و راهیبە مەسیحییەکانی رۆئاوا لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی زاینەوە (٣٦٤ ــ ٣٧٨) هاتوونەتە

٢٢٦ - ٦٥١ ز.

دەسەڵاتی ساسانییەکان

ساسانییەکان لە ساڵی ٢٢٦ی زاینیدا حوکم دەگرنە دەست و یۆنانییەکان دەردەکەن؛ فەرمانڕەوایەتیی کوردستان و بەشێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرنە دەست؛ دینی خەڵک لەو سەردەمەی ساسانییەکاندا زەردەشتی و مەسیحی و مانایی و جوولەکە بوو.

– نیگارکێشی ئێرانی، مانی (٢١٥-٢٧٤) کە لە سەردەمی ساسانییەکان ژیاوە، بە یەکێک لە یەکەمین نیگارکێشە میناتۆریستە ناودارەکانی رۆژهەڵات دەژمێردرێ. دینی (مانی)یشی بڵاو کردووەتەوە لە کوردستاندا.

هونەری سەردەمی ساسانییەکان بەوە دەناسرێتەوە کە بۆ یەکەمین جار لە کوردستاندا نیگارکێش لەسەر کەرەستەی تری غەیری دار و بەرد و دیوار ڕەسم دەکات، واتە هەوڵ دەدات تابلۆی سەربەخۆ ڕەسم بکا. لەم بارەوە حوسێن حوزنی موکریانی دەڵێ: «لە عەسری پێش ئیسلامدا کوردەکان خانوویەکی تاریکیان دروست دەکرد و کونێکی چکۆڵەیان تێدا دەهێشتەوە، پیاوێکی عەکسیان وەرگرتبایە، لەبەر ئەو کونەیان دوور ڕادەگرت. رەسسام لە رۆژی ئەو خانووەدا ڕەسمی دەخستە سەر چتێکی مەطلوب و بە قەڵەم خەریکی دەبوو».

مێژوونووسە موسڵمانەکانی (سەدەی ٩ – ١٢ز.) باسی ئەوە دەکەن کە هونەرمەندەکان دەسنووسەکانیان بە نەخش و نیگار دەڕازاندەوە و لە پەرستگا زەردەشتییەکاندا دەیانشاردنەوە.

قۆناغی پێش بڵاوبوونەوەی ئیسلام (لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکانی میدیا و ساسانی و ئاشوورییەکاندا، قۆناغێکی پڕشنگداری هونەر دەنوێنێ لە شارستانیەتی کوردستاندا: پەیکەر و نەخش و نیگارەکانی لوڕستان، نەمروود، دیاربەکر، هەمەدان، مەهاباد، تاقی بێستوون، خڕی گەڵاڵی، کێڵەکانی قەندیل، قەڵای دیاربەکر و هەولێر.. یادگاری پێش بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلامن.

ژیانی سیاسی

مەڵبەندی میزۆپۆتامیا، بەتایبەتیش لە کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە: لە ناوچەکانی باشووری مووسڵ و دهۆک و هەولێر و هەکاری و دیاربەکر و نوسەیبین.

لە سەردەمی ساسانییەکان سکە و دراوی جۆراوجۆر لە کوردستان بەکار هاتووە، ئەمەش چونکە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بەشی ڕۆئاوای کوردستان لەدەست ڕۆمییەکان (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بووە.

سەعید نەفیسی لە (مێژووی شارستانیەتی ئێرانی)، ل ٦٥٦، دەڵێ کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا پارەی ئێرانی بە برەوترین و باوەڕپێکراوترین پارە بووە،



هونەری کوردستان
لە سەردەمی "ساسانییەکان"دا

ژیانی کولتووری

زۆربەی مێژوونووسەکان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا، بۆ یەکەمین جار تابلۆ (نیگاری سەربەخۆ) بەتایبەتی مینیاتۆری ناو دەستنووس و کتێبان، سەر هەڵدەدات.

د. جەمال نەبەز ئاماژەی ئەوە دەکا کە پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، بەشێک لە نووسینە کوردییەکان بە خەتی سریانی بوونە، بەشێکی کەمتریش بە خەتی ئەرمەنی بوونە.

٢٧٤

لە سەردەمی ساسانییەکان (٢٧٤ز) ناوی میرێکی یەزیدی هاتووە. میشێل شوڤالیێ دەڵێ کە لە سەدەی ١٣ یەزیدی ئاینی زۆربەی کوردەکان بووە.

لە بەندی (٢٥)ی (مەسحەفا ڕەش) هاتووە: «پێش هاتنی عیسا، ئاینی ئێمە ناوی بتپەرستی بوو، جوولەکە و مەسیحی و موسڵمان هەموو کات دوژمنی ئێمە بوون».

– تۆما بوا، کوردناسی فەڕەنسی، دەڵێ: لە سەردەمی ساسانییەکاندا کورد موزیکی یەکجار بەرزیان هەبووە، تەنانەت کاری کردۆتە سەر دراوسێکانیشی. لە چەنگ ژەنیندا ناودار بوون، زۆر ئاوازیان هەبووە.

٣١٦

مەسیحییەت یەکەم جار لە ناوچەی حەدیاب (هەولێری ئەمڕۆ) بڵاو بووەتەوە. هەولێر تا ساڵی ٣١٦ ز. سێزدە ئەسقەفی هەبووە؛ یەکێک بووە لەو شەش بنکە گرینگەی مەسیحییەتی لێوە بڵاو کراوەتەوە.

٤٠٠

ئەتڵەس و پەردە و چنراو و فەرشەکانی کوردستانی ئێرانی ئەو کات لە ناوەخۆ و دەرەوەی وڵات خوازیاری زۆری هەبوو لە سەدەکانی چوار و پێنجی زایندا.

فەرش و بەڕە و هەموو جۆرە کردێکی خوری وەک جاجم و پەردەی جۆراوجۆر تایبەتی کوردستان بوون و ئەو ناوچانە پیشەسازیی گرینگی سەردەمی ساسانییەکان بووە. – مروج الذهب. ب ١. ل ٢٥٤.

برۆنزەکانی لوڕستان
لە سەردەمی "میدیا"

٥٥٠

کوردستان هەر لەژێر دەسەڵاتی ساسانییەکاندایە (کاتی فەرمانڕەوایەتیی خوسرەوی یەکەم نەوشیروان).

٥٧٠

لەدایکبوونی محەمەد(د.خ)، پێغەمبەری موسڵمانان.

ساڵانی ٥٩٠

لایشوعیاب حەدیابی لە کۆتاییی سەدەی شەشەم لەدایکبووە، لە هەولێر ژیاوە. لە نوسەیبین خوێندوویەتی. ڕێبەرێکی دینی مەسیحی بووە لە هەولێری کۆتاییی سەدەی شەشەمدا.

م. ت. کاولی لە (مێژووی دیاربەکر) کە لە ١٩٥٦ چاپ کراوە بەتورکی، دەڵێ کە لە ئامەد لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا، ٢٧ کارگەی چنین و ٣١ کارگەی دروستکردنی فەرش هەبووە. – ل ٣٨

٤٨٠

درەوشانەوەی ناوی دوو پەیکەرتاشی ئەو سەردەمە: (شاپوور) و (فەرهاد)، نەخشەکانی تاقوەسان بەقەد پاڵی شاخی بێستوونەوە لە کرماشان، یادگاری زەمانی ساسانییەکانن.

نەخش و نیگار و پەیکەرە هەڵکۆڵدراوەکانی سەر شاخی بێستوون کاریگەریەتی هونەری گریک – بێزەنتی و ڕۆمانیان بەسەرەوە دیارە. جگە لە ئاسەوارەکانی قەسری شیرین و بەختیاری و تاقی کیسرا هەروەها پەیکوڵی (لە سلێمانی)، کە لە سەردەمی خوسرەوی دووەمدا دروست کراون، کۆمەڵە یادگارێکی دیاری تری سەردەمی ساسانییەکانن. (تاقی کیسرای دروستکراوی خوسرەوی دووەم لە ساڵی ٦٣٧ بەولاوە لەلایەن دەسەڵاتی ئیسلامەوە کرایە مزگەوت).

ساسانییەکان ئەگەرچی بەردیشیان بۆ داتاشین و پەیکەرتاشی و ڕەسم بەکار دەهێنا، بەڵام زیاتر بایەخیان دەدایە بەکارهێنانی گەچ، کە دواتر ئەمەوی و عەبباسییەکان سوودیان لەم شێواز و تەکنیکەیان وەرگرت بۆ بنیاتنانی کۆشک و مزگەوتەکانیان.

– مازیار گۆرانیبێژ و گاڵتەجارێکی خەڵکی هەولێر بووە لە سەردەمی خوسرەو پەروێزی پاشای ساسانییەکان.

٥٥٠

لە سەردەمی ساسانییەکاندا کتێبی (کرۆنۆژیای ئەربێللا) بە پێنووسی (مشیحا زیخا)ی قەشەی هەولێری، بە زمانی سریانی Syryaque دەنووسرێ؛ باسی ئەوە دەکا کە بەشێکی کوردستان و زۆربەی ناوچەکانی هەولێر، جگە لە زەردەشتی و جوولەکە، مەسیحی بوونە. ئەم کتێبە قۆناخەکانی بڵاوبوونەوەی دینی مەسیحییەتمان بۆ ڕووناک

صافی دەڵێ:

کەسێ بەم عەصرە نەیدیوە بەشەر وەک تۆ بە شیرینی
تەحەیوور ما لە تەصویرت ئەگەر نەققاش ئەگەر مانی

دەکاتەوە لە کوردستاندا. ئاخۆ ئەم کتێبە سریانییە دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کە لە ساڵی (٥٥٠ م) نووسین لە کوردستان یان بەلای کەمەوە لە هەولێر، بە زمانی سریانی یان بە ئەلفا بێی سریانی بووە؟

نەتەوەی کورد لە سەدەکانی پێش بە ئیسلامبوونی خۆیدا، واتە پێش ساڵانی (٦٢٤- ٦٣٤ ز)، بە ئەلفابێی سانسکریتی و پەهلەوی و سریانی و ئەرمەنی و هیی تر دەینووسی.



نەخشەی دەسەڵاتی میدیا



شەڕی ئەربێللا
هونەرمەندێکی ئەڵمانی لە ساڵانی ١٥٠٠
لە مۆزەخانەی میوونخ پارێزراوە.

داگیرکرانی کوردستان
لەلایەن ئیسلامەوە
٦٣٤



داگیرکرانی کوردستان

لەلایەن ئیسلامەوە

٦٣٤

٦٣٤- ٦٤٤

سەرەتای هێرشی موسڵمانە عەرەبەکان بۆ بڵاوکردنەوەی دینی ئیسلامی لە کوردستاندا:

عومەری کوڕی خەتاب لە سەردەمی خەلافەتی خۆیدا (٦٣٤- ٦٤٤) دەست دەکاتە فتووحات لە کوردستاندا. بە ئیسلامکردنی کورد، بەم شێوەی خوارەوە دەست پێ دەکات:

- هێزی یەکەم بە سەرکردایەتیی سوهەیای کوڕی عودەی، بەرەو ناوچەی ئورفە.

- هێزی دووەم بە سەرکردایەتیی (عبدالله ابن عتبان) بەرەو ناوچەی نوسەیبین.

- هێزی سێیەم بە سەرکردایەتیی عوقەبەی کوڕی وەلید، بەرەو ناوچەی جەزیرە و بۆتان.

هەرسێ هێزیش بە سەرکردایەتیی عەیازی کوڕی غەنمی بوو کە لە سەرەتادا بۆ ماوەی مانگێک بەرەنگاری و بەردبارانی لەشکری ئیسلامیان کرد و پاشان دوای کوشتارێکی زۆر خۆیان بەدەستەوە دا.

٦٣٦ ز.

(سەعد ابن وقاص) بە فەرمانی (عمر ابن خطاب) لە شەڕی (القادسیة) دەوڵەتی ساسانییەکانی تێک شکاند. ئنجا لە ٦٣٧ شاری جەلەولای (دوای ٨ ڕۆژ بەرگری و شەڕی خوێناوی) داگیر کرد.. پاشان لەشکری ئیسلام گەیشتنە شاری مەندەلی و داقووق: ئەوانیشیان بە شەڕ کردە ئیسلام.

٦٣٧

سوپای ئیسلام بە سەرکردایەتیی (عبدالله ابن معتوم) مووسڵیشی داگیر کرد. (ابن الاثیر) (الکامل ٢/ل٥٢٤) دەڵێ: لەو شەڕ و تاڵان و سەرکەوتنەی موسڵمانەکان بەسەر مووسڵدا هەر سەربازێکی عەرەبی موسڵمان سێ هەزار درهەمی بەرکەوت.

داگیرکرانی کوردستان

لەلایەن ئیسلامەوە

٦٣٤

«لە پاش دەرکەوتنی ئیسلامیەت، ئەکسەری کتێبی دینی کورد و ئاڤێستایی سووتێنرا. پیتی کوردەواری گۆڕا و کەلیماتی بێگانە تێکەڵاو بە زمانەکەمان بوو. حەماسەتی ئەم دینە تازەیە تەئریخی سەقافەتی کوردی نەهێشت..»

ڕەشید نەجیب

(ژیان)، سلێمانی: ١٩٢٨

- لە دوای لەدایکبوونی مەسیحەوە تا دوای خەلافەتی ئەمەوییەکانیش (ساڵانی ١٠٠ تا ٩٠٠ی مەسیحی) بە تاریکترین سەردەمی زانیارییەکانمان دەژمێردرێت لەبارەی ژیان و مێژووی نەتەوەییمان: بەڵگەنامە و نووسراوێکی ئەوتۆ لەبارەی وڵاتەکەمان بەردەست ناکەون. ئەمە لەوانەیە هیی ئەوە بێ کە لەم ماوەیەدا، بەپێی قۆناخ، تەنیا دوو مێتۆدی نووسینەوەی مێژوو زاڵ بووە؛ یەکەم: دیدی مەسیحییانە بۆ نووسینەوەی مێژووی دنیا، دووەم: دیدی ئیسلامییانە؛ ئیتر کوردیش – سەبارەت بەوەی هیچیان نەبووە بەتەواوەتی– بۆیە خراوەتە دەرەوەی بازنەکانیانەوە یانیش سووتێنراون.

٤٨٤ - ٦٥٠ ز

بارودۆخ و ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (٤٨٤ – ٦٥٠ ز) واتە ڕووداوەکانی کاتی داگیرکرانی کوردستان لەلایەن ئیسلامەوە، تەنیا لە تاقە دەسنووسێکی دانسقەدا باس کراون بە زمانی ئاشووری (سریانی Syriaque) کە لە شاری (سیرت Seert) یان (سعرت)ی کوردستانی تورکیادا پارێزراون. ئەم ڕاستییەش لەم سەرچاوەیەدا، بە زمانی فەرەنسی، باسی لێ کراوە:

Catalogue des maunscrits Syriaques et arabes et arabes consacrea dans la Bibliotheque episcopale de Seert, avec notes bibliographiques, Moussul: 1905, N. 128-2.

بە کوردییەکەی دەبێتە (کەتەلۆگی ئەو دەسنووسە

٦٣٨- ٦٣٩

سوپای ئیسلام لەژێر سەرکردایەتیی عوتبەی کوڕی فەرقەد ئاکرێ و هەولێر و شێخان و زێبار و دهۆک و زاخۆیان، پاش بەرگرییەکی سەختی دانیشتووانی شارەکان، کردە ئیسلام.. لە کۆتاییشدا کەرکووک.

لەشکری ئیسلام ناوچە چیاییەکانی میدیایان وردە وردە و بەناڕەحەتی گرتووە، ئەمەش تەنیا لەبەر سەختیی شوێنەکە نەبوو، بگرە بەهۆی بەرهەڵستیی توندوتیژی دانیشتووانەکەیەوە بوو.

٦٤١

ناوچەی شارەزوور بەرەنگاریی کوشتارێکی بێ وێنەی ئیسلامەکان (بەسەرکردایەتیی عومەری کوڕی عەزەی کوڕی قەیس) دەکات: نایەوێ ببێتە ئیسلام. پاشان لەشکری ئیسلام شالاوێکی تری دەکاتە سەر بە سەرکردایەتیی عوتبەی کوڕی فەرقەد، لە ئەنجامدا شارەزوور دوای بەرگری و قوربانییەکی بێ هاوتا، خۆی بەدەستەوە دەدات و دەبێتە موسڵمان.

٦٤٢

دوایین شەڕی بەرگریکاریی ساسانییەکان، شەڕی نەهاوەند، دژ بە موسڵمانە عەرەبەکان.

٦٤٣-٦٤٤

شاری دیاربەکر و ماردین و ئەرزن، پاش ڕێککەوتن لەگەڵ دانیشتووانی شارەکان و سەپاندنی باجی جزیە بەسەریاندا بە خەلافەتی ڕاشدیی ئیسلامەوە گرێ دران.

٦٤٤- ٦٤٥

لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفانی سێیەمین خەلیفەی ڕاشدی، دەسەڵاتی ئیسلام ناوچەی جەزیرە و بۆتانی تەعریب کرد و هۆزەکانی رابە و قەیس و ئەسەدی هێنانە ئەوێ. (البلاذري: فتوح البلدان/١/٢١١ و ٢١٩).

- لە ٦٤٥ ناوچەی موکریان دژ بە دەسەڵاتی وەلیدی

سریانی و عەرەبییە کۆنانەی کە لە کتێبخانەی سیرت داندراون، تێبینی بەند کراون. مووسڵ: ١٩٠٥، ژمارە: ٢-١٢٨).

واتە؛ لە کتێبخانەی مووسڵ کەتەلۆگێک هەیە ئاماژەی بەوە داوە کە کۆمەڵە دەسنووسێکی سریانی، بە زمان و ئەلفابێی سریانی، لە کتێبخانەی (سیرت) هەن باسی کوردستانی سالانی (٤٨٤ - ٦٥٠ ز) دەکەن.

هەروەها ئەم سەرچاوەیەش، هەمان ڕاستی دووپات دەکاتەوە:

Notice sur les manuscripts Syriaques et arabes de l Archeveque Chaledeen de Diarbekir, in (Journal Asiatique, Sept.-Oct. 1907, P. 409).

کۆواری (ژورناڵ ئازیاتیک، کە لە مانگی سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەری ١٩٠٧ لە پاریس بڵاو کراوەتەوە، ئاماژەی بەمە داوە کە کۆمەڵە دەسنووسێکی سریانی، لە کتێبخانەی کلدانییەکانی (دیاربەکر) هەن، بە زمان و ئەلفابێی سریانی، باس لە کوردستانی سالانی (٤٨٤ - ٦٥٠ ز) دەکەن.

ئەم دوو دەسنووسانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە لەو سالانەدا نووسینی کوردان لە مەڵبەندەکانی کوردستاندا بە زمانی سریانی بووە. ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلام لە کوردستاندا، نووسین و خوێندنەوە و ئەلفابێی نووسین لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق و تورکیادا بە زمان و ئەلفابێی سریانی (ئاشووری Syriaque) بووە. ئەمە جگە لەوەی کە لەو مەڵبەندە ناوبراوانەدا، لە کاتی سەرەتای بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلامدا ئاشووری و کلدانی (ژاکۆبی و نەستۆری) ژیاون.

ئەم تێبینی و زانیارییانەم لەم سەرچاوەیەوە دەست کەوتووە، کە کلیلەکەی لە کتێبخانەی لانگزۆ لە پاریس ئەمەیە « CDP .20 » :

Addai SCHER: Histoire Nestorien, Chronique de Seert, Archeveque Chaldeen de Kurdistan, Paris: Juin: 1909.

نووسین بە زمانی سریانی (ئاشووری Syriaque) و بە

کوڕی عوقبەی ئەبی موعیط ڕاپەڕین و چەند هێرشێکی سەختیان کردە سەر سوپای موسڵمان: بەڵام سەرکوتکرانەوە. (ابن الاثیر: الکامل/٣/٨٣).

٦٤٩ ـ ٦٥٠

لە سەردەمی خەلیفایەتیی عوسماندا ڕاپەڕینێکی گەورەی کورد هەڵگیرساوە. فەرمانڕەوای شاری بەسرا بانگەشەی جیهادی بۆ کپکردنەوەی ئەم ڕاپەڕینە کردووە.

٦٥١

ئیمپراتۆری ساسانیی فارس بەتەواوەتی تێک شکا. ئێران و سەرتاپای کوردستان کەوتە ژێر دەستی عەرەبە موسڵمانەکان.



لالش
پەرستگای یەزیدییەکان

ئەلفابێی سریانی لە یەکەمین سەدەکانی زاینیدا واتە لە ماوەی ساڵانی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحەوە تا ساڵانی (٦٠٠)، گریمانەیەکی هێند بەهێزە و هێندە لە ڕاستی دەچێ، کە من بەتەواوەتی باوەڕم پێی هەیە وا بووبێت. جگە لەم بەڵگانەی سەرەوە، بەڵگەیەکی تریش بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە دەهێنمەوە، ئەویش کتێبە ناودارەکەی مێژوونووسی موسڵمان (الفارقي)یە، احمد بن یوسف الارزق الفارقي (١١١٧– ١١٨١)، کە بە بنەچە کوردی دیاربەکرییە و لە (١١٧٦ ز) کتێبی (تاریخ الفارقي)ی نووسیوە کە بریتییە لە مێژووی دەوڵەتی دۆستەکی کە پایتەختیان لە (میافارقین)ی نێزیک دیاربەکر بووە و عەرەب پێی دەڵێن (الدولة المروانیة) و تەمەنی دەوڵەتەکەش (١٠٤) ساڵ بووە. کتێبەکەی (احمد بن یوسف الارزق الفارقي) (تاریخ الفارقي، تحقیق و تقدیم: د. بدوي عوض، القاهرة: ١٩٥٩) کراوەتە کوردیش (مێژووی میافارقین و ئامەد، وەرگێڕانی: د. قادر محەمەد پشدەری و ئاکۆ بورهان، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر: ٢٠٠٧). لەو کتێبە ناوبراوەی (الفارقي)دا، نووسەر ئاماژەی بەمە داوە کە زانیارییەکانی نێو ئەو کتێبە نووسراوەی خۆی لە پەڕتووکێکی سریانی وەرگرتووە بە ناونیشانی (التشعیث) کە لە پەرستگای مەسیحیی شایانەی شاری میافارقین پارێزراو بووە و (الفارقي) بەهاوکاریی یەکێک لە قەشەکانی ئەو پەرستگایە لە زمانی سریانییەوە کردوویەتی بە عەرەبی.

ئەم بەڵگەیەش دیسان ئەوە دەسەلمێنێ کە لەو زەمانەدا لەو ناوچە دیارکراوانەدا نووسین بە زمانی سریانی ڕەواجی هەبووە و مێژوونووسەکان، نەک هەر زمانی سریانییان زانیوە، بگرە پشتیشیان پێ بەستووە و بۆ نووسینی کتێب – وەک (الفارقي) باسی دەکا– تەرجەمەیشیان کردووە.

٦٥١

سەرهەڵدانی تێکستێکی نووسراو، پارچە چەرمێکە لە شارەزوور دۆزراوەتەوە بە زمان و خەتی پەهلەوی کە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆوە زۆر نزیکە، باس لە هێرشی موسڵمانە عارەبەکان دەکات بۆ سەر ئاتەشگەدەی کوردەکان کە دینی زەردەشتییان هەبووە.

ملک الشعراء ی فارس (بهار) لە ١٣١٦ی هەتاویدا لە کۆواری هەتاو بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها ڕەشد یاسەمی: کورد و پێوەندییە ڕەگەزییەکانی، ل ١١١، لەگەڵ ح. ح. موکریانیش لە (کوردستانی موکریان) لە ل ٣٤ و ١٣٣ باسیان کردووە؛

هورمزگان ڕەمان، ئاتیران کوژران
وێشان شاردەوە کەفرە کان
زوکرنە عەرەب کوردی نە خاپوور
گنانە پالە مەش شارەزوور
ژن و کەنیکان وە دیل پەشینان
مەرد ئازا، تلین ژروی هەوی نان
رەوشی زەردوشت مایەوە بی دەس
بەزیکا ناکا هورمز وە هیچ کەس

واتە:

هورمزدگە وێران کرا، ئاگرەکان کوژێندرانەوە، گەورەی گەوران خۆی شاردەوە، عەرەبی زۆردار گوندەکانی تا شارەزوور وێران کرد، ژن و کیژ بە دیل گیران، ئازاکان لە خوێنی خۆیان گەوزین، دینی زەردەشت بێ خاوەن مایەوە، ئاهورامەزدا ڕەحم بە کەس ناکا».

کاتێ ئیسلام هات، زمانی عەرەبی و کولتووری ئیسلامی بەسەر هەموو نەتەوەیەکدا فەرز کرد و «هەموو میللەتانی یەکسان کرد»: «و جعلناکم شعوبا و قبائل لتتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم».

ئەم یەکخەتی و یەککولتووری و یەکزمانییە بەدرێژاییی سەردەمی چوار خەلیفەکەش هەر بەردەوام بوو. بەڵام ئەمەوییەکان کاتێ هاتنە سەر حوکم، لەم دەستوورە لایان دا و کەوتنە ڕەگەزپەرستی: بە چاوی سووکەوە تەماشای

سینییەکی ساسانی
لە کوردستان دۆزراوەتەوە

نەتەوەکانی غەیری عەرەبییان دەکرد و پێیان دەگوتن «موالي». بەم شێوەیە، لە ئەنجامی دژایەتیکردنی میللەتانی غەیری عەرەب لەلایەن ئەمەوییەکانەوە، شعووبیەت سەری هەڵدا.

لە سەدەی حەوتەمی مەسیحییەوە پەخشانەکانی ئیسلامی کۆدەکرانەوە و دەنووسرانەوە، ئەمەش بە خەتی کووفی و بەبێ نوختە بوو.

سەجادی

٦٦١- ٧٥٠
فەرمانڕەوایەتیی "ئەمەوییەکان"
لە کوردستاندا

لە ماوەی سەردەمی خەلافەتی ئەمەوییەکاندا زۆربەی کورد ورده ورده دەچنە ژێر ئالای ئیسلامەوە، خزمەتی شارستانیەتی ئیسلام دەکەن.

٦٦١ ـ ٧٥٠

زنجیرەیەک ڕاپەڕینی کورد دژی ئەمەوییەکان.

دوای سەر هەڵدان و بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلام مێژوونووسانی عەرەب و موسڵمان، بەهەمان شێوە، ئەوانیش نەک ڕێبازی نەتەوە Nation ، بگرە ڕێبازی دین (ئاینی ئیسلامیان) بۆ نووسینەوەی ژیان مێژووی گەلان پەیڕەوی کرد، هەموو موسڵمانان، بەبێ جیاوازیکردنی زمان و ڕەگەز بە (ئوممەت/ الامة) نێو نرابوون. هیچ نەتەوەیەک، نەمازە کورد، بام زمان و ڕەگەزیشی جیاواز بێت، بەڵام بۆی نەبوو لە سنوورێکی ئیداریی دابڕاودا خۆی لە ئیمپراتۆریەت و «ئومەتی ئیسلام» جیا بکاتەوە؛ ئەو ئیمپراتۆریەتە ئیسلامییە ڕێگەی نەدەدایە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دابمەزرێنێ. هەر بۆیەش دەبینین بۆ نموونە لە سەردەمی خەلافەتی عومەردا (٦٣٤ی زاینی) بەشێکی فراوانی وڵاتی کوردنشین لکێنرابووە هەرێمی ئازەربایجان، بەشەکەی تریشی بەناوی ئیقلیمی (جەزیرە) ناوزەد کرابوو.

هەمان ئەم جۆرە دابەشکردنە ئیداری- جوگرافییەی کوردستان، لە سەردەمی ئەمەوییەکان (٦٦١- ٧٥٠) تەنانەت تا کۆتاییی سەردەمی عەباسییەکانیش (٧٥٠- ١٢٥٨) وەک خۆی مابووەوە؛ واتە لەژێر ناوی (ئازەربایجان) و (جەزیرە) و (عێراقی عەجەم) و (عێراقی عەرەب) و (جیبال).

بە درێژاییی مێژووی ئیسلام تا دەمەدەمی کۆتاییی دەسەڵاتی عەباسییەکانیش (٧٥٠- ١٢٥٨) هیچ یەکەیەکی ئیداری (وحدة ادارية) بەناوی «کوردستان» لە مێژووی سیاسی ئیسلامدا و لەسەر نەخشەی جوگرافیای سیاسیی ڕۆهەڵاتدا بوونی نەبووە.

٦٦١- ٧٥٠
فەرمانڕەوایەتیی "ئەمەوییەکان"
لە کوردستاندا

ئەمەوییەکان کاتێ هاتنە سەر حوکم کەوتنە ڕەگەزپەرستی: بە چاوی سووکەوە تەماشای نەتەوەکانی غەیری عەرەبییان دەکرد، پێیان دەگوتن «موالي». بەم شێوەیە، لە ئەنجامی دژایەتیکردنی میللەتانی غەیری عەرەب لەلایەن ئەمەوییەکانەوە «شعووبیەت» سەری هەڵدا. ئەم بە چاوی سووک سەیرکردنە میللەتانی غەیری عەرەب تەنانەت تا سەردەمی عەباسییەکانیش هەر تا ڕادەیەک بەردەوام بوو. (عبدالرحمن بن مستخلف)، شاعیرێکی ئەو سەردەمە، لە دەوروبەری ساڵی ١٢٢٩دا، بەم شێوەیە گاڵتە بە کولتووری کورد و ئاگردانە زەردەشتییەکانی شاری هەولێر دەکات:

اربل دارالفسق حقا، فلا
يعتمد العاقل تعزيزها
لو لم يكن دار فسوق لما
اصبح بيت النار دهليزها

یاقوت الحموی:
معجم البلدان، ج ٢، ل ٥٢٢

٧٠٦- ٧٤٣

مۆسیقاژەنی کورد، ئیبراهیم کوڕی ماهان کوڕی بەهمەن (الموصلي)؛ یەکێک لە ناودارترین گۆرانیبێژەکانی سەردەمی ئەمەوی لە دەوروبەری (٧٠٦- ٧٤٣ ز.)، خزمەتێکی گەورەی مۆسیقا و گۆرانیی ئیسلام و عەرەب دەکات: یەکەمین کۆنسێرڤاتواری ئیسلامی دادەمەزرێنێ، پاشان کوڕەکەی، ئیسحاق، پەرەی پێ دەدا. شاگردەکەیشی «زەریاب» کە ئەویش هەر کورد بووە، ئەم هونەرە شارستانییە دەگەیەنێتە «قورتوبە» و «مەغریب» و «ئیسپانیا». (الحصري) لە (جمع الجواهر في الملح و النوادر) باسی کردووە.

دووسەد ساڵ پاش داهاتنی ئیسلام ورده ورده

٦٩٤ ـ ٧١٤

کورد یارمەتیی حەجاجی سەقەفییان داوە بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی خاریجییەکان بە سەرۆکایەتیەی موتریفی کوڕی ئەلموغەیری:

زۆر کار ئەرەب کەردنە خاپوور
گوناو پاڵەیی هەتا شارەزوور
شن و کەنیکان وەدیل بە شینا
مێرد ئازاتلی وەڕووی هوینا
رەوشت زەرتوشترە مانەوە بێ دەس
بەزەیێکا نێکا هۆرمز وە هیچ کەس

٧٢٧

طیمثاوسی گەورە، پاتریارکێکی ناوداری مەسیحییەکان (نەستۆرییەکان) بووە، لە هەولێر لەدایک بووە (٧٢٧ ــ ٧٢٨ م). لە سەردەمی عەباسیدا لە هەولێر هەوڵی ئاشتیی نێوان مەسیحییەت و ئیسلامی داوە.

٧٤٤ـ ٧٥٠

لە دەوری دوا خەلیفەی ئەمەوی، مەروانی دووەم کە لە دایکەوە کورد بوو و ماوەیەک فەرمانڕەوای ناوچە کوردنشینەکان بوو ٧٤٤ ــ ٧٥٠. جموجۆڵی کورد دژ بە فەرمانڕەوایەتیی ئەمەوی.

٧٤٧

لە مێرگی مەروە راپەڕینێک بە سەرۆکایەتیەی ئەبوموسلیمی خوراسانی هەڵبوو، ناوچە کوردنشینەکانیشی گرتەوە. ئەمەوییەکان لە شارەزووردا شکان.

خەتەکانی وڵاتی ئێران – کە پاشماوەی خەتەکانی رۆمانی و یۆنانی بوون – لەناوچوون و کەوتنە سەر نووسین بە خەتی عەرەبی. تەنیا شێوە خەتی سوریانی مایەوە کە بەکار دەهات.

٧٤٠- ٨١٠

ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم کوڕی ماهان کوڕی بەهمەن (الموصلي)، یەکێک لە ناودارترین گۆرانیبێژەکانی سەردەمی عەباسی لە دەوروبەری (٧٤٠- ٨١٠). لە یەکێک لە شاگردەکانی لای باوکی خۆیەوە، بە ناوی (زەلزەل) فێری عوود بووە، لە (ئاتکە)ی کچی (شەزا)وە فێری گۆرانی بووە. لە هەشتا ساڵی مردووە. (الحصري) لە (جمع الجواهر في الملح و النوادر) باسی کردووە.

سەردەمی عەباسییەکان

٧٥٠- ١٣٥٨

سەردەمی خەلافەتی عەباسی

لە کوردستاندا

خەلافەتی عەباسییەکان، کە لە سەدەی دەیەم بەملاوە دەسەڵاتیان بەرەو کزی دەڕوا، ڕێگە خۆش دەکا کە چەند میرنشینێکی کوردی دروست بن.

لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا، سەبارەت بەوەی عەباسییەکان پشتیان بە غەیرە عەرەب بەستبوو، هەوڵیان دا ئیعتبارێک بۆ نەتەوەکانی غەیرە عەرەب بگێڕنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە سەردەمی عەباسییەکاندا دوو بەرە دروست بوون: بەرەی عەرەب و بەرەی غەیرە عەرەب. تورکەکانی غەزنەوی و سەلجووقی وایان بە باش زانی کە خۆیان بدەنە پاڵ عەرەب.

٧٥٤

ئەبو موسلیمی خۆراسانیی کورد لایەنگیری عەبباسییەکان دەکات و کورد ڕادەکێشێتە ژێر چەتری خەلافەتی عەباسی.

ساڵانی ٨٠٠

– بزووتنەوەی سیاسی ـ ئایینی حورەمییەکان لە ناوچەی جیبال و کوردنشینەکاندا.

– بەشداریکردنی کورد بە سەرۆکایەتی جەعفەر کوڕی حەمید ئەلکوردی کە فەرمانڕەوای ناوچەیەکی سووریا بووە، لە بزووتنەوەی قەرمەتییەکاندا.

٨٣٨

ڕاپەڕینێکی گەورەی کوردان لە شاری مووسڵ بە سەرۆکایەتی جەعفەر کوڕی فەهەرجەس دژی عەباسییەکان کە تا ٨٤٠ درێژەی کێشا.

٨٤٠

– خەلیفە موعتەسەمی عەباسی هێزێکی گەورەی تورکەکانی

٧٥٠- ١٣٥٨

سەردەمی خەلافەتی عەباسی

لە کوردستاندا

زەریاب (واتە ئەو کەسەی زێڕ دەدۆزێتەوە) گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنێکی کورد بووە (بەغدا ٧٨٩– قورتوبە ٨٥٧)، کوڕی حەسەن کوڕی عەلی کوڕی نافیع، لە کاتی گەنجێتیدا سەری خۆی هەڵگرت چووە بەغدا و لەوێ بووە شاگردی (ئیسحاق الموصلي)، تا وای لێ هات لە دیوەخانی هاروونە ڕەشید گۆرانی بڵێت و مۆسیقا بژەنێت و شۆرەتێکی مەزن پەیدا بکا. ئەمە مامۆستاکەی خۆی تووشی حەسوودی کرد، زەریاب (بەغدا ٧٨٩– قورتوبە ٨٥٧) بۆیە ناچار بوو سەری خۆی هەڵبگرێت و بچێتە ئەندەلووس، کە ئەو کاتە عەبدولڕەحمانی دووەم خەلیفەی ئەوێ بوو. خەلیفەی ئەوێ سەرسامی دەنگ و مۆسیقاکەی، ڕێگەی پێ دا یەکەمین قوتابخانەی گۆرانی و مۆسیقا لەوێ بکاتەوە. مێژوونووسەکان دەڵێن: زەریاب (بەغدا ٧٨٩– قورتوبە ٨٥٧) موەششەحاتی ئەندەلووسیی داهێناوە، کە لە ڕووی سیستەمی قافییەوە دەقاودەق لە حەیرانی دەشتی هەولێر دەچێ. هەر ئەویش پێنجەمین ژێی بۆ عوود زیاد کردووە، جگە لە داهێنانی چەند مەقامێک کە پێشتر نەبوونە. هەندێ مێژوونووس ڕایان وایە کە هەر ئەویش مۆسیقای فلامینکۆی دامەزراندووە. زەریاب لە قورتوبە لە ساڵی ٨٥٧ کۆچی دوایی کردووە (هەندێ سەرچاوەش دەڵێن لە ٨٤٥ مردووە).

ساڵانی ٨٠٠

لە سەدەی سێیەمی کۆچییەوە (لە سەدەی نۆیەمی مەسیحی بەملاوە) هەندێک لەو نەتەوە غەیرە عەرەبانەی لەژێر دەسەڵاتی ئیسلام و لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا دەژیان، وردە وردە کەوتنەوە سەر نووسین بە زمانی خۆیان، لەوانە: زمانی فارسی کە هەنگاوی گەورەی هەڵنا. دواتریش، زمانی تورکی، کە لە هەوارە کۆنەکەی ڕۆمانییەکاندا سەری هەڵدابوو، بەهەمان خەتی عەرەبی

ژیانی سیاسی

بە سەرۆکایەتیی ئایتاخ دژ بە کورد بەگەڕخست: یەکەمین پێکدادانی تورک و کورد لە مێژوودا. راپەڕینەکە کپ دەبێتەوە.

– جەعفەر سەرۆکی هۆزی دونبەڵیی کورد سەرکردایەتیی ڕاپەڕینێکی شاری مووسڵ دەکات دژی خەلیفە موعتەسەم.

٨٨٠

عەلی کوڕی داودی هەزارمێردی کە کورد بوو فەرمانڕەوایەتیی مووسڵی دەکرد.

٨٩٣

لە ئەنجامی جموجۆڵی کوردەکان، خەلیفەی عەباسی، ناچار بووە کوردێک (عەلی کوڕی داود کوڕی روخزادی کوردی) بکاتە فەرمانڕەوای مووسڵ. عەرەب بەمە نیگەران دەبن و لە دوو دێڕ شیعردا رەنگ دەداتەوە: «مووسڵ لەژێر چنگی کورداندا ریسوا بووە».

٩٢٩- ١٠٠٤

لە سەردەمی دەسەڵاتی عەباسییەکاندا: میرنشینی کوردە حەمدانییەکان لە ناوچەی جەزیرە و سووریا.

٩٥١- ١١٧٤

میرنشینی کوردە شەددادییەکان لە (گەنجە)ی رۆژئاوای باکوری کوردستاندا.

٩٥٩- ١٠١٥

میرنشینی کوردە حەسنەوییەکان لە باشووری کوردستاندا.

٩٦١

قەڵای بەتلیس و (سیرت) لەلایەن میری دۆستەکییەوە لە ساڵی (٩٦١) دروست کراوە.

٩٩٠- ١٠٩٦

میرنشینی کوردە مەروەندییەکان (دەوڵەتی دۆستەکی) کە

ژیانی کولتووری

پەرەی سەند و بڵاوبۆوە.

بەڵام زمانی کوردی، پێ دەچێ، قەدەغەکراو، لە هیچ بەستێنێکدا بەکار نەهاتبێت: نووسەر و میرە کوردەکان هەر بە عەرەبی نووسیویانە و خزمەتی ئیسلامیان کردووە.

٨٧٧- ٩٢٩

ئەستێرەناسی کورد، (ابو عبدالله محمد) چارمونجەی مەرانی.

٨٧٨- ٩٦٢

نیگارکێشی کوردی خەڵکی سندی، ئەبوبەکر محەمەد کوڕی داود.

٨٧٩

(احمد داود ابو الحنیفة الدینوري) (زانایەکی کوردە، لە سنە لەدایک بووە و ساڵی ٨٩٥ مردووە)، کتێبێکی نووسیوە بە ناونیشانی (کتاب الاخبار الطوال) کە باسی ئێرانی سەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنی دەکات تا ناوەڕاستی سەدەی نۆیەم.

٨٩٣

ابن خرداذبه لە کتێبی (اللهو و الملاهي) باسی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی دەکا.

٩٠٠

نووسەری سەدەی دەیەم، ئەلتەننووخی، ناوی (لسان الاکرادي) هێناوە. ئەمە مانای وایە کە پێش ساڵانی ٩٠٠، زمانێک بە ناوی (زمانی کوردی) تەنانەت لای عەرەب و دراوسێکانی تریشمان دانی پێدا هاتووە و هەبووە.

– (ابن وحشیة النبتي) ٣٢٤–٣٤٦ی کۆچیدا، لە کتێبی (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام) لە ٣١٢ی کۆچییدا دەڵێ: (من لە شاری بەغدا چاوم بە سێ بەرگ کتێبی کوردی کەوت کە بە خەتی ماسیی سوراتی نووسرابوون و ئێستاش لە شام دوو بەرگ لەو کتێبانەم لەلایە کە یەکێکیان باسی پەروەردەکردن و چەقاندنی دارخورما دەکات و ئەوی

ژیانی سیاسی

پایتەختیان لە (میا فارقین) نێزیک دیاربەکر بوو. (أحمد بن یوسف الارزق الفـــارقي) (١١١٧- ١١٨١)، لەدایکبـــووی (میافارقین) یەکەمین مێژوونووسی کوردە کە لە (١١٧٦) بە زمـانی عـەرەبی لە (تاریخ الفـارقي)، ڕووداوەکـانی دەوڵەتی دۆستەکیی نووسیوەتەوە. دیاربەکر و بەتلیس و نوسەیبین و وان و ئەلعـــەزیزە لـەژێر دەســەڵاتی مــیــرانی ئەو دەوڵـەتە کوردییـەدا بوونە کـە عـەرەب پێی دەڵێن (الدولة المروانية) و پاشـان بەدەسـتی تورکە سـەلجووقییـەکان لەناوچوو. سـاڵی (٩٨٩ ز) مـیـر بـاد مـیـری دەوڵـەتی دۆسـتــەکی بووە، دوا مـیریشـیـان ناوی (ناصر الدولة ١٠٨٠- ١٠٨٦) بووە کە بە شـەوبێری و جارییـە و کـەنیـزەک و ڕابواردنەکانییـەوە، زۆر ناودار بووە.

ژیانی کولتووری

تریان لەبابـەت دۆزینەوەی ئاوە لە جێگەی وشک و بێ ئاودا. ئەز ئەو دوو کتێبەم وەرگێڕایە سەر عەرەبی..).

– لە سـەردەمی دەوڵەتی دۆسـتـەکی (٩٩٠ – ١٠٩٦) واتە مـەروەندییـەکان (٢٧٢- ٤٧٨ی کۆچی) لە ناوچەی دیاربەکر و جەزیرەدا بایەخ بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی دراوە.

٩٣٥ - ١٠١٠

بڵاوبوونەوەی یەکەم تێکستی شیعری کوردی: بەرهـەمـەکانی شـاعـیـری کـورد بابا تـاهـیـری هـەمـەدانی (٩٣٥- ١٠١٠) بە زاراوەی لوڕی: یەکـەم زمـانی سـتـانداری کوردی. (ذبیح اللة صـفـا) لە (تاریخ ادبیات در ایران) دەڵێ: بابا تـاهیر کـورد بووە و زاراوەی لوڕی زاراوەیەکی کوردییە).

٩٩٠- ١٠٩٦

لە سـەردەمی میرەکـانی دەوڵەتی دۆسـتـەکی، نەک هـەر ڕاو و شکار، بگرە خۆ سـەرخۆشکردن و مـەجلیسی خواردنەوە و گـۆرانی و شـەوبێـری و ڕابواردنی ناو حـەرەمـسـەراکـان و سـتـرانگوتنی ژنان بە عـوود لێدان و سـەمـاوە.. زۆر گـەرم بووە.

– لە کاتی دەوڵەتی دۆستەکیدا باس لە پارەیەک بە ناوی (ئەرمانۆس) کراوە. (الفارقي) لە ل (٩٣)ی کوردییەکە باسی دەکا.

(فخر الدولة) کە دوو سـاڵ میری دەوڵەتی دۆستـەکی بووە، (ابن الفـارقي) دەڵێ: «لە سـاڵی ١٠٨٧ (فـخـرالدولة) دێری عیبادی کردبووە مزگەوت، بەڵام مەسیحیانی میافارقین سی هەزار دیناری ئەرمانۆسیان پێ دا و کردیەوە دێر».

(ابن الفارقي) دەڵێ: «لە سـاڵی ١٠٨٨ سـوڵتان مـەلیکشا مووسڵی لەژێر دەستی میر ئیبراهیم قوڕەیش هێنایە دەرەوە و دایە دەست (عمید الملك) (عمید ابو علي) کە بە چاکترین شـێـواز خـەڵکی بەڕێوە دەبرد.. دادوەر و چاکـەخـواز بوو.. وتراوە: شـەوێک لـە کـۆشک خـەوتبـوو، لە کـاتی بەرەبـەیاندا گوێبیستی دەنگی کڵێسـە بووبوو، وتی: ئەمە چییە؟ پێیان گوت: ئەمە دێری عیبادە لە سـەرووی کێوەکەوەیە. کە بەیانی داهات لەگەڵ خەڵک کۆبووەوە و گوتی: لە وڵاتی موسڵمانانـدا زەنگی ناقووسـمـان لەسـەر سـەری لێ دەدرێ؛ دیارە ئێمـە لە

۹۹۱- ۱۱۱۷

میرنشینی کوردەکانی بەنوئەنناز

۹۹۵

تورکە سەلجووقییەکان لە ۹۹۵دا رۆژهەڵاتی ئێران پاشانیش لە ۱۰۲۹ مەراغە و کوردستانی ئێران، ئنجا لە ۱۰۵٦ مووسڵ، دواتریش لە ۱۰۷۷ ئەنادۆڵ دەگرن. ئیتر کاریگەریی کولتووریی خۆیان (کولتووری سەلجووقی) بەسەر کوردستاندا بڵاو دەکەنەوە.

قوستەنتەنیەین، وتیان: ئەی گەورەمان ئەوە جارێکیان کرابووە مزگەوت و مەسیحییان کردیانەوە دێر، فەرمانی دا لە جێگەی کوشتارگای قوربانیی مەسیحییان لە دێرەکەدا میحراب دروست بکرێ و کرایە مزگەوت و ناونرا مزگەوتی فەتح. جا مەسیحییان کۆبوونەوە و پەنجا هەزار دیناریان پێشکێش کرد، لێی وەرنەگرتن. تا ئێستە مزگەوتەکە وەکو خۆی ماوەتەوە».

۹۵۰ـ ۱۰۵۰

– پیر شالیاری زەردەشتی بە زمانی کوردی (گۆران) شیعر دەنووسێ.

– کتێبی (الف لیلة و لیلة) لەگەلێک دیمەندا باسی کوردی کردووە (بەرگی یەکەم، ل ٦۰۹ ـ ٦۲۳، بەرگی دووەم، ل ۲٤۲ـ ۲۹۵). یەکەم جار، المسعودي، لە (مروج الذهب) لە ساڵی ۱۰۵٦ ئاماژەی بۆ کردووە.

۹۵۷

– المسعودي (۹۵۷ ز) لە کتێبی (مروج الذهب)دا باسی گۆرانیی کوردی و شمشاڵی کوردی دەکا لای شوانە کوردەکان.

– ئامێری مۆسیقاناسەکان، لەوانە (فرانسوا رێنێ ترانشیفۆر francois- Rene Tranchefort) لە کتێبی «ئامێرە مۆسیقاییەکان لە جیهاندا Les ins truments de Muiquedans Lemond » کە بە فەرەنسی لە ۱۹۸۰ لە پاریس لە دەزگای seuil چاپ کراوە، لە لاپەرە ۱٦۰-۱۵۹- ۱۰۰) بنەچەی گەلێک لە ئامێرە مۆسیقاییەکانی رۆژهەڵات، وەک (تەنبوور) و (بوزک/ بزخ Bazuq) دەگێرێتەوە بۆ کورد، دەڵێ کە لە سەرەتادا (لە سەردەمی عەباسییەکاندا) کورد ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەی داهێناوە.

۹۷۷

(ابن حوقل) لە کتێبی (صورة الارض)دا دەسنیشانی شوێنی جوگرافیی کورد دەکات: (مشاتي الاكراد و مصايفهم). بۆ یەکەم جار ناوی (الاكراد) لەناو کتێبی جوگرافیای زانا موسڵمانەکان دەردەکەوێ.



هەرێمی چیا (اقلیم الجبال) لە کتێبی (صورە الارض)ی ابن حوقل
(٣٦٧ک/٩٧٧م)



نەخشەی ١. جیهانی تورک لە ساڵی ١٠٧٦ز (مەحموود ئەلکاشغەری)

سەدەی ١٠ تا سەدەی ١٤
بووژانەوەی میرنشینە کوردییەکان
لە سەردەمی خەلافەتی عەباسی
٧٥٠- ١٣٥٨
لە کوردستاندا

کوردێکی سووریا

سەدەی ١٠ تا سەدەی ١٤

لە سـەدەی دەیەم تا چواردەم چەند زانایەکی مـوسـڵـمـان ناوی کـورد دەهـێنن: (الطبـري) (٨٣٨-٩٢٣) کـە باسی خەلیفە مەروان دەکات دەڵی بە بنەچە کوردە (کتاب اخبار الرسل و الملوک، ج ٣، ١، ص ٥١)؛ الیـعـقـوبي (٩٠٦)؛ (الاصطخـري) لە ٩٥١ مـردووە؛ (المسـعودي) (٩٥٧) کـە کـۆمــەڵێک زانیـاریمان لەبارەی هۆزە کـوردەکـان دەداتێ (مـروج الذهب، چاپی ١٩٦٥، ب ٢، ل ١٢٢ ــ ١٢٣؛ ب ٣، ل ١٠٠ و ٢٥٣؛ ئنجا ابا دلف بن المهلهل الخزرجي لە ٩٥١ سـەری لە کرمـاشـان داوە و باسی دەسـترەنگینییـەکانی پەیکەرتاشـێکی کـورد دەکـات بەسـەر تاق و دیوارەکـانی قــەســری شــیــرینەوە، هەروەها باسی ژیانی شــارە کـوردییـەکـان؛ ابن حـوقل (٩٧٧)؛ المقدسي (١٠٤٨)، ابن البلخي (١١٠٦)، ابن الاثیـــر (١١٦٠ــ ١٢٢٣)، ابن جبیر (١٢١٧)، یاقوت الحموي (١٢٢٩)، پاشان حمدالله مستوفي القزویني (١٣٤٩).

هەروەها چەند زانـایەکی کــوردیش بـۆ خـزمــەتکردنی ئیسـلام، چەند سـەرچـاوەیەکیـان بـە عـەرەبی نووسـیـوە و لابەلا باسی کوردیان کردووە:

١- ابو البرکات ابن المستوفي (لە ١١٦٩ لە قەڵاتی هەولێر لەدایک بووە)، شــاعـیـر، وەزیری دەوڵەتی عـەباسی، مێژونووس: دە بەرگ کتێب لەبارەی شـەرحی دیوانی «المتنبي»، چوار بەرگیش لەبارەی مێژووی هەولێر بە زمـانی عـەرەبی (تاریخ اربل: نبـاهة البلد الخـامل بمن وردة من الاماثل). لە سـاڵی ١٢٣٩ لـە شـاری مـووسڵ کۆچی دوایی دەکات.
٢- ابن خلکان (١٢١١ هەولێر). (وفیـات الاعیـان وانبـاء ابناء العنان) کە بیست ساڵ پێوەی خەریک بووە.
٣- ابـن الاثیـــر (١١٦٠- ١٢٢٣) لە نـاوچـەی جــەزیرە و بـۆتان لـەدایک بـووە. لە نمـوونـەی بەرهـەمــــەکـــانی: (الکامل في التـاریخ) کـە بە دەسـتکارییـەوە لە (تاریخ الطبري) یەوە وەری گرتووە.

ساڵانی ١١٠٠

دەرکەوتنی یەکەمین میر و میرنشینە ئەردەڵانییەکان.

میرنشینی ئەردەڵانەکان بارەگایان لە سەرەتادا، لە ساڵی (١١٦٨) لە قەڵای زەڵم بوو، پاشان لە ١٥٦١ چوونە قەڵای مەریوان.

١١٣٧

لەدایکبوونی سەڵاحەدینی ئەیوبی کە لە ١١٨٧ قودس دەگرێ.

١١٢٨- ١٢٢٣

هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگییەکان (١١٢٨- ١٢٣٣) دەبووژێتەوە. (یاقوت الحموي) لە (معجم البلدان)، دەڵێ کە خەندەقێک لە دەوری هەولێر، قەڵاتەکەیشی شوورەیەکی هەبووە. (یاقوت الحموي) شیعرێکی شاعیرێکی عەرەبی نووسیوەتەوە، بەناوی(انوشروان البغدادي)، ناسراو بە (شیطان العراق الضریر) کە لە شیعرێکی درێژدا زەمی هەولێر و پیاوماقووڵە کوردەکانی هەولێری کردووە.

١١٥٠

سوڵتان سەنجاری سەلجوقی ئۆتۆنۆمی دەداتە کوردەکان: پەیدابوونی وشەی (کوردستان) و بەکارهێنانی زاراوەی «کوردستان» بۆ یەکەمین جار وەک زاراوەیەکی ئیداری – سیاسی.

لە ناوەڕاستی سەدەی دوانزدەمی مەسیحیدا سەنجار سوڵتانی سەلجووقی Sanjar سەبارەت بە پاڵپەستۆی کورد، ڕۆئاوای هەرێمی جیبال کە سەر بە کرمەشان بوو، جیای کردەوە و کردی بە ئوستانێکی سەربەخۆ و ناوی نا «کوردستان» پاشانیش ئەم ئوستانەی خستە ژێر دەسەڵاتی برازاکەی خۆی (سولەیمان پاشا) کە لە ماوەی ١١٥٦ تاکو ١١٦١ی زاینی دەسەڵاتدارێتی ئەم ئوستانەی کرد؛ دوای ئەویش مامەکەی دەسەڵاتی گرتە دەست و بووە سوڵتانی هەر دوو عێراقەکە: عێراقی عەرەب و عێراقی عەجەم»، شاری بەهار کە ٨ میل لە باکوری شاری هەمەدانەوە دوورە،

١٠٧١

دیوانە شیعرێکی شاعیری سوێدی (گوننار ئەکەلۆف) بەناوی (دیوانێک لەبارەی میری ئەمگیۆن) باسی بەگزادەیەکی کورد دەکا کە لە ساڵی (١٠٧١) لە شاری مەلازگەرد لە شەڕی ساڵی (١٠٧١) لەلایەن بێزەنتییەکانەوە بەدیل گیراوە و دواتر هێندراوەتە ئەستەمبوڵ. ئەم بەگزادە کوردە چوار پێنج ساڵ لە زیندانی (قلاچێرنە)ی ئەستەمبوڵدا بە دیلی ماوەتەوە و ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە و پاشان چاوەکانی هەڵکۆڵدراوە.

١٠٧٦

(محمود الغشقري) کە جوگرافیاناسێکی موسڵمانی بەنەچە تورک بووە و لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەمدا لە ناوچەی (کاژغەر)دا ژیاوە، لە ساڵی (١٠٧٦)دا نەخشەیەکی جوگرافی- سیاسی لەبارەی وڵات و گرووپە ئەتنیکییەکانی کیشوەری ئاسیا دروست دەکات و لە (دیوان لغات الترک) بە زمانی عوسمانی بڵاوی دەکاتەوە. لەو نەخشەیەدا ناوی گەلی کورد و وڵاتی کوردیشی هێناوە.

لەو نەخشەیەی (غەشقەری)دا ناوی وڵاتی کورد بە (ارض الاکراد) هاتووە، کە دەکاتە (خاکی کوردان).

ئەم نەخشەیەی (غەشقەری) بە دووەمین نەخشە و سەرچاوەی جوگرافی لە قەڵەم دەدرێ کە ناوی گەلی کوردی وەک نەتەوەیەک هێنابێ.

لەم نەخشە جوگرافییەشدا هەر زاراوەی (کوردستان) بەکار نەهاتووە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە جارێ وشەی (کوردستان) و زاراوەی «کوردستان» هێشتا نەبووەتە زاراوەیەکی ئیداری – سیاسی.

ساڵانی ١١٠٠

– دەرکەوتنی مۆسیقای پیرۆزی ئەهلی هەق.

– موبارەک شا، ناسراو بە (شا خوشین ١٠١٥ ــ ١٠٧٤) لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا وەدیار کەوتووە، بە تەنبوور گۆرانیی پیرۆزی ئەهلی هەقەکانی گوتووە بە (دیالێکتی گۆران)؛ تیپێکی فراوانی مۆسیقاژەنی ئەهلی هەقی هەبووە،

ژیانی سیاسی

پایتەختی ئەم ئوستانەی کوردستان بووە؛ پاشانیش (سوڵتان ئاباد) کە لە نزیک چەمچەماڵ و چیای بێستوونە، لە باتی ئەو کرایە پایتەخت».

۱۱٦۹- ۱۲۵۰

میرنشینی کوردە ئەیووبیەکان، لە رۆئاوای کوردستانەوە تاکو میسر. سەدەی ۱۱ و ۱۲ و ۱۳: میرنشینی کوردەکانی شوانکارە (شبانکارە) لە باشووری رۆهەڵاتی کوردستاندا.

۱۱۸۷

– سەلاحەدینی ئەیووبی قودسی رزگار کرد.

– شەڕی خاچپەرستەکان لە سەدەی ۱۲مدا، بە سەرکردایەتیی سەلاحەدینی ئەیووبیی کورد بوو کە لە نێوان رۆهەڵاتی موسڵمان و رۆئاوای مەسیحیدا، لەپێناو دەستداگرتن بەسەر "خاکی پیرۆز" لە فەڵەستیندا رووی دا؛ بە سەرۆکایەتیی سەرگەڤازێکی کورد بوو کە سەرکەوت بەسەر سەرکردایەتیی ئەورووپای فیلیپ ئۆگەستی فەرەنسی Philippe Auguste (۱۱٦٥- ۱۲۲۲) و ریچارد شێردڵی ئینگلیز (۱۱٥۷- ۱۱۹۹) Richard Coeur de lion کە لەو شەڕەدا لایەنگیری فەرەنسا بوو.



"حصن الاکراد" لە نزیک حەلەب

فەرهاد پیربال (٤)

ژیانی کولتووری

لە ناوچەکانی کرمەشان و ئیلام و هەورامانەدا هەبووە. (۹۰۰) ئاوازی لەبارەی دینی (یاری)یەوە داناوە.

– مۆسیقاژەنەکانی ئەهلی هەق: تەمیر، یار محەمەد، پیر کەرەم، رەزا شاوەیس، هەمزە، عەبدولڕەحمان.. کە لە کۆشکی پاشا سترانیان دەچڕی و ناویان لە (شانامەی هەقیقەت)دا هاتووە.

۱۰۷۳- ۱۱٦۳

شێخ ئادیّ، رێبەری مەزهەبی یەزیدی؛ گومبەز و پەرستگاکان و لالش پڕ دەکات لە نەخش و رۆلیێفی پەیکەرتاشی و ئاواز و تەمبوور و ئامێرەکانی تری مۆسیقا.

۱۰۸٤- ۱۱٦٥

بابا ناووس، شیعری بە کوردی نووسیوە (دیالێکتی گۆران).

۱۱۳۷

(ابن خلکان) لە (وفیات الاعیان) دەڵێ کە یەکەم قوتابخانە لە هەولێر لە ساڵی (۱۱۳۷) دەرگەکانی خرایە سەر پشت.

۱۱٦۳

یەکەمین جوگرافیاناسی ئەوروپایی هاتبێتە کوردستان جوولەکەیەکی ئیسپانی بووە: بنیامێن دو توودێل B. DE TUDELE کە لە ماوەی ساڵانی ۱۱٦۳- ۱۱۷۳دا لە رۆهەڵات ماوەتەوە و سەفەرنامەکەی خۆی بە ناونیشانی (Sefer ha- masaot shel Rabbi Benjamin) نووسیوەتەوە.

بنیامێن دو توودێل ئەوەمان بۆ باس دەکات کە لەو سەردەمەدا بزووتنەوەیەکی سیاسیی جوولەکە لە ئارادا هەبووە، بە رێبەرایەتیی جوولەکەیەکی کوردستان بەناوی داڤید ئەلرۆی David Alroy (کە لە پایتەختی میرنشینی بادینان، لە شاری ئامێدی لەدایک بووە). داڤید ئەلرۆی Da- vid Alroy شاری ئامێدیی کردبووە پێگەی ئەم بزووتنەوەیەی خۆی و پێوەندیی زۆر پتەویشی لەگەڵ کوردەکاندا هەبوو، تەنانەت چەکدارە کوردە یەزیدییەکان پشتیوانیشیان دەکرد.

١١٩٤- ١٢٣١

بنەماڵەی خوارزمشاهییەکان لە ساڵی ١١٩٤دا توانییان دەسەلات بەسەر ئەو بەشەی کوردستانی ژێر دەسەلاتی سەلجووقییەکاندا بگرن و لە جیاتی سەلجووقییەکان فەرمانڕەوایەتی ئەو بەشەی کوردستان بگرنە دەست.

لەو سەردەمەی بنەماڵەی خوارزمشاهییەکاندا (١١٩٤- ١٢٣١) کوردستانی گەورە لە نێوان چوار دەوڵەتی گەورەدا دابەش کرابوو؛ بەشی رۆهەلاتی: لەژێر دەسەلاتی خوارزمشاهییەکاندا بوو، بەشی باشووری: لە ژێر دەسەلاتی عەباسییەکاندا بوو، لای باکوری- رۆئاوایشی: بەشێکی لەژێر دەسەلاتی ئەیووبییەکان و بەشەکەی تریشی هێشتا هەر لەژێر دەسەلاتی سەلجووقییەکاندا بوو.

١١٩٧- ١٨٦٤

میرنشینەکانی ئەردەلان لە کوردستانی ئێران بەردەوامن لە دەسەلات.

١٢٢٠- ١٢٢٣

- مەنگۆلەکان لە باکوری رۆهەلاتی ئێرانەوە دێن و ئێران داگیر دەکەن، دەسەلاتیان وردە وردە بەرەو رۆئاوای کوردستان پەرە دەسێنێ.
- (یاقوت الحموي) (معجم البلدان، ج ١، ص ١١٦ و ١١٨) لە کورد زیاتر باسی هیچ نەتەوەیەکی تر ناکا لە هەولێر، دەڵێ کە هەولێر زۆربەی دانیشتووانی کورد بوونە: (اکثر اهلها اکراد استعربوا و جمیع رساتیقها و فلاحیها و ما ینضاف الیها اکراد).

(یاقوت الحموي) (معجم البلدان، ج ١، ص ٢٥٣) باس لە بازرگانی و دروستکردنی قوماش و (بز) دەکا لە هەولێر. بەهەمان شێوە (ابن بطوطة) لە سەفەرنامەکەی خۆیدا، لە لاپەڕە ٢٥٢.

١٢٣١

ئیبنولستەوفی کرا بە وەزیری دارایی هەولێر.

- ماری کەرملی لە ١٩١١ لە گۆواری Anthropos لە ڤیەننا هەردوو کتێبەکەیانی، بە ئەلفابێ تایبەتییەکەیانەوە بڵاو کردەوە.
- کتێبی جیلوە، مسیۆنێری ئەمەریکایی ئەنریووز دەڵێ کە لە ١١٦٣ نووسراوە.
- کتێبی مەسحەفا رەش، مسیۆنێری ئەمەریکایی ئەنریووز دەڵێ کە لە ١٣٤٣ نووسراوە.

ڤیچفسکی دەڵێ کە هەردووکیان لە سەدەی ١٧مدا نووسراون، هەندێکیش دەڵێن کە لە سەدەی ١٩ز. هەردووکیان بە یەک جۆر ئەلفابێی تایبەت نووسراون. هەردووکیان دیار نین کێ نووسیونی. کوردۆییف دەڵێ: شێخ ئادیێ (دەوروبەری ١٠٧٥- ١١٦٠) لە هەکاری نووسیونی.

١١٧٦ ز

(احمد بن یوسف الارزق الفارقي) (١١١٧- ١١٨١)، لەدایکبووی (میافارقین) یەکەمین مێژوونووسی کوردە کە بە زمانی عەرەبی مێژووی دەوڵەتێکی کوردیی نووسیبێتەوە: (تاریخ الفارقي)، کە بریتییە لە رووداوەکانی دەوڵەتی دۆستەکی کە پایتەختیان لە (میافارقین) نێزیک دیاربەکر بووە. دیاربەکر و بەتلیس و نوسەیبین و وان و ئەلعەزیزە لەژێر دەسەلاتی میرانی ئەو دەوڵەتە کوردییەدا بوونە، کە عەرەب پێی دەڵێن (الدولة المروانية) و تەمەنی دەوڵەتەکەش (١٠٤) ساڵ بووە.

١١٨٠

گەڕاڵی ئیسپانی، پەتاهیا دوراتیسبۆن Petahia de Ra-tisbonne لە سەردەمی خەلیفە الناصر (١١٨٠ ـ ١٢٢٥) هاتۆتە هەولێر و کەرکووک، لە سەفەرنامەکەیدا باسیان دەکات.

١١٨٧

- کۆنترین میناتۆری کوردی: فرمانێکی سەلاحەدین ئەیووبی و تێیدا ئازادیی ئەرمەنییەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتەکەیدا مسۆگەر دەکات.
- دوو نیگارکێشی ناودار، دوو مامۆستای میناتۆر لە

ژیانی سیاسی



یەکەم میناتۆری کوردی
فەرمانێکی سەلاحەدین ئەیووبی لەبارەی ئەرمەنییەکان

ژیانی کولتووری

مەڵبەندی جەزیرە و دیاربەکر: (مهران منصور) کوڕی (مهران)؛ لەگەڵ (بدیع الزمان اسماعیل) (ابن الرزاز) الجزری (الجزيري).

– حصن الاكراد Le Craque de Chevaliers لە نێوان بەعلەبەگ و حەمەس لەسەر گردێک دروست کراوە، بورجێکی لەسەرە، عەرەبە شۆڤینییەکانی سووریا ناوەکەیان کردووەتە (قلعة الحصن). میرەکانی شام (بەتایبەتی ئەوانەی سەردەمی سەلاحەدین ئەیووبی) کوردەکانیان لەوێ دانابوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە دژی خاچپەرستەکان. هێدی هێدی، گەورەتریان کرد و پتەوتریان کرد تا ڕادەی ئەوەی کە بووە قەڵایەکی پڕ لە چەک و ئازووقەی شەڕ دژی خاچپەرستەکان. نموونەیەکی بەرچاوی ئارشیتێکتووری کورد نیشان دەدا. (ابن جبیر) باسی کردووە.

١١٩٠

شاعیرێکی جوولەکەی ئیسپانی Yehuda al - Harizi لە ساڵانی ١١٩٠دا، دێتە هەولێر و لە کتێبەکەیدا کە لە ١٨٨٣ لە Gottingen چاپ کراوە باسی دەکات و ناوی هەموو ئەو شاعیر و شەخسیاتانەش دەهێنێ کە لەو سەردەمەدا لە هەولێر ژیاون.

١٢٠٥

زانا و ئەستێرەناس و نیگارکێش و ئەستێرەناسی کورد، (ابن الرزاز بدیع الزمان الجزري) (الجزيري)، کە کوردی دیاربەکر و مەڵبەندی جەزیرە بووە، کتێبێک بە عەرەبی لەبارەی زانستی فیزیا و ئەندازیاریی میکانیک دەنووسێ بەناوی (الجامع بين العلم و العمل النافع في صناعة الحيل) کە دەیان نیگار و میناتۆریشی لەخۆ گرتووە کە بە یەکێک لە یەکەمین تابلۆ و میناتۆرە کوردییەکان دەژمێردرێن.

١٢١٧

– نیزامی گەنجەوی (؟– ١٢١٧ز) کە دایکی کورد بووە، لە شیرین و خوسرەوەکەیدا ناوی سی (٣٠) لە مەقام و ئاوازە کوردییەکانی بردووە.

– شمس قیس رازی (١٢١٧ ز) لە (المعجم في معايير

شێخ ناسر

اشعار العجم) لە باسکردنی مۆسیقای کوردیدا ئاوازێکی شی کردووەتەوە ناوی (هەورەمان)ە.

١٢٢٠

مووزەفەرەدین گۆگبەری (سوڵتان مظفر) نوێنەری سەلاحەدینی ئەیووبی لە هەولێر (کە لە ١٢٣٣ کۆچی دوایی دەکات و ماوەی فەرمانڕەواتییەکەی لە هەولێر بریتی بووە لە ١٢٢٨- ١٢٣٣)، دوای ئەوەی لە قودس یادکردنەوەی مەسیح و ئاهەنگەکانی مەسیحییەکان دەبینێ؛ کاتێ لە شەڕی قودس دەگەڕێتەوە هەولێر، لە ساڵی (١٢٢٠) بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەموو وڵاتانی عەرەب و ئیسلامدا یادکردنەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر دەکاتە نەریتێک: لە هەولێر و لە سەرتاپای جیهانی ئیسلامدا هەر لە مانگی سەفەرەوە تا سەرەتای (ربیع الاول) بەبۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر ئاهەنگ ساز دەکەن؛ مۆسیقا و گۆرانی دەچڕن. چەندان هەزار درهەمی زێڕی دەدایە هەرچی مەلایەک لە ئەفریقیا، لە ئاسیا مەولوودنامەی بنووسیایە. بەم شێوەیە مەولوودنامە دەبێتە ژانرێکی ئەدەبی و سازدانی ئاهەنگ و مۆسیقا و گۆرانییەکانیش، بێگومان، کاریگەرییەکی بەزەبر دەنوێنن بەسەر پەرەسەندنی مۆسیقا و مەقامات و گۆرانی لە وڵاتانی عەرەب و ئیسلامدا، کە قۆریاتی تورکمانیش پاشان لەمەوە سەرهەڵدەدا.

لەژێر کاریگەریی ئەم بایەخدانەی سوڵتان مزەفەر بە ئاهەنگی مەلوودنامە و مەقامات، یەکێک لە یەکەمین ئەو مۆسیقاناس و نووسەرانەی کە باسی لە مەقامات و ئاواز و گۆرانی کردبێت لە سەردەمی دوای عەباسییەکاندا، لە ساڵی ١٣٢٨؛ (بدرالدين الاربيللي) (١٢٨٧- ١٣٥٤)، شاعیرێکی کوردی هەولێری بووە و لە بەغدا نێژراوە، کتێبێک لەبارەی ئاواز و گۆرانی و مەقامەکان بە ناونیشانی (ارجوزة الانغام) بە زمانی عەرەبی دەنووسێ.

١٢٢٤

- چەندان شاعیری کورد لە هەولێر بە زمانی ئارامی - سریانی بە ئەلفابێی سریانی، شیعریان نووسیوە. (گۆرگیس وەردە) کە شاعیرێکی هەولێرییە و لە هەولێر لە

١٢٣٣

موزەفەرەدین گۆگبەری، نوێنەری سەلاحەدینی ئەیووبی لە هەولێر، کۆچی دوایی کرد و ئیبن مستەوفی وازی لە وەزارەت هێنا.

١٢٣٧

سەردەمی مەنگۆلەکان

– مەغۆلەکان هەولێر داگیر دەکەن و ئیبن مستۆفی دەچێتە مووسڵ.

– مەنگۆلەکان لەژێر فەرمانڕەوای هۆلاکۆدا. لەساڵی ١٢٤٢ بنەماڵەی سەلجووقییەکانیان لەناو برد و دەسەڵاتیان – لە جیاتی ئەوان– گرتە دەست.

هۆلاکۆی مەنگۆلی لە ١٢٥٢ گەیشتە بەغدا و ئەوێشی داگیر کرد؛ لە ١٢٥٨ دوایین خەلیفەی عەباسییەکانی کوشت؛ ئیتر وردە وردە کوردستانی گەورە (بەشی عێراق و ئێران و تورکیای ئەمڕۆ) هەر هەمووی کەوتە ژێر فەرمانڕەوای بنەماڵەی مەنگۆلەکان.

مێژوونوسی ئینگلیز Le STRANGE پەنجەنومای دەکات: (لە سەردەمی مەنگۆلەکاندا، سەرەڕای وێرانکاری و قەتڵوعامی کورد لەلایەن مەنگۆلەکانەوە بەڵام ئوستانی «کوردستان» وەک ئوستانێکی ئیداری لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی مەنگۆلیدا ناوی هەر مابوو؛ نەخشە «جوگرافیە» ناوەخۆییەکەی نەسڕابووەوە، هێندە نەبێ کە لەو سەردەمەدا پایتەختی ئوستانی «کوردستان» کە جاران شاری (بەهار) بوو گوێزرایەوە شاری (سوڵتان ئاباد).

١٣٠٠ - ١٣٢٦

بنیاتنانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ. لە سەرەتادا تەنیا ئەستەمبوڵ و دەوروبەری لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی تورکە عوسمانییەکاندایە، پاشان وردە وردە بەرەو کوردستان دێن و داگیری دەکەن.

١٣١٨

(رشید الدین فضل الله الهمذاني) لە (جامع التواريخ) لە

سەدەی سێزدەدا لەدایک بووە. گرینگترین بەرهەمەکانی ئەو شیعرانەن کە لەبارەی هێرشەکانی مەغۆلی بۆ سەر هەولێر لە سالانی ١٢٢٤، ١٢٢٨، ١٢٣٥ نووسیونی کە چۆن هەولێریان سووتاندووە و کاولیان کردووە. رۆهەڵاتناسی ئەڵمانی، هیلگینڤێلد، دە دانە لەو شیعرانەی بە تەرجەمەی ئەڵمانییەوە لە لایبسک لە ١٩٠٤ دا بڵاو کردووەتەوە. هەروەها چەندان شاعیری تری وەک خامیس بەر قەرەداحی.

– (ابن الشعار الموصلي) لە (قلائد الجمان، ل ١٩٣) باس لەوە دەکا کە لە هەولێر ژمارەیەکی بەرچاو داوودەزگای فێرکردن و پەروەردە هەبووە. (ابن خلكان) لە (وفيات الاعنان) دەڵێ کە یەکەم قوتابخانە لە هەولێر لە ساڵی (١١٣٧) دەرگەکانی خرایە سەر پشت. (ابن المستوفي) لە (تاريخ اربل، ل ١٥٨) دەڵێ کە زۆربەی قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە کورد بوونە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش بەڵگەی ئەوەمان بەدەستەوە هەیە کە دەبینین یەکێک لە مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیە تەرجومانێکی لەگەڵدا بووە بەناوی (ابوبكر بن عبدالله ابي بكر المهاني ١٢٣٠). (ابن المستوفي) دەڵێ: «تەرجومانەکە یارمەتیی مامۆستاکەی دەدا لە وەرگێڕانی قسە کوردییەکانی قوتابییەکان بۆ مامۆستاکە... هتد).

سوڵتان مزەفەر بیمارستان و ددانسازی و دەرمانخانە و تەمبەڵخانە و هەتیوخانەیشی دروست کردبوو. ابن خلكان باسی دەکا.

١٢٧٠- ١٢٩٠

جوگرافیاناسی ناوداری ئیتاڵی، مارکۆ پۆڵۆ (١٢٥٤ ـ ١٣٢٤) گەشتە ناودارەکەی بەرەو کوردستان دەکات و سەفەرنامەکەیشی لە کۆتاییی سالانی ١٢٩٠دا دەنووسێتەوە؛ وشەی (کوردستان)ی بەکار هێناوە.

– مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی (١٢٠٧– ١٢٧٣)، شەش جار زیاتر لە (كليات شمس تبريزي) ناوی (کورد)ی هێناوە.

١٢٨٣

راهیبی دۆمینیکیی ئیتاڵی Ricoldo da Montecrotce

(١٣١٨) چەندان جار وشەی (کوردستان)ی بەکار هێناوە. هەروەها (حمدالله المستوفي القزويني) لە (١٣٤٩) لە کتێبی (نزهة القلوب) ناوی (کوردستان)ی هێناوە.

١٣٣٦-١٤٠٥

دووەمین ئیمپراتۆری مەنگۆلی لەژێر فەرمانڕەوایەتی تەیمووری لەنگدا:

لە سەردەمی تەیموورلەنگدا، وەک لە (ظفرنامە)دا باسی لێ کراوە، میرنشینێکی بەهێزی کورد، لەژێر فەرمانڕەوای (ئیبراهیم خانی بەتلیسی)دا لە ئارادابووە. هەروەها لە ماوەی سالانی ١٢٩٧-١٣١٠دا چەندان راپەڕینی خوێناوی و بە هێزی کورد دژی فەرمانڕەوای مەنگۆل بەرپا بووە.

١٣٦٠

(ابن بطوطة) لە ١٣٧٧ مردووە، باسی ئەوە دەکا کە لەو سەردەمەدا شارەکانی مووسڵ و ماردین و سنجار چەند شارێکی کوردنشین بوونە.

١٣٩٠

(ابن خلدون) (١٣٣٢ـ ١٤٠٦) لە (کتاب العبر، ب ٢، ل ٤١٣ و ٤٦١) باسی ئەوە دەکا کاتێ هێزی مەغۆل کوردەکانیان تالان کرد و کوشتنیان، هەندێ لە هۆزە کوردەکان ناچاربوون بەرەو سووریا و میسر و جەزائیر کۆچ بکەن.

(فلۆرەنسا ١٢٤٣ـ ١٣٢١) هاتووەتە ئەرمینیا و تۆرۆس و بەغدا و مووسڵ، بە چیاکانی ڕەواندزیشدا تێپەڕ بووە و هاتووەتە شەقلاوە، هەندێ دەنگوباسی لەبارەی کورد و کوردستان لە کتێبەکەیدا بلاو کردووەتەوە. باسی گارزۆنی و گەلێک قەلای کوردستان دەکا کە ئەورووپی دروستیان کردوون.

١٢٨٧

جوگرافیاناسی چینی، رابان ساوما Rabban SAUMA لە سالانی ١٢٨٧ـ ١٢٩٠دا لە شاری پەکینەوە بە ڕێگەی سەمەرقەندەوە هاتووەتە تەورێز پاشان بە کوردستانی ئێران و تورکیای ئەمڕۆدا تێپەڕیوە تا گەیشتووەتە دەریای ڕەش، سەفەرنامەیەکی بایەخداری هەیە.

١٢٨٨

یەکەمین گرووپی مۆژدەگارە مەسیحییەکان، بە سەرۆکایەتیی Aorentin RICOLDO، لە ١٢٨٨دا بوو گەیشتنە شاری تەورێز، پاشان بە ناوچەرگەی کوردستاندا چوونە شاری مووسڵ.

١٣٢٨

- هونەری مەقامات و قۆریات لە هەولێر هەبووە. (بدرالدين الاربيللي) (ئەبو مەعالی بەدرەدین کوڕی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی (احمد الاربيللي)، شاعیرێکی هەولێری بووە و لە بەغدا نێژراوە (١٢٨٧- ١٣٥٤)، کتێبێک لەبارەی مەقامەکانی ناو هەولێر بە ناونیشانی (ارجوزة الانغام) بە عەرەبی دەنووسێ، لە مەقامەکانی ناو هەولێر دواوە.

بەشێکی کتێبەکەی، بە شیعر نووسیوە کە بریتییە لە (١٠١) بەیت بە زمانی عەرەبی. مەقامە بنچینەییەکانی دەسنیشان کردووە و دەڵێ:

و اعلم بان الرست اصل الكل
عنه تفرعت بحكم العقل

ئنجا سێ مەقامی تریش (زۆرکەند و عێراق و ئەسپەهان) بە بنچینەیی دادەنێت و پێی وایە کە هەموو مەقامەکانی تر لەم چوار مەقامەوە دروست بوونە و ژمارەیان دەگاتە (١٢)

مەقام.

– جـەلالەدین کـوڕی عـومـەر خـدری داسنێی کـوردی (١٣٩٧؟) کـتێـبێکی بە زمـانی عـەرەبی لەبارەی مـۆسـیـقـا نووسـیـوە بە نـاونیـشـانی (الكنز المطلوب في علم الدوائر و الظروب)، لەوێدا باسی گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەکا.

١٣٤٢

– کتێبی پیرۆزی مەسحەفا ڕەشی یەزیدییەکان.

– شـێخ عـیـسا بەرزنجی (١٢٨٣ ــ ١٣٥٣) بە کـوردی شیعری نووسیوە.

١٣٥٦ - ١٤٢١

– مەلا پەرێشان بە دیالێکتی گۆران شیعر دەنووسێ.

١٣٧٤

(الامام النواوي: الاذكار – للامام النواوي)، دەسنووسێکە بە زمـانی عـەرەبی، (خـضـر بن عـمـر الكويسنجـقلي) نووسـیـویەتیـەوە، لە کـتـێـبخـانەی جـەلیـزادان، واتە لە کتێبخانەی (مەلای گەورەی کۆیە) واتە باوکی مەسعوود محەمەد لە کۆیە پارێزراوە؛ دەسنووسەکە لەبارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و مەقامەکانی ڕۆهەڵات دەدوێ، هەروەها باسی چەندان مـۆسـیـقـاژەنی پایەداری سـاڵانی (١٢٠٠ تا ١٣٧٤) دەکـات، لەوانە مـۆسـیـقـاژەنی ناوداری ئەو زەمـانە: (الجمال المشرقي – خضر بن عمر) کە هەر خۆیشی کتێبە دەسنووسـە عـەرەبیـەکـەی، بەخـەتی خـۆی نووسـیـوەتەوە. شـایانی باسـە، دوکتۆر مـسـتـەفا جـەواد کـە مۆسـیـقـاناس و ڕووناکبیرێکی گەورەی هونەرمەندی بەغداییە، لە سـاڵانی حـەفـتـاکـان لە ڕۆژنامـەی (الثورة) لە وتارێکیدا لەبارەی مـەقـاماتی عێراقی، ئەم کـتـێبە و نووسـەرە کوردەکـەی، زۆر بەرز نرخاندووە. ئەم دەسنووسە شایانی ئەوەیە دوکتۆرای مۆسیقای پێ وەربگیرێت و تەرجەمەی کوردی بکرێ.

زانایەکی کوردی سووریا
میناتۆرێکی کوردستانی سووریا (سەدەی ١٨)



قەڵای کوردان، لە سووریا

مۆسیقای کوردی لە ساڵانی ١٧٠٠

کورد، له کاتی شەڕ، مۆسیقا: (ساڵانی ١٨٠٠)

قەوواله یەزیدییەکان، ساڵانی ١٨٠٠

دەروازەی دووەم

کرنۆلۆجیای کوردستان

له ١٥١٤ تا ١٨٩٨



کورد و مۆسیقا، ئەدمۆنز؛ ١٩٥٦

سالانی ١٤٠٠

١٤٣٥

قەرە قۆینلوو

بنەماڵەیەکی تورکمانی شیعەگەر بەناوی قەرە قۆینلوو «مەڕی رەش» کە ماوەیەکی زۆر بوو لە مەڵبەندەکانی ئەنادۆڵی ئاسیای بچووکدا گەیتشبوونە پلەی دەسەلات، لە ساڵی ١٤٣٥ باشووری رۆهەلاتی کوردستان (واتە کوردستانی عێراق و ئێرانی ئەمڕۆ) داگیر دەکەن. هەر لەو سەردەمەدا کە کوردەکانی موکریان زنجیرەیەک راپەرینی شێرانە دژ بەم بنەماڵە تورکمانە شیعەگەرە بەرپا دەکەن لەپێناو پاراستنی دەسەلاتی نەتەوەیی خۆیان لە ناوچەی باشووری گۆمی (ورمێ)دا .

١٤٧٠

ئاق قۆینلوو

بنەماڵەیەکی تری تورکمان بەناوی ئاق قۆینلوو «مەڕی سپی»- کە بەپێچەوانەی «قەرەقۆینلوو» سوننی مەزهەب و سوننەگەربوون لە ساڵی ١٤٧٠دا لە سەرەتادا ناوچەی هەکارییان داگیر کرد، پاشان تەواوی مەڵبەند و ناوچەکانی بۆتانیان خستە ژێر رکێفی خۆیان و شاری دیاربەکریشیان کردە پایتەختی خۆیان. سەرتاپای ئوستانی جەزیرە و مەڵبەندی بۆتان کەوتنە ژێر دەسەلاتیانەوە.

١٤٩٨

بەپێی سەرژمێرییەک لە ساڵی ١٤٩٨ کراوە، تەنیا لە سێ گوندی دەوروبەری ئەستەمبوڵدا (٣٨٢) کورد ژیاون.

سالانی ١٤٠٠

- نوێژە مەسیحییەکەی تۆماس مێتسۆب (١٤٠٠).

کوردناسی فەرەنسی، تۆما بوا، دەڵێ: لە ساڵی ١٩٣٧دا، پرۆفیسۆر عەبدولازادە لە ئارشیفخانەیەکی کۆنی ئەرمەنییەکاندا لە شاری ئێتشمیازین Etchmiadzin بە خەتی مێژوونووسی ئەرمەنی، تۆماس مێتسۆپ -T. MET SOP (کە لە ١٤٤٦دا مردووە) دەسنووسێکی دۆزییەوە کە لە سالانی ١٤٠٠دا نووسراوە و چەندان ئەلفابێی جۆراوجۆری تێدایە.. هەروەها چەند نوێژێکی مەسیحییەکانی تێدایە بە حەوت زمانی جیاواز، لەوانە بە زمانی کوردیش.

Thomas BOIS: Bulletin Raisonne d Etudes Kurdes, - Imprimerie Catholique, Beyrouth: 1964. P. 551.

- لە ژمارەیەک دەسنووسی ئەرمەنیدا چەند دێرێکی کوردی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی نووسراوە. یەکێک لەو دەسنووسانە لەبارەی رێزمانی ئەرمەنییە و لە سەدەی پازدەدا نووسراوەتەوە، بەلام چەند دوعایەکی بە عەرەبی و فارسی و کوردی تێدایە.

- مەولوودنامەکەی مەلای باتێ (١٤١٧- ١٤٩٥)، کە تۆژەران رایان وایە کۆنترین مەولوودنامەیە نووسرابێ. ئەم مەولوودنامەیە، کە بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروە و مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سالانی (١٤٠٠)، بەپێچەوانەی مەولوودنامەکانی تری سەدەی نۆزدەم، هەمووی بە شیعر نووسراوە.

١٤٦٠- ١٤٧٠

- مۆسیقاژەنی ناوداری کورد، عەبدولقادر مەراغەیی (١٣٥٤ - ١٤٣٤ یان ١٤١٩؟)، کتێبێکی بە ناونیشانی (جامع الالحان) نووسیوە، لەوێدا باسی گۆرانی و ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی دەکا.

١٤٤٢

شەهابەدین ئەحمەد (١٤١٠- ١٤٨١) ناسراو بە (مەلا گۆرانی) کە لە شارەزوور لەدایک بووە، لەسەر داوای سولتان مورادی دووەم، ساڵی (١٤٤١) دێتە ئەنادۆڵ و

سالّی (١٤٤٢) لە مەدرەسەکانی شاری بورسە دەست بە دەرسدانەوە دەکا، سالّی (١٤٤٣) دەبێتە مامۆستای سولّتان محەمەدی فاتیح لە ئەستەمبۆلّ لە ناوچەی (مانیسە). ئنجا پاشان لە سالّی (١٤٨٠) لە ئەستەمبۆلّ، ئەم زانا کوردە کراوەتە (شیخ الاسلام) تا کۆچی دواییکردنی لە (١٤٨٨).

– ئیدریسی بدلیسی (١٤٥٢– ١٥٢٠)، بەشێک لە کتێبەکانی لەبارەی پزیشک و گیانەوەرناسی و گەردووناسی، بە فارسی و ئەوانی تریشی بە تورکی نووسیون. (رسالة في اباحة الاغاني) بە فارسی نووسیوە.

١٤٤٦

بووژانەوەیەکی ئەدەبی بە دیالێکتی گۆران لە سای میرنشینی ئەردەلانەکاندا: شاوەیس قولی (١٤٠٧–١٤٨٢)، عالی قەلەندەر (١٤٣٤–١٥١٢). هەروەها مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە بنەماڵەی زانیاران (ل ١١٨) دەڵێ کە مەلا گوشایش ئیسلامەتیی لە هەوراماندا بلاو کردووتەوە.

١٤٧٣

بلاوکردنەوەی گەشتنامەکەی زێرنگەری باڤاری (ژۆهان سچیل بەرگەر) کە تێیدا باسی کوردستان دەکات و وەسفی گەلی کورد دەکات.

– مەولانا جامی لە ١٤٧٣ بە هەولێردا تێپەڕیوە.

١٤٩٢

پەنابەرە جوولەکە ئیسپانییەکان کاتێ کۆچیان کرد بەرەو تورکیا، دەزگای چاپیان لەگەڵ خۆیان بردە تورکیا، سولّتانی عوسمانی مۆڵەتی چاپی کتێبی پێیان دا بەلاّم بەمەرجێک کتێبەکان بە ئەلف و بێی عەرەبی نەنووسرێن. دواتریش ئەم مۆڵەتە بە کەمینە مەسیحییەکانیش درا، هەتا سەدەی هەژدەم لە سەرانسەری حوکمڕانیی عوسمانیدا کتێب بە خەتی عیبری، یۆنانی، ئەرمەنی، سریانی و هەندێک جاریش لاتینی چاپ دەکرا.. بەلاّم نەک بەو خەتە عەرەبییەی کە عوسمانی و موسڵمانەکان کەڵکیان لێ وەردەگرت.

کورد لەناو لەشکری عوسمانیدا، سالانی ١٨٠٠

منداڵبوون لە کوردستان. زننامە: ساڵانی ١٧٠٠

سالانی ١٥٠٠

دوو کوردی ئەنادۆڵ

سەدەی شازدەم

سەفەوییەکان لە ڕۆژهەڵات و

عوسمانییەکان لە ڕۆژئاوا

١٥٠٢

شا ئیسماعیل (یەکەمی) ئێران دەسەڵات دەگرێتە دەست و دەوڵەتی سەفەوی، بەناوی بنەماڵەکەیەوە لە ئێران دادەمەزرێنێ، کوردستانی ئەمڕۆی ئێران و عێراق، هەروەها بەشێکی کوردستانی تورکیاش (تاکو شاری مەڕەش) داگیر دەکات.

١٥١٢

عوسمانییەکان، کە تازە خەریکە دەسەڵاتیان لە ئەستەمبۆڵەوە بەرەو کوردستان نێزیک دەبێتەوە، دەیانەوێ کوردستانی ئەمڕۆی تورکیا بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

١٥١٤

شەڕی چاڵدێران، لەنێوان شا ئیسماعیلی سەفەوی ئێران و سوڵتان سەلیمی عوسمانیدا، لەو شەڕەدا (ئەمیرخانی بەتلیسی) پشتی سوڵتان سەلیمی عوسمانی دەگرێ دژ بە شا ئیسماعیلی سەفەوی: ئەمە دەبێتە هۆی تێکشکانی شا ئیسماعیلی سەفەوی، لە پاداشتی ئەمەشدا سوڵتان سەلیمی عوسمانی دان بە سەربەخۆیی میرنشینی (ئەمیرخانی بەتلیس) دەنێ و پەیمانی دەداتێ کە دەست نەخاتە ناو کاروباری ناوەخۆی ئەم میرنشینە کوردییەی ئەمیرخانەوە.

– بە فەرمانی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٨) میرنشین لە ناوچە کوردنشینەکاندا پێک هاتن کە هەموویان ملکەچی ئەستەمبوڵ بوون. لە هەمان کاتدا زۆربەی میرنشینە یاخییەکانی وەک (ئازیزان) و (حەسەنکێف) و (شێروان) ڕووخێندران.

سەدەی شازدەم

سەفەوییەکان لە ڕۆژهەڵات و

عوسمانییەکان لە ڕۆژئاوا

١٥٠٠

لە دەوروبەری ١٥٠٠دا، لە دەوروپشتی کێوی شنرۆێ لە نزیک هەڵەبجە، پەخشانەکانی (سرووودی یارسان) سەرهەڵدەدەن کە تێکەڵەیەکی پەخشان و شیعرن بە زارێکی تێکەڵی هەورامی – لەک – کرماشانی و پێیان دەگوترێ «دەفتەر»، ناودارترینیان برێتییە لە «سەرەنجام»؛ قسەکانیش پێیان دەگوترێ «کەلام». زۆربەی بۆچوون لەسەر ئەوە رێکن کە سوڵتان ئیسحاق نووسیونی و ئیمامی عەلی بە رەمزی خوا دەزانێ؛ بۆیەش بە پەیڕەوکارانی گوتراوە «عەلی ئیلاهی»، بە مەزهەبەکەشیان دەگوترێ «ئەهلی حەق».

– ئێڵ بەگی جاف ١٤٩٢– ١٥٥٣ بە دیالێکتی گۆران شیعر دەنووسێ.

١٥١٤

کوردستان لە ١٥١٤ بەملاوە دابەش کراوەتە سەر دوو ئیمپراتۆریەتی فارس (صەفەوی) و تورک (عوسمانی)

١٥٢٠

لەدایکبوونی سەیدەی هەورامی

١٥٣٠

بەرهەمەکانی عەلی هەریری. (هەندێک ڕایان وایە کە عەلی هەریری لە دەوروبەری (١٤٤٠) لەدایک بووە).

١٥٣٤ ـ ١٥٣٦

گەڕیدەی عوسمانی، ناسح مەترەقچی بە کوردستاندا گەڕاوە، لە (سولەیماننامە)دا باسی کوردستانی کردووە، کە لە ١٥٤٥دا لەگەڵ کۆمەڵێک میناتۆری کوردیدا بڵاو کراوەتەوە.

١٥١٥/٨/٩

مۆرکردنی پەیمانی میرنشینە کوردییەکان و سوڵتان، بە هاوکاریی مەلا ئیدریسی بەتلیسی کە لایەنگیری عوسمانییەکان بوو.

١٥٤٨- ١٥٤٩

داگیرکردنی بەشێکی ڕۆهەڵاتی کوردستان لەلایەن سوڵتان سلێمانی عوسمانییەوە. ئنجا هێرشکردنە سەر ڕواندز.

١٥٥٣

لەشکری عوسمانییەکان شارەزوور و بانە داگیر دەکەن.

١٥٥٩/٩/٧

عوسمانییەکان میری سۆران (میر سەیفەدین) لەسێدارە دەدەن.

١٥٦١

میرنشینی ئەردەڵانەکان، کە بارەگایان لە ساڵی (١١٦٨) لە قەڵای زەڵم بوو، لە ساڵی ١٥٦١ چوونە قەڵای مەریوان، ئنجا چوونە قەڵای پڵنگان.

١٥٨٠

تەیموورخان، بە هاوکاریی عوسمانییەکان میرنشینی ئەردەڵانی گرتە دەست.

١٥٨٦

دروستکرانی پردی ئاڵتوون کۆپری لەلایەن سوڵتان مورادی سێیەم بۆ هێرشبردنە سەر ئێران.

١٥٩٠/٣/٢١

لوڕستان و شارەزوور، بەپێی پەیمانێک لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا لە ئەستەمبوڵ، کەوتە دەست عوسمانییەکان.

١٥٤٥

ئەبوسوعوود ئەفەندی (١٤٩١- ١٥٧٥) یەکێکە لەو کوردانەی ئەستەمبوڵ کە ساڵانێکی زۆر لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونی و سوڵتان سەلیمی دووەمدا شەیخولئیسلامیی کردووە لە ئەستەمبوڵ. ناوبراو لە گوندی مودەڕیس لە لە دەوروبەری ئەستەمبوڵ لەدایک بووە، کوڕی زاتێکە بە ناوی شێخ موحێدین مستەفا، بنەماڵەکەیان لە ئامێدییەوە هاتوونەتە ئەستەمبوڵ، بۆیە بە ئەبوسوعوود عەمادییەوە ناسراوە. ئەبوسوعوود ئەفەندی لە مەدرەسەکانی داود پاشا و مەحموود پاشا کاری کردووە. پاشان دەبێتە قازی، ئنجا لە (١٥٤٥) بە (شیخ الاسلام) دادەمەزرێ.

– مەلا ئیدریسی بەتلیسی (١٤٥٢- ١٥٢٠) پیاوماقووڵێکی تری ناسراوی کورد بووە کە خزمەتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیی زۆر کردووە. خاوەن بیست کتێبە بە زمانی عوسمانی، لەوانە (سەلیمنامە) و (شاهەنشای قانوونی) کە دوکتۆرای لەسەر وەرگیراوە. لەسەر داخوازیی سوڵتان بایەزیدی دووەم (١٤١٨- ١٥١٢) بۆ نووسینی مێژووی عوسمانی، کتێبی (هەشت بەهەشت) دەنووسێ و ناوبانگێکی گەورە پەیدا دەکا. دواتر سوڵتان سەلیم (١٤٦٧- ١٥٢٠) نزیکی خۆی دەخاتەوە.

١٥٥٧

سەیدی عەلی رەئیس دەفتەرداری دیاربەکر؛ لە ١٥٥٣- ١٥٥٧ لە گەشتنامەکەیدا بە عوسمانی، باسی سەرتاپای کوردستانی کردووە.

١٥٦٣- ١٦٤١

فەقێی تەیران. شیعر بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو

١٥٦٧- ١٦٤٠

مەلای جزیری، کە یەکەم شاعیری کوردە، وشەی (کوردستان)ی لە شیعرەکانی خۆیدا بەکار هێنابێت.

کەریمخانی زەند

١٥٧٧

بیرەوەرییەکانی مەئموون بەگ، راپۆرتێکە بە زمانی تورکیی عوسمانلی، کە مەئموون بەگی بێگە بەگ لە سەرەتای مانگی گولانی (١٥٧٧) لە ماوەی زیندانکرانیدا لە حیللە کە ١٣ ساڵێک تێیدا ماوەتەوە، لە شێوەی سکالانامە بۆ سوڵتان موورادی عوسمانی نووسیوە. بیست ساڵ پێش (شەرەفنامە) نووسراوە. ئەمرۆ بە بەڵگەنامەیەکی گرینگ دژمێردرێ لەبارەی مێژووی کوردستانی ساڵانی (١٥٠٠) بەتایبەتی لەبارەی مێژووی میرانی ئەردەڵان.

١٥٨٦ - ١٥٨٧

سەلیمی سلێمان، شاعیری کوردستانی تورکیا: داستانەشیعری یووسف و زلێخا.

١٥٩١

عەلی تەرەماخی لە ١٥٩١ بەدواوە هەڵکەوتووە. (قەواعیدی عەرەبی)ی بەزمانی کوردی نووسیوەتەوە.

١٥٩١ـ١٥٩٧

میر شەرەفخانی بەتلیسی (١٥٤٣ ــ ١٦٠٦) لە ١٥٩١ دەست دەکات بە نووسینی کتێبی (شەرەفنامە) کە لە ١٥٩٧/٨/٤ لە نووسینی تەواو دەبێ. بیست میناتۆر بۆ کتێبەکەی دروست دەکات کە دەبن بە گەنجینەیەک بۆ مێژووی هونەری نیگار لە کوردستاندا.

لەنێو میناتۆرەکانی ژمارە (١) و (٦) و (٩)دا وێنەی چەند ئامێرێکی مۆسیقایی کێشراون، لەوانە: بووق و کەڕەنا و تەمبوور یان ساز. ئەم دیاردەیە دەیسەلمێنێ کە لە چوارچێوەی میرنشینی بەتلیسدا لە دیوەخانی شەرەفخاندا بەشێوەیەکی گشتیش لە کوردستاندا مۆسیقا خولیایەک و گۆرانی هونەرێکی بەرەواج بووە.

میناتۆرەکانی شەرەفنامە لە هەموو ڕوویەکی ئەتنۆگرافی و ئەدەبی و شێوەکاری و کۆمەڵناسی و دینی و ئێستاتیکا و مێژووییەوە بایەخی خۆیان هەیە.

شەرەفخان لە قوتابخانەی شادا فێری ڕێوشوێنی وێنەکێشی بووە. قەڵەمەکەی خۆیی چواندووە بە قەڵەمی

١٥٩٧

– میر شەرەفخانی بەتلیسی (١٥٤٣ ـ ١٦٠٦)، لە ١٥٩٧ میری میرنشینی بەتلیسە.

شەرەفخانی کوڕی شەمسەدین خانی بەتلیسی، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا چووەتە قوتابخانەی شاتەهماسبی کوڕی شا ئیسماعیلی سەفەوی کە تایبەت بووە بە کوڕانی گەورە پیاوان. لە پاڵ ئەوەی میری بەتلیس بووە، نیگارکێش و مێژوونووسێکی کارامەش بووە. شەرەفخان نووسیویە ئەو دەمەی لە قوتابخانەی شا بووە، شا تەهماسب کاتی سەردانیان گوتوویە جاروبار ئاگاتان لە سەنعاتی (نەقاشی) واتە هونەری وێنەکێشی بێ. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەو سێ ساڵەدا دەرسی وێنەکێشی خوێندووە. شاتەهماسب خۆیشی نەقاش بووە و باوکی ناردوویە بۆ قوتابخانەی نەقاشی لە شاری هەرات تا لەلای گەورە نەقاشانی قوتابخانەی نەقاشیی تەیموری فێری نەقاشی ببێ.

دەمتیژ و بە لەنجەولاری (الواسطي).

– ئەدەبیاتی کوردی لەناو شار و حوجرەی مزگەوتەکاندا لەدایک بوو و لەنێو دیوەخانی ئەرستۆکراتە کوردەکاندا پەروەردە کرا. شاری بەتلیس نزیکەی ٥٠٠ زانا و قوتابی و شاگردی تا کۆتاییی سەدەی ١٦ پەروەردە کردووە. لە سەدەی ١٧مدا ٥ مزگەوتی گەورە، ٥ قوتابخانەی دینی، ٧٠ مەکتەب (قوتابخانەی سەرەتایی)، ١٩ تەکیە (ناوەندی دینی). ئەم داوودەزگایانە بە داهاتی زەوی و گوند و دووکان و گەرماوەکان بەڕێوە دەچوون. بەتلیس ٥ هەزار خانوو، قەڵایەکی ٣٠٠ خانوویی کە بۆ نزیکەی ٥٠٠ ٢٦ کەس دروست کرابوو. میری بەتلیس، عەبداڵ خان، نووسەر و مێژوونووس و فیزیکناس، کتێبخانەیەکی هەبوو کە چەندان هەزار کتێبی تێدا بوو، هەندێکیانی لە ئەوروپاوە لۆ هاتبوو.

شاری بازید، کۆشکەکەی ئیسحاق پاشا

ساڵانی ١٦٠٠

لە قامووسی لاڕووسی فرەنسی وەرگیراوە

ساڵانی ١٦٠٠

١٦٠٣

هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان سەفەوی و عوسمانی لەسەر دابەشکردنی کوردستان. شاعەباسی سەفەوی هێرشێک دەکاتە سەر کوردستانی تورکیا کە لە ٢٤/٨/١٦٠٥دا سەردەکەوێ.

٥/ ١٢/ ١٦٠٨

شەڕی قەڵای دمدم لە نێوان خانی لەپزێڕین و شا عەباسی سەفەویی ئێران. دوای مانگێک بەرگری قەڵای دمدم دەگیرێ. لە هەمان ساڵیشدا فەرمانڕەوایەتیی کوردیی ناوچەی برادۆست دەگیرێت. ناوچەی موکریان، لەلایەن شاعەباسەوە، دەدرێتە (شێربەگ)، کوردێکی داردەستی شاعەباس.

١٦٣٦

میرنشینی ئەردەڵانەکان کە بارەگایان لە ساڵی (١١٦٨) لە قەڵای زەڵم بوو، پاشان لە ١٥٦١ چوونە قەڵای مەریوان، ئنجا چوونە قەڵای پڵنگان و پاشان بۆ قەڵای حەسنە ئاوا – کە مەستوورە خانمی ئەردەڵانی لە مێژوونامەکەی خۆیدا باسی ئەو قەڵایەی بەفراوانی کردووە و هەروەها گەڕیدەی ئینگلیزیش، جان مالکۆڵم (١٧٦٩– ١٨٢٣) کە سێ جاران چووەتە سنە لە ساڵی (١٨٠٨) باسی قەڵای حەسەن ئاوای کردووە–؛ لە کۆتاییشدا ئەردەڵانەکان لە ساڵی ١٦٣٦ شاری سنە دادەمەزرێن و بەیەکجاری لەوێ دەمێننەوە. بەم شێوەیە، شاری سنە تاکو ١٨٦٧ بووە پێتەختی ئەردەڵانەکان.

١٦٣٩

بەپێی پەیمانێک لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێرانی سەفەویدا، ئێران شارەزووری لەدەست چوو. میرنشینی ئەردەڵانیش تەنیا ئەودیو زاگرۆسی بۆ مایەوە: بووە موڵکی بابان.

ساڵانی ١٦٠٠

– مەلای جزیری (١٥٦٧– ١٦٤٠) ناوی ئەم ئامێرە مۆسیقاییانە دەهێنێ کە لە کوردستاندا بەکار هاتوون: ڕوباب، چەنگ، نای، قانوون، ئەرگەنوون، دەف، هەروەها ناوی دەیان جۆر مەقام.

١٦١٤

پیەترۆ دیللا ڤاللا، ڕۆهەڵاتناسی ئیتاڵی لە ١٦١٤ لە بەرگی دووەم، ل ٨ چاپی ئیتاڵی باسی کوردستان و زمانی کوردی و ئێگزەنەفۆن و سەلاحەدینی ئەیووبی دەکا. لە باسی زمانی کوردیدا دەڵێ: " کوردەکان زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و زمانەکەیان لە زمانی دراوسێ عەرەب و عەجەمەکانیان ناچێ ".

١٦٢٠؟

کتێبە ڕێزمانییەکەی عەلی تەرەماخی (صرف و بعضی اصول لازمە یی تعلیمە بزمانی کورمانجیە) کە برێتییە لە ڕێزمانی عەرەبی بە زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجیی باکور)، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمدا (١٦٠٠) نووسراوە. بەڵام مەلا مەحموودی بایەزیدی ئەم کتێبەی سەرلەنوێ لە ساڵی ١٨٥٧دا نووسیوەتەوە.

١٦٣٢

کوردناسی فەرەنسی، ژان باپتیست تاڤێرنیێ Jean- Bap- tiste TAVERNIER لە ١٦٣٢ هاتووەتە کوردستان. سەفەرنامەکەی بە ناونیشانی Les six voyages en Perse، لە ساڵی ١٦٧٦– ١٦٧٨ لە سویسرا چاپ کراوە. زیاتر لە هەشتا لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ کوردستانی ساڵانی ١٦٣٠. لە ب ٢، ل ٢٨، دەڵێ: «ئەو وڵاتەی لە هەموو وڵاتێکی تر بە هێزتر و سەرنجڕاکێشترە. لەبەرئەوەی نە سەر بۆ سوڵتانی عوسمانی دادەنوێنێ. نە پاشای فارسەکانیش بەهیچ دەزانێ. ئەمە لە کاتێکدا هەموو میرەکانی تر، سەر بە یەکێک لەم دووانەن».

ژیانی سیاسی

١٦٥٥

سوڵتانی عوسمانی، مەلیک ئەحمەد پاشای دڕندەی تورک، والیی (وان)، دەنێرێتە سەر میرنشینی بەتلیس و وێرانی دەکا: سووتاندن و تاڵانکردنی ماڵە میر، ئنجا شار و دێهاتەکان دەخاتەوە ژێردەستی عەسکەری تورک.

١٦٦٩

قەڵاچوالان بووە پێتەختی میرنشینی بابان و لە سەردەمی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە (١٦٨٦) گەیشتە ئەوپەڕی هێزی خۆی.

ژیانی کولتووری

١٦٥٤-١٦٥٥

سووتاندن و تاڵانکردنی تابلۆ و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی عەبداڵ خانی هونەرمەند، کوڕی زیائودینی کوڕی شەرەفخان (٧٦ کتێبی دانراو) لەلایەن مەلیک ئەحمەد پاشای دڕندەی تورک، والیی (وان).

لە سەردەمی میری بەتلیس، عەبداڵ خان، کە وێنەکێش و خۆشنووس و نەخشکار (نەققاش)یش بووە، دۆخی هونەری نیگار و ئەدەبیات و مۆسیقا و گۆرانیی کوردی لەوپەڕی پێشکەوتندا بووە. لەم بارەیەوە، گەڕاڵی عوسمانی، ئەولیا چەلەبی، لە سەفەرنامەکەیدا، بەتایبەتی باسی مۆسیقای کوردی و گۆرانیبێژەکانی شاری مەڵاتیە و دیاربەکر دەکا؛ چەند تێکستێکی گۆرانیی بۆمان تۆمار کردووە. یەکێک لە تێکستەکان، بریتییە لە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی ناوچەی زاخۆ کە لەبارەی رووباری خاپوورەوە بە مەقامی شوورەگر دەیڵێن.

١٦٠٠-١٨٠٠

لە ناوچەی هەورامان کە بەشێک بووە لە میرنشینی سەربەخۆی ئەردەڵان، مەڵبەندێکی ئەدەبی دروست بووبوو بە دیالێکتی گۆرانی دەیاننووسی. مێجەرسۆن تەنیا پێنج شاعیری بە نموونە هێناوەتەوە: شێخ ئەحمەدی تەختی، مەلا تاهیری هەورامانی، محەمەد قولی سلێمان، مەحزوونی و فەرخی پاڵەنگانی. هەروەها: یووسف ئیسحاق کە لە ١٦٣٦دا کۆچی دوایی کردووە، لەگەڵ مستەفا بێسارانی. شیعرەکانیان لیریکای خۆشەویستی و سروشتن، کێشی سیلابین بە قافیەی مەسنەوی.

١٦٤٣- ١٧٠١

بێسارانی، کە شیعری بە هەورامی نووسیوە.

١٦٨٢

ئەحمەدی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٧): داستانی مەم و زین؛ سەرهەڵدانی بیری کوردایەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا. خانی لەوە گەیشتبوو کە گەشەسەندنی کولتوور، بەوە دەبێ بە

کوردی بنووسرێ، بۆیە دەستی کرد بە گوتنەوەی دەرسی کوردی لە حوجرەکەیدا. هەروەها لە ساڵی (١٦٨٢-١٦٨٣) فەرهەنگێکی عەرەبی - کوردی دانا بۆ منداڵان بە ناوی (نۆبار) کە دەبێتە یەکەمین قامووس لە مێژووی کورددا. ناوبراو وشەی عەکس و نەقش و نەقاشیی بەکار هێناوە:

گەنجینەئی جەوهەری ببت فاش
ثابت ببتن ژ نەقشی نەقاش

خانی ناوی ئەم ئامێرانە دەهێنێ لە کوردستاندا: سەنتوور، جەرەس، میزراب، زورنا، نەفیر، تەپڵ، کەمانچە، عوود، تەمبوور، ڕوباب، چەنگ، نای، قانوون، ئەرگەنوون، دەف.

ئەحمەدی خانی ناوی هەموو ئەم مەقامات و ئاوازانەیشی هێناوە کە لە کوردستاندا برەویان هەبووە: عوششاق، نەوا، ئووج، کوردان، ڕەهاوی، گووشت، شەهناز، حەزین، ئاهەنگ، تەرەنوم، سەروسەهی، سەبا، نەوبەهاری، دڵگوشا، نەغمە، نسفیە، هوزار، ئەوازە، گوڵڕوح، دڵڕوبا..

کوردەکانی لوڕستان

لە ڕیزی سەرەوە، لە دەستە ڕاستەوە: یەکەم و چوارم کەس، کوردی لوڕ و بەختیارین.



لە ڕیزی خوارەوە، دوو سەربازی سەلاحەدین ئەیووبی، پەڕی تاوسیان لە خوورزەکەیان بەستووە

قەڵای کوردان، دروستکراوی سەلاحەدین ئەیووبی لە نێزیک حەلەب لە سووریا

سالانی ۱۷۰۰

– میرنشینی ئەردەلان، شاری (سنە) پایتەختیانە.

– عوسمانییەکان عێراقیان دابەش کردبووە سەر سێ ویلایەت: مووسڵ و بەغدا بەسرە. هەر ویلایەتێک والییەکی هەبوو. دومینیک لانزا دەڵێ: دانان و لابردنی هەر والییەک بەدەست سوڵتانەوە بووە. هەر و الییەکی هاتبێتە مووسڵێش خەڵکی مووسڵ نەبووە، ئەوەندەش دەسەڵاتی بەسەر ویلایەتی مووسڵەوە نەبووە.

۱۷۰۱

قوباد پاشای میرنشینی بادینان (لە ئامێدی).

۱۷۱۷

کوردناسی فەڕەنسی، (توورنەفۆرت) لە ساڵی (۱۷۱۷)دا بەدەست و قەڵەمی خۆی، بەپەڕەمووچ وێنەی کورد و ژیانی کوردستانی ڕەسم کردووە و لە کتێبەکەیدا بڵاوی کردووەتەوە.

۱۷۱۹

چەندان ڕاپەڕینی خوێناوی کورد لە کوردستانی ئێراندا دژ بە دەوڵەتی سەفەوی ئێران، ڕاگوێزرانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵە کوردەکان، لەلایەن شاعەباسەوە، بەرەو خوراسان و شوێنی تری دەرەوەی کوردستان، لەپێناو دامرکاندنەوە و لێک داپچڕینی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد.

۱۷۲٦

فەرهاد پاشا میری بابانە؛ بارام پاشا میری بادینانە.

۹ی ئاداری ۱۷۳٦

نادرشا حوکمڕانیی ئێرانی گرتە دەست و کوردستانی ئێرانی داگیر کرد. ئیتر لە ۱۷۳٦ تا ۱۷٤۷ خەریکی ڕاگواستنەوەی زۆرەملێی کورد دەبێ بەرەو ڕۆهەڵاتی ئێران.

نادرشا لە ساڵی ۱۷۳٦ دا لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی دەکەوێتە کێشەو گفتوگۆوە لەسەر کێشەی کوردستان و

سالانی ۱۷۰۰

لە سەردەمی ئەردەڵانەکاندا دەرەتانێکی باش بۆ گەشەکردنی هونەری کوردی بەتایبەت شیعر خوڵقابوو کە تا کۆتاییی سەدەی هەژدەمیش درێژەی کێشا.

سروشتی شیعرپەروەریی ناوچەکە و لاساییکردنەوەی خانانی ئەردەڵان لە "دەربار"ی شایانی ئێران بۆ نازپێدانی شاعیران، دوو هۆی سەرەکی بوون بۆ برەوپێدانی ئەدەبی کوردی لە ناوچەی ئەردەڵاندا.

ئەدەبی ناوچەکە بەگشتی شوێنی زۆری ئەدەبی فارسیی لەسەر بوو. بەشێک لە شاعیران بە فارسی شیعریان دەگوت (مەستوورە، ئەفسەر، ڕەونەق) بەشێکی تریش بەرهەمی فارسییان وەرگێڕایە سەر کوردی (خانای قوبادی، میرزا شەفیعی کەندوڵەیی، ئەڵماس خانی کەندوڵەیی). وەرگێڕاوەکان هەرچەند لە چوارچێوەی دەقە بێگانەکاندا قەتیس دەمانەوە، بەڵام ڕەنگ و بۆنی ژیانی کوردەواری و زمانی کوردییان دەدا. یەک لەو تەرجەمانە خوسرەو و شیرینی نیزامی گەنجەوییە کە لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تریشی، لەلایەن خانای قوبادییەوە کراون.

– گۆرانیی (سیاچەمانە) لە شێوە و کلێشەی هیجایی، دوو میسراعی، لە هەورامان، پاشماوەی سترانە زەردەشتییەکانە. ناوەڕۆکێکی دینی و عیرفانیی هەیە. نووسەری ناوداری عەرەب، شمس قیس رازی لە (کتاب المعجم في معايير اشعار العجم) باسی لێ دەکا.

۱۷۱۱

– پەندی کوردی بە ئەلفابێی ئەرمەنی.

– د. کەمال مەزهەر، لەبارەی دەسنووسە کوردی بە ئەلفابێ ئەرمەنییەکانی ئارشیفخانەی شاری ماتێنەدەرانەوە لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا دەڵێ کە لەوێدا " ئینجیلێکی دەسنووس بە زمانی کوردی و بە پیتی ئەرمەنی هەیە کە دوور نییە لە سەدەی هەژدەدا نووسرابێتەوە "

ژیانی سیاسی

دیاریکردنی سنووری نێوان دەوڵەتی ئێران و عوسمانی، زنجیرەیەک ڕاپەڕین و شەڕوشۆڕی خوێناوی لە نێوان کورد و لەشکری نادرشادا.

١٧٤٧- ١٧٧٩

فەرمانڕەوایەتیی کەریم خانی زەند، کە بە بنەچە کورد بوو، لە ئێراندا؛ پایتەخت: شیراز.
کاتێ کەریم خانی زەند فەرمانڕەوای ئێرانە؛ شەڕوشۆڕ لە نێوان بابان و ئەردەڵان پەیدا دەبێ.
لە ١٧٧٩ بنەماڵەی قاجارەکان دەسەڵات لە کەریم خانی زەند دەسێننەوە و جڵەوی حکومەتداریەتی ئێران دەگرنە دەست.

١٧٥٢

خەسرەوخانی ئەردەڵانی مل بۆ سەلیم پاشای بابان کەچ دەکا. لە ١٧٦٣ سلێمان پاشا (کە لە ١٧٤٧ بووەتە میری بابان) هێرش دەکاتە سەر ئەردەڵان و دەشکێ.

٧١- ١٧٧٣

بێ بارانی و تاعوون و قاتوقڕییە ناودارەکەی کوردستان.

١٧٧٩

مەحموود پاشای باوکی ئەوڕەحمان پاشا دەبێتە میری بابان.

١٧٨٣- ١٧٨٤

دامەزراندنی سلێمانی لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە لە سەردەمی دوایین ساڵی فەرمانڕەوایەتیی باوکییەوە، سلێمان پاشا.
عەبدولڕەحمان پاشای بابان (١٧٨١- ١٨١٤) هانی کوردە کۆچەرییەکانی دا بۆ ئەوەی شێوەی کۆنفێدڕاڵیەتی جافایەتیی خێڵەکی بگۆڕدرێ بۆ جێگیربوون لەناو میرنشینەکەی، ئەویش بە بەخشینی زەویوزارێکی زۆر پێیان و وردە وردە کەوتنە داچاندنی کێڵگە و کشتوکاڵکردن و خانوو بیناکردن لەو ناوە، کە چوار ساڵ درێژەی کێشا تا شارەکە دروست بوو.

ژیانی کولتووری

١٧٤٥- ١٨٠١

وەلی دێوانە، کە شیعری بە هەورامی نووسیوە،

١٧٥٠

خانای قوبادی (١٧٠٤- ١٧٧٨) لە شیرین و خوسرەوەکەیاندا ناوی سی (٣٠) لە ئاوازە کوردییەکانی بردووە. بە یەکەمین وەرگێڕ دادەندرێ: فارسی – کوردی.

١٧٥٠- ١٨٠٩

ڕەنجووری، بە دیالێکتی گۆران شیعری نووسیوە. یەکەم کوردە کرۆنۆلۆجیای کوردستانی نووسیبێتەوە، بە فارسی (ساڵنامە).
؟١٧٥٠: د. کەمال فوئاد لە کەتەلۆگی دەسنووسە کوردییەکانی پارێزراو لە کتێبخانەی بەرلین باسی دوو نوسخەی خوسرەو و شیرین (٢٠ و ٨٨) و سێ نوسخەی شیرین و فەرهاد (٢ و ٢٠ و ٨٩) دەکات و بە هۆنراوەی ئەڵماس خانی کەندوڵەیی و میرزا شەفیعی کەندوڵەیی ناویان دەبات. چەندان تابلۆ و نیگاری سەدەی ١٨م دەبنە گەنجینە بۆ مێژووی هونەری شێوەکاری.

١٧٥٦- ١٨٢٥

پرتەو بەگی هەکاری بە کرمانجیی ژووروو شیعر دەنووسێ.

١٧٥٨

حارِسی بەتلیسی بە کرمانجیی ژووروو شیعر دەنووسێ.

ناوەڕاستی ساڵانی ١٧٦٠

مەلا محەمەدی سێوچی (؟ – ١٧٧٦): (تذكرة الاعوام) (بەیتی ئەوەڵ و ئاخر)، بە کوردی، پەخشان و شیعرە (٤٠) لاپەڕەیە. محەمەد عەلی قەرەداغی چاپی کردووەتەوە: چاپخانەی کامەران، سلێمانی: ١٩٧٩.
– ماوەی ١٧٥٨- ١٨٢٢ بە سەردەمی زێڕینی مزگەوتی گەورە دادەنرێ، چونکە لەو کاتەدا شێخ مەعرووفی نۆدێ و باوکی، لەوێ دەرسیان گوتووەتەوە.
– شێخ مەعرووفی نۆدێ (١٧٥٣- ١٨٣٧)، بەهۆی

١٧٨٤ ـ ئابی١٨٣٦

میرنشینی سۆران، پایتەختەکەی لە ڕەواندز بووە. پاشای کۆرە لە چارەگی یەکەمی سەدەی ١٩مدا فەرمانڕەوا بووە.

١٧٧٩

دەوڵەتی بنەماڵەی قاجارییەکان لە ئێران، کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی کەریم خانی زەند.

١٧٩٤

قاجارییەکان دەسەڵات لە کەریم خانی زەند دەسێننەوە و دەبنە فەرمانڕەوای ئێران: فەتح عەلی شا.

– ئەوڕەحمان پاشای بابان چیای سنجاری گرت و گەیشتە ئورفە.

١٧٩٩

ئەوڕەحمان پاشای بابان بە فەرمانی بەغدا کرا بە حاکمی حەریر و کۆیە، دواتر بۆ حیللە دوورخرایەوە. پاشان سلێمان پاشای بابانیش کوژرا.

باوکییەوە گەیشتووەتە قەڵاچوالانی بابانەکان. ئنجا لە سلێمانی دەیان قوتابیی پێ گەیاندووە.

١٨٣٢ -١٧٧٢

مرادخانی بایەزیدی بە کرمانجیی ژووروو شیعر دەنووسێ.

١٧٨٤

کتێبخانەی مەلا عەلی سەححاف لەلایەن مەلا برایمی قولەڕەشییەوە: کتێب فرۆشتن و بەرگ تێگرتن و چاککردن و نووسینەوە، لە شارەزوور.

١٧٨٧

یەکەمین قامووسی ئەورووپی – کوردی (ئیتاڵی – کوردی)، یەکەمین کتێب لەبارەی ڕێزمانی کوردی، نووسراوی قەشەی ئیتاڵی، مۆریزیۆ گارزۆنی Morizio GARZONI، کە لە ڕۆما بە ناونیشانی Grammatica e vocabulairio della lingua kurda بڵاوی کردووەتەوە؛ ناوی کورد و زمانی کوردیی بۆ یەکەم جار کردووەتە ناونیشانی کتێبێک؛ لەگەڵ چەند کورتە تێکستێک بە زمانی کوردی.

گارزۆنی، کە سەرۆکی وەفدێکی مۆژدەگاران بوو، لە ساڵی ١٧٦٢دا دەگاتە مووسڵ، ئنجا دوو ساڵ درەنگتر لەگەڵ وەفدەکە دەچنە ئامێدی و تا ١٧٧٠ لەوێ دەمێننەوە، پاشان گارزۆنی لە ١٧٨٣دا دەگەڕێتەوە ڕۆما. لە ساڵی ١٧٨٦ تا ١٧٨٩ دیسان لەگەڵ وەفدێکی تری مۆژدەگاران دێتەوە مووسڵ. ئنجا پاشان دەگەڕێتەوە ڕۆما و ساڵی ١٧٩٠ کۆچی دوایی دەکا. کوردناسەکان بەم قەشە ئیتاڵییەی دڵسۆزی کورد دەڵێن «باوکی کوردناسی و دامەزرێنی زانستی کوردۆلۆجی».

١٨٨٥ -١٧٨٩

کاک ئەحمەدی شێخی کوڕی شێخ مەعرووفی نۆدێ.

١٧٩٠

(ابن آدم) بە زمانی کوردی پێشەکی بۆ کتێبە ئەستێرەناسییەکەی (مشكاة المنقول) دەنووسێ. مەسعوود محەمەد لە کتێبی (حاجی قادری کۆیی) باسی کردووە.

کوردستانی تورکیا
میناتۆرێکی سەدەی هەژدە

١٧٩٣ - ١٨٧٦

ئەحمەدبەگی کۆماسی، شیعر بە هەورامی.

١٧٩٣- ١٨٧١

ڕەحمەتوڵلا سوڵتان، ناسراو بە (شەڵتاغ)، کوردی کفری، یەکێک لە مەقامبێژ و مۆسیقاژەنەکانی کوردستانی عێراق لە کەرکووک و بەغدا، مەقامی تفلیسی داهێناوە. شێخ جەلال حەنەفی لە (المغنیون البغدادیون) باسی دەکا.

١٧٩٧- ١٨٥٥

نالی، بناخەدانانی شیعر نووسین بە دیالێکتی (سۆرانی).

١٧٩٧- ١٧٩٨

نووسەرێک بە ناوی (مەلا مەحموود) بە دیالێکتی کرمانجی کتێبێک لەبارەی پزیشکی بە ناوی (طوبیا کوردی) دەنووسێ. لە گەنجینەی م. (عبدالرقیب یووسف) پارێزراوە.

١٧٩٩

دەسەلاتی عەبدولڕەحمان پاشای میرنشینی بابان لە ناوچەی شارەزوورەوە تا کۆیە و هەریر و دەوروبەری کەرکووک ڕۆیشتبوو. وردە وردەش زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو تایبەت بەو ناوچەیە سەری هەڵدابوو، شیعر و ئەدەبیاتێکی پێ نووسرابوو کە تا ڕادەیەک جیاواز بوو لەو دیالێکتەی کە لە سەردەمی خانی و جەزیری (لە سالانی ١٦٠٠) بەکار دەهات.

١٧٩٩

مەلا محەمەدی شەریف (قازیی ئەردەلان): زبدة التواریخ، بە زمانی فارسی، لە ١٧٩٩ لەبارەی مێژووی کوردستان و میرنشینی ئەردەلان نووسراوە.

سالانی ۱۸۰۰

Cavalier kurde.

سالآنی ۱۸۰۰

۱۸۰۲

ئەورەحــمــان پاشــای بابان، ئامــانجی: رزگــارکــردنی کوردستان بوو لەدەست عوسمـانییەکان و قاجارییەکانی ئێران. لە چارەگی یەکەمی ئەو سەدەیەدا زنجیرەیەک شەڕ و پەلاماری لە هەردوو لاوە دەکرێتە سەر.

۱۸۰٦- ۱۸۱۲

شـەڕی نێوان رووسـیـا و دەوڵەتی عـوسـمـانی رەوکـردن و ئاوارەبوونی کورد لە تورکیاوە بەرەو رووسیا.

۱۸۰۷

دەسەلاتی عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە (۱۸۰۷) شکستی خوارد و پەنای بردە ئەمانوڵلای ئەردەلانەکان لە سەقز.
عــەبدولڕەحــمـــان پاشـــای بابان لە (۱۸۱۳) چووەوە سلێمانی و دەسەلاتی گرتەوە دەست.

۱۸۱۲

بەدرخـان پاشـا دەســەلاتی مـیـرنشـینی بۆتان لە جـەزیرە دەگرێتە دەست

۱۸۱۸

موبەشیرە ئەمریکاییەکان یەکەم سەنتەری تەبشیریيان لە (ورمێ) دامـەزراند، کـە سـەر بە ئەنجـوومـەنی ئەمـەریکایی بوون لە بۆستۆن.

۱۸۱۸

ئەو دەمەی مستەر ڕیچ (لە ۱۸۱۸–۱۸۲۰) دەچێتە سلێمانی مەحموود پاشا میری بابان بووە.

۱ / ٤ / ۱۸۲۰

گەڕاڵی ئینگلیز،، مستـەر ڕیچ دەگاتە کوردسـتـان: باس و خواسەکانی شاری سلێمانی و میرنشینی بابان.

سالآنی ۱۸۰۰

۱۸۰۰- ۱۸۳٤

خوسرەو بەگی ئەردەلانی: لب التواریخ (کاکڵەی مێژووەکان) بە زمـانی فـارسی لەبارەی مـێـژووی کـورد و ئـەردەلانەکـان لەسەر داخوازیی خوسرەو خانی دووەمی ئەردەلانی – ناکام (۱۸۰۰- ۱۸۳٤) لە سالآنی (۱۸۰۰- ۱۸۳٤) نووسراوە.

۱۸۱۰

محمد ابراهيم اردلاني: ذيل شرفنامە، لە ۱۸۱۰ بە فارسی، لەســەر ڕاســپــاردەی امــان الله خــانی گـەورەی ئـەردەلانی (۱۷۷٥- ۱۸۲٤)، لەبارەی مێژووی کوردستان نووسراوە.

۱۸۰۰- ۱۸٦٦

سالم، لە مەڵبەندی بابان، شیعر بە (سۆرانی).

۱۸۳٥ - ۱۸۹٥

مـەڕبێنی قـەشـە، یەکـێک لە مـەقـامـبـێـژ و مـۆسـیـقـاژەنە ناودارەکانی کۆیە.

۱۸٤٥

مـەسـتـوورە خـانمی ئـەردەلانی (مـاە شـەرەفـخـانم) ۱۸۰٥- ۱۸٤۷، جگە لەوەی کـە شـیـعـری بـە کـوردی و فـارسی نووسیوە، بە یەکەمین ژن دەژمێردرێت لە هەموو ڕۆهەلاتدا کـە مێژووی نووسـیـبێـتـەوە: «تاریخی ئەردەلان» بە زمـانی فارسی.
مـەسـتـوورە لە ۱۸۲۸ بووەتە هاوسـەری خـوسـرەو خـانی ئەردەلانی، بۆ ماوەی ٦ ساڵ.

۱۸۰٦- ۱۸۸۲

مەولەوی، شیعر بە هەورامانی.

۱۸۰٦- ۱۸۷٦

مەلای جەباری

ژیانی سیاسی

١٨٢٥

کۆچی دوایی عوسمان پاشای بابان..

١٨٢٨ ـ ١٨٢٩

شەڕی تورکیا ـ رووسیا

١٨٣٢

راپەڕینی میر محەمەدی ڕەواندزی (پاشای کۆرە).

١٨٣٦

میر محەمەد ڕەواندزی لە ١٨٣٦ نەفی دەکرێ بۆ ئەستەمبوڵ، سوڵتان مەحمموودی دووەم پێشوازیی لێ دەکا.

١٨٣٧

– رووخانی فەرمانڕەوای بادینان بەدەست عوسمانییەکان
– هێرشی تورک بۆ سەر میرنشینی بۆتان.
– کوژرانی پاشای گەورە لە ئەستەمبۆڵ بەدەست تورکەوە.
– ڕەشید پاشای عوسمانی کاتێ قەتڵوعامی یەزیدییەکانی کرد، چوار پەیکەری هونەریی مەلەک تاوسی لەگەڵ خۆی برد کە لە ئاسن و زێڕ بەشێوەکی ڕەنگین و درەخشان دروست کرابوون.

١٨٣٨

کۆمەڵەی زانیاریی مەسیحی Christian Knoledge Socity ئاینسۆرس و رسامی راسپارد تا لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بارودۆخی نەستۆرییەکانی کوردستان بکەن.

١٨٣٩ - ١٨٤١

بەدرخان پاشا (١٨٠٦- ١٨٦٩)، لە مەڵبەندی جزیرە و بۆتان جاڕی سەربەخۆیی کوردستان دەدا: لە ١٨٤٢ ئاڵا و دراوی خۆیشی دادەمەزرێنێ. میرنشینی بەدرخان پاشا تا ساڵی (١٨٤٧) بەردەوام دەبێ.

ژیانی کولتووری

١٨٠٨ - ١٨٨١

سەی یاقۆ (سەید یاقۆ)، شیعری بە هەورامی

١٨٠٩ - ١٨٤٩

کوردی، شاعیری ناوچەی بابان.

١٨١٤ ـ ١٨٨٣

کەیفی، شاعیری کۆیە.

١٨١٥ - ١٨٩٧

حاجی قادری کۆیی؛ شیعری نیشتمانی.

١٨١٩

«عەقیدەنامەی کوردی». مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩ـ ١٨٢٧)، وەری گێڕاوەتە سەر کوردی و لە ١٨٧٧دا ـ نێزیکەی نیو سەدە دوای کۆچی دوایی خۆی ـ بە دەستی مەلایەک سەرلەنوێ نووسراوەتەوە، بەڵام کۆنترین دەسنووسی ئەم تێکستە لای م. کەمال رەئووف پارێزراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨١٩. تێکستەکە پێنج فەرزەکەی دینی ئیسلام بە زمانی کوردی دەخاتە ڕوو.

١ / ٤ / ١٨٢٠

مستەر ڕیچ لە سەفەرنامەکەی خۆیدا؛ باس و خواسی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و مۆسیقای یەزیدییەکان، دوو نیگاریش لەم بارەیەوە دروست دەکا.

ڕیچ دەڵێ: «پاشاکانی بابان هەفتەی جارێک یان دوو جار کۆ دەبوونەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پیاوماقووڵەکان گوێ لە گۆرانی و مووزیک بگرن»، «ئەو کاتە دەهۆڵ، زوڕنا، دووزەلە، شمشاڵ، تەپڵ، بلوێر، دەف.. هەبوو». مستەر ڕیچ لە ٢٣ی ئاداری (١٨٢٠) لای هۆزی (سوورەمەنی) لای بابانەکان گوێی لە کەمانچە و ڕوباب و گۆرانیی کوردی ڕاگرتووە. پاشانیش چیرۆکی شیرین و فەرهادیان بە گۆرانی بۆ گوتووە.

– کولتووری وێنە فراوانە لای یەزیدییەکان وەک لە

ژیانی سیاسی

١٨٤٢

مار شەمعوون، کە لایەنگیری دەوڵەتی عوسمانی بوو دژی میرنشینە کوردییەکان، داوای لە کەنیسەی پرۆتێستانتی ئینگلیز کرد بۆ ئەوەی نوێنەریان بێتە کوردستان بۆ ئەوەی بارودۆخی نەستۆرییەکان باشتر بکەن لە کوردستاندا.

١٨٤٣- ١٨٤٦

شەڕی ناوخۆی نەستۆری - کورد لە سەردەمی مار شەمعوون کە پشتیوانی ئێمپراتۆریەتی عوسمانی بوو.

١٨٤٧/٥/١٩

پەیمانی ئەرزەرۆم لە نێوان عوسمانی و فارسەکاندا: دابەشکردنێکی نوێی کوردستان بەسەر خۆیاندا.

١٨٤٧/٧/٢٧

لەشکری عوسمانی هێرشی کردە سەر میرنشینی بەدرخان و لە ١٨٤٧/٧/٢٧ میر بەدرخان (١٨٠٢- ١٨٦٨) دەسگیر کرا و نەفی کرایە دوورگەی (کریت) و پاشان لە ١٨٦٨ لە (رکن الدین) لە دیمەشق سەری نایەوە.

١٨٥١

رووخانی میرنشینی بابان بەدەستی تورکە عوسمانییەکانەوە کە دوا میریان عەبدولا پاشا بوو.

٥٣- ١٨٥٥

ڕاپەڕینەکانی یەزدان شێر لە ناوچەکانی هەکاری، کە لە ١٨٥٥ توانییان مووسڵیش ئازاد بکەن؛ لە ١٨٥٥ بەغدای عوسمانی سوپایەکی کۆ کردەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان. ژمارەی چەکدارەکانی یەزدان شێر (٦٠ ٠٠٠) کەس بوون.

١٨٥٤

ساڵی (١٨٥٤) قەرە فاتم خۆی و سێسەد سوارچاکی تری کورد لە مەڕەشەوە هاتوونەتە ئەستەمبوڵ و چوونەتە بەردەم پاشا بۆ ئەوەی بەشداری لە شەڕی عوسمانی بکەن دژی دەوڵەتی رووسیا لە ١٨٧٨.

ژیانی کولتووری

پەرستگاکان و سنووقی کتێبە پیرۆزەکانیشیان دەردەکەوێ. (ڕەشید پاشای عوسمانی کاتێ قەتڵوعامی یەزیدییەکانی کرد، چوار پەیکەری هونەریی مەلەک تاوسی لەگەڵ خۆی برد کە لە ئاسن و زێڕ بەشێوەکی ڕەنگین و درەخشان دروست کرابوون).

١٨٣٠- ١٩٠٤

مەحوی، شاعیری گەورەی (سووفی)

١٨٣٠

مەلا ئەبوبەکرەفەندی (١٧٧٨- ١٨٥٥) باپیری مەلا فەندی (مەلای گچکە)، بایەخی داوەتە مەولوود و مەقامات. لە ١٨٣٠ دەنێرن مەلا عەبدولڕەحمان وەلی لە کەرکووکەوە بێتە هەولێر بۆ مەولوود و مەقامات.

- مستەفا بەگی کوردی (١٨٠٩- ١٨٤٩) باسی چەندان گۆرانیبێژی سەردەمی خۆی دەکا کە بەکوردی گۆرانییان گوتووە.

- لە ناوچەی بابانەکان لە سلێمانی، دوانزە سوارەی مەریوان لە کاتی شەڕدا تەپڵ و ئامێرە مۆسیقاییەکانیان بەکار دەهێنا

١٨٣٥- ١٩٠٩

شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شاعیری (هەجوو)

١٨٤٠ - ١٨٦٠

مەدرەسەی قوبەهان: ئامێدی.

١٨٤٣

کتێبی سەرەنجامی ئەهلی حەق

١٨٤٤

یەکەمین چاپکراوی کلاسیک، بە کوردی، دیوانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ئەستەمبوڵ: ١١٠ ل، (چەند شیعرێکی بە هەورامی تێدایە).

ژیانی سیاسی

سوارچاکی کورد
H.Binder

ژیانی کولتووری

١٨٤٤- ١٩١٤

وەفایی، شاعیری لیریک، کە ئاوازدانەریش بوو.

١٨٤٥ـ ١٩٠٩

سالمی سنەیی

١٨٤٩ـ ١٩٢٥

مەجدی

١٨٥١ـ ١٩٠٧

حەریق

١٨٥٣- ١٩١٧

مەلا حەمدوون، شاعیری نابینای سلێمانی.

١٨٥٤

حاجی قادری کۆیی لەگەڵ کەیفی جوانڕۆیی چووەتە ئەستەمبوڵ. ناوبراو، لە دوای نالی، یەکەمین شاعیری کوردە لە مێژوودا دەکەوێتە ناو کەشوهەوای ڕۆشنبیریی تورک و ڕۆئاوایی؛ چەمکە ئەورووپاییەکان لەبارەی کۆمەڵ و ئازادی و سەربەخۆیی وڵات کاریان تێ دەکات.

– شێخ ڕەزا لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا ماوەیەکی ژیانی لە ئەستەمبوڵ بەسەربردووە.

١٨٥٦ - ١٨٦٦

مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩؟- ١٨٦٠) کۆمەڵێک چیرۆک و تێکست و کتێبی مێژوویی (بە دیالێکتی کرمانجیی باکور) دەنووسێت، کە بە هاوکاریی ئەلکزەندەر ژابای کونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزەڕۆم خراونەتە سەر ئەلفابێی لاتینی و تەرجەمەی فەڕەنسی کراون: مەم و زین (١٨٥٦) کە دەبێتە یەکەم چیرۆکی بڵاوکراوەی کوردی؛ لەیلا و مەجنوون (١٨٥٩)؛ سیابەند و شەمسێ (١٨٦٠)؛ کیتابی مەولوودی شەریف (١٨٥٨)؛ تەواریخی جدیدی کوردستان (١٨٥٧)؛ (صفحة صبیان) کە برێتییە لە کتێبی ئەلف و بێی

ئەلفا بێ جێ یا کوردی
بەزمانی کوردی، بەئەلفابێی ئەرمەنی
(ئەستەمبۆڵ)

زمانی کوردی بۆ منداڵان؛ (رسالة تحفة النحلان في الزمان کــردان) لەبارەی رێزمــانــی کــوردی (١٨٦٦)؛ (جــامع یي رسـالیـان و حکایتـان)، چل چیرۆکی کـوردییـە، کە دەبێتـە یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بە کتێب (١٨٦٠)؛ تەواریخی قەدیمی کـوردسـتــان (١٨٥٨ـــ ١٨٥٩)؛ عـادات و رِسـوومـاتنامـەی ئەکرادیە؛ هەروەها کتێبە رێزمـانییـەکەی عەلی تەرەماخی (صــرف و بعــضـی اصــول لازمـــە یی تعلیـــمـــە بزمـــانی کـورمـانجیـە) کە بریتـییـە لە رێزمـانی عـەرەبی بە زمـانی کوردی، لە سەرەتـای سـەدەی حـەڤدەمـدا نووسـراوە. بەڵام بایەزیدی ئەم کتێبەی سەرلەنوێ لە ١٨٥٧دا نووسیوەتەوە.

١٨٥٦

وەرگــێــڕانێکی پەخــشــانیی ئەسکەندەرنـامـــەی نیــزامی گەنجەوی کە (شـەهـنـەزەر) ناوێک لە ئەرزەڕۆم کردوویەتیە کرمانجیی باکور.

١٨٥٧

– یەکەمـین جار لە ئەسـتەمبوڵ ئینجیل لە زمـانی یۆنانییەوە تەرجـومـەی سـەر زمـانی کـوردی (دیالێکتی کـرمـانجـیی ژووروو) دەکرێ و بە ئەلفـابێی ئەرمـەنی، لە (٣٠٦) لاپەڕەدا، لە چاپخـانەیەکی ئەرمـەنیـیـەکـان لە ئەسـتـەمـبـوڵ بڵاو دەکرێتەوە.

– ئەحـمـەد خـانی چوارەمین پاشـای میرنشـینی بابان لە سـاڵی ١٨٥٣ سـەری لە پاریس داوە و مـیوانی رۆهەڵاتناس، خۆدزکـۆ CHODZKO بووە. چەند باسـێکی زمـانەوانی و چەند چیرۆکێکی بە زمانی کوردی بۆ خۆدزکۆ نووسیوە و لە سـاڵی ١٨٥٧دا لە شێوەی نامیلکەیەکدا بڵاو کراونەتەوە.

١٨٥٨

– سلێـمـان بەگی قـەواس توانیـویەتی یەکـەم قـوتابخـانەی روشـدیەی مـوڵکی لـە سلێـمانی بکاتەوە کە چـوار پۆلی تێدا بووە. ئەم قـوتابخـانەیە، بەپێی سـاڵنامـەی ویلایەتی مـووسڵ، لە سـاڵی ١٨٨٣دا ژمارەی قوتابییەکانی ١٠٣ قـوتابی بووە، بەڕێوەبەر: حـــاجی عـــەبدولفـــەتاح ئەفـــەندی بووە و سێ مـامۆسـتـای هـەبووە. پیرەمێردی شاعیر لەم قوتابخانەیەدا

١٨٧٨ - ١٨٨٢

ڕاپەڕینەکانی شێخ عوبێدڵای نەهری و نووسینی نامەکانی بۆ کونسوڵی ئەمەریکایی و ئینگلیز لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا کە لە ١٨٨٠دا دەگاتە بزاڤی چەکداری و زیاتر لە (٥٥٠٠٠) چەکداری هەبوو. دژی ئێران و عوسمانییەکان دەجەنگێن.. تا لە ئۆکتۆبەری ١٨٨٢ شێخ عوبێدڵای لە هەکاری بەدیل گیرا و نەفی کرایە مەکە.

– ڕاپەڕینی نەوەکانی بەدرخان پاشا؛ جەزیرە و بۆتانیان خستەوە ژێر دەستی خۆیان.

١٨٨١

– لە ساڵی (١٨٨١) توێژی فەرمانبەر و کاسپکاری سلێمانی ڕاپەڕیوە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەستی بەسەر داوودەزگاکانی حکومەتی عوسمانیدا گرتووە.

١٨٨٦

لە حەمرین کورد دژی عوسمانی دەوەستێ.

١٨٨٩/٥/٢١

دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی، ڕێکخراوی (اتحاد و ترقی) لە ئەستەمبوڵ لەلایەن دوو ڕووناکبیری کوردەوە (د. عەبدوڵا جەودەت و ئیسحاق سکووتی): لەپێناو ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی سیستەمێکی پەرلەمانتاری و دیموکراسی.

د. عەبدوڵا جەودەت، دامەزرێنی یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کە لەلایەن کوردەوە دامەزرابێ لە ساڵی (١٨٨٩) لە ئەستەمبوڵ، بۆ یەکەمین جار ناو لەم نەسلە کوردە ڕووناکبیرە نوێخوازە دەنێ «کوردە گەنجەکان». ناوبراو بۆ خۆیشی یەکێک بوو لەو وەچە گەنجە گۆڕانخوازە و دامەزرێنی ڕێکخراوی (ئیتیحاد و تەرەقی) بوو کە پاشان بووە هۆی درستبوونی (بزاڤی گەنجە تورکەکان).

(گەنجە کوردەکان) ئەو نەوە ڕووناکبیر و نووسەرە نوێخوازە کوردە بوون کە لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی بیستەمدا سیستەمە مەعریفییە کۆنەکەی

خوێندوویەتی. حەریق لەبارەی قوتابخانەی ڕوشدییەوە دەڵێ:

ئەم تاقمە شیرینە لە مەکتەب کە دیارن
جەللادی دڵی عالەم و ئاشووبی دیارن

– ڕەشید زەکی کابان (١٨٦٧ - ١٩٤٠) کە خۆی دەرچووی قوتابخانەی ڕوشدیەی سلێمانی بووە، پاش تەواوکردنی ئیعدادی عەسکەری لە بەغدا و دانشگای سوپایی لە ئەستەمبوڵ، بووەتە مودیر.

١٨٥٩ - ١٩١٦

مصباح الديوان ئەدەب

ساڵانی ١٨٦٠

وەرگێڕانی مەولوودنامەیەک لە زمانی عەرەبییەوە، لەلایەن شێخ حوسێنی قازی (١٧٩١– ١٨٧٠)، بۆ دیالێکتی کرمانجیی خواروو لە ساڵانی ١٨٦٠دا کراوە. بەرهەمەکە بە شیعر و پەخشان ژیاننامەی پێغەمبەر لە شێوەی مەولوودنامەدا دەگێڕێتەوە.

– یەکەم چاپخانە لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٦٠ لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (لە بەتلیس لە ١٨٦٦ یان لە ١٨٩٣، لە دیاربەکر لە ١٨٦٩، لە وان لە ١٨٨٩) دامەزران، بەڵام هەموویان لەبن دەستی دەوڵەتی بوون و بە زمانی تورکی بوون.

١٨٦١

کتێبی (ئەلفابێ جێ یا کرمانجی) لە ئەستەمبوڵ لەلایەن کۆمەڵێک موژدەگار و قەشەی ئەرمەنییەوە بەهاوکاریی چەند کوردێک چاپ کراوە. کتێبەکە، کە پڕە لە وێنە و گراڤوور و هێڵکاریی جۆراوجۆر، بە ئەلفابێی ئەرمەنی، بەڵام بە زمانی کوردی (بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو) چاپ کراوە و پڕە لە بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بە زمانی کوردی، بە جوانترین دیزاین و ڕازاوەترین دیزاینی مۆدێرنی ئەو سەردەمە، لە چاپخانەیەکی ئەرمەنییەکان لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە. باسی مێژووی مەسیحییەتە، زیاتر لە (٣٥) نیگاری تێدایە.

ئافرەتی کورد لە سالآنی ١٧٠٠
مۆسیقای ژەنیوە
ئەرشیفی: د. محەمەد موکری

١٨٦٣ ـ ١٩٤١

حاجی محەمەد عەلی، ناسراو بە سابیر، زیاتر لە نیو سەدە خۆشنووسیی کردووە و خزمەتی ئەم هونەرەی کردووە. تا ئێستاش لە گەلێک شوێنی بەغدا پاشماوەی بەرهەمەکانی ماوە.

١٨٦٤ ـ ١٨٦٩

محەمەد ئەمین یمنی (مەلا ئەمین)، کۆییە، لە بەغدا ژیاوە، خۆشنووس بووە. یەکەم کەسە مۆری لە عێراقدا بلآو کردەوە.

١٨٦٦

ئەبول موحسین، پێشخزمەتی ئەردەڵان، لەسەر ڕاسپاردەی ناسرەدین شای قاجار، لە ساڵی (١٨٦٦) فەرهەنگێکی کوردی (ئەردەڵانی) – فارسیی نووسیوە کە ٤٣ لاپەڕەیە. (٥٣١) واژەیە.

١٨٦٧ ـ ١٩٥٠

پیرەمێرد

١٨٧٠- ١٩٣٨

میرزا غەفوور

١٨٧٣- ١٩٤٢

سافی ، شاعیری ناوچەی هیران. مۆسیقاناسیش بووە

١٨٧٣- ١٩٤٦

مەلا مارفی کۆکەیی

١٨٧٤- ١٩٣٢

ئەدیب

١٨٧٤ ـ ١٩٤٤

ناری

ژیانی سیاسی

ئەوڕەحمان پاشان بابان
؟ – ١٨١٣ ز

ژیانی کولتووری

١٩١٧ـ١٨٧٥

تاهیربەگی جاف

١٩٢٨-١٨٧٥

خالیسی

١٩٤٨ـ١٨٧٥

زێوەر

١٩٣٦ـ١٨٧٦

حەمدی

١٩٤٣-١٨٧٦

مەلا محەمەدی کۆیی (مەلای گەورە) لە کۆیە، یەکەمین مەلا بووە کە کچی خۆی ناردووەتە مەکتەب.

١٩٥٢-١٨٧٤

سەید مەردانی گۆرانیبێژی کەرکووک.

١٩٣٦-١٨٧٥

حوسێن حەشامەتی، مەقامزان.

١٨٧٦

لە هەولێر، یەکەم قوتابخانەی فەرمی کراوەتەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مەلا رەئووفی خدر ئەفەندی بووە. لە ١٨٩٤دا (٣٦) قوتابیی لێ بووە.

١٨٧٧

«عەقیدەنامەی کوردی». مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩ـ ١٨٢٧) وەری گێڕاوەتە سەر کوردی و بە دەستی مەلایەک سەرلەنوێ نووسراوەتەوە.

– شانۆنامەنووس، مەدحەت ئەحمەد ئەفەندی شانۆنامەیەکی بە تورکی (کورد قزی/کچە کورد) لەبارەی ژیانی کوردستانی تورکیا نووسیوە و لە شاری ئەستەمبوڵ

ژیانی سیاسی

کوردستانیان هەڵتەکاند و دەستاوەردی نوێیان دایە وڵاتەکەیان. لە ٢ –٨– ١٨٩٨ ژنێف، د. عەبدوڵا جەودەت لە شیعرێکیدا بۆ عەبدولڕەحمان بەدرخان دەنووسێ:

ایام ما گذشت بغربت ولی چه غم
اشـراق شرق شـد اثر اغتراب ما

ئەمە وەرگێڕانە کوردییەکەیەتی بە شیعر:

ڕۆژەکانمان لە غوربەتدا بە هەدەر چوون، بەڵام چ باک
ڕۆژهەڵات سەرتاپا درەوشایەوە بە ئاوارەیی ئێمە

١٨٩٠؟-١٨٩١

جەندرمەی عوسمانی بەناو خەڵکی کوردستان دەکەون بۆ ئەوەی ڕەوانەی شەڕی بەڵقانیان بکەن.

١٨٩٣ -١٨٩٤

بە کۆششی سەرۆک شوورای دەوڵەتی عوسمانی، سەعید پاشای کوڕی سلێمان بەگی خەندان، واتە باوکی جەنەراڵ شەریف پاشا، لە سلێمانی، قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری کرایەوە. دەرچووانی چوونەتە بەغدا و ئەستەمبوڵ. ئەمین زەکی بەگ و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و مەعرووف جیاوک و ئەمین رەواندزی و دەیانی تر.. دەرچووانی ئەم قوتابخانەیەن. سەعید سدقی حەسەن کابان لە ١٩٠٣ بووەتە مامۆستا لەوێ.

١٨٩٥ یان ١٨٩٧

کاکل ئاغای گەردی لە حکوومەتی عوسمانی یاخی دەبێ، باج و سەرانە نادات. لە بەندیخانەی قەڵات زیندان دەکرێ.

گەردی، بە هاوکاریی هەندێ پیاوماقووڵانی قەڵا، شەوێک هێرش دەکەنە سەر بەندیخانەی قەڵای هەولێر و سەرۆکی پاسەوانەکان دەکوژن و کاکل ئاغا ئازاد دەکەن. پاشان کاکل ئاغا پەنا دەباتە بەر سەید تەهای نەهری و لەلای عەشیرەتی شکاک دەمێنێتەوە. سەید تەها و مەلافەندی تکا لە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەکەن بۆ ئەوەی عەفووی بکەن و دەگەڕێتەوە هەولێر.

ژیانی کولتووری

لەسەر شانۆ پێشانی خەڵک دراوە.

١٨٧٨- ١٩٦٧

عەبدولڕەحمان بەگی نفووس.

١٨٨٠

ژیانی دوو مەقامزان و گۆرانیبێژی ناودار، زەینەڵ حەمباڵی کوردی (١٨٤٢– ١٩١٨) و زەینەڵ ناڵبەندی کوردی (١٨٤٦– ١٨٩١).

١٨٨٢- ١٩٤٤

سابیری، شاعیری کەرکووک

١٨٨٢- ١٩٢٦

شوکری فەزڵی

١٨٨٢- ١٩٣٧

سەید ئەسغەری کوردستانی، گۆرانیبێژ .

١٨٨٢

خانەقای خانەقین دروست کراوە.

١٨٨٥- ١٩٥٨

مەعرووف جیاوک کە لە ١٩٠٢ دەچێتە ئەستەمبوڵ حقووق تەواو دەکا و لە ١٩٠٨ دێتەوە.

١٨٨٦- ١٩٧٤

کەماڵی (عەلی باپیر ئاغا).

١٨٨٧-١٨٩٠

ئەلبێرت سۆسین و ی. پریم، دوو بەرگ کتێب (کەشکۆڵی کوردی) لە سانت پیترسبۆرگ. گەلێ چیرۆکی فۆلکلۆری و داستانی کوردی بە وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە تێدایە. پاشان لە ١٨٩٨ ـ ١٩٠١ لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییان لەسەر ئەم تێکستانە بڵاو کردووەتەوە.

ژیانی سیاسی

١٨٩٧-١٨٩٩

عەبدولڕەحمان بەدرخان، سەرنووسەری یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، حاشا لە کوڕەکەی خۆی دەکا، چونکە بەشداری کردبوو لە کوشتاری ئەرمەنییەکاندا. (E.E. Ramaur: The Young Turks, P. 63)

١٨٩٨/٧/٩

جەنەڕاڵ شەریف پاشا دەبێتە باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم؛ لەژێرەوەش ئەندامی ڕێکخراوی (ئیتیحاد و تەرەقی)یە دژ بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. پاشان عوسمانییەکان بۆسەی کوشتنی بۆ دادەنێنەوە.

١٩٠٠

عەزمی قەوی جەمعیەتی لە ئەستەمبوڵ، فیکری دیاربەکری دایمەزراند کە تا ١٩٠٤ بەردەوام بوو. ئەندامە چالاکەکانیان برێتی بوون لە ئەحمەد کوردیزادە و ئەحمەد خاسی زادە.

١٩٠٢

– کۆنگرەی یەکەمی ئیتیحادییەکان لە پاریس. حکمەت بابان و عەبدولڕەحمان بەدرخان. بەشدارییان تێدا کرد.

– ساڵی (١٩٠٢) کاسپکار و بازرگانەکانی سلێمانی (٨٢ بازرگان و ٢٤عولەمای دین) بۆ ماوەی یەک مانگ مانیان گرتووە و سێ برووسکەی ناڕەزاییان بەناوی (سلێمانیەلی توجارلەری) ناردووە بۆ سوڵتان عەبدولحەمید، داوای (حورییەت) و (عەدالەت)یان کردووە. بەکارهێنانی ئەم دوو زاراوەیە کە دروشمی شۆڕشی فەڕەنسا بوون (وەک خۆی وەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە) نیشانەی بیری ڕۆشنگەریی بۆرژوازیەتی کوردیی ئەو سەردەمە بووە.

– بەپێی قسەی (مارک سایکس) لە ساڵی (١٩٠٢)دا: سەد و پەنجا دووکانی چەخماخسازی لە سلێمانی هەبووە و بەهرەمەند بوونە لە دروستکردنی چەکی جۆری (مارتینی). ئنجا بەپێی ڕاپۆرتێکی بەریتانی، لە ساڵی (١٩١٣) سێسەد و نۆهەت و نۆ دووکان و شەش بازاڕ و بیست و نۆ مزگەوت و (٣١) چایخانە و (١١) حەمام و (٢٠) خان و (٢٤) ئاشی ئاو و (٣٢٠٥) خانوو لە سلێمانی هەبووە.

ژیانی کولتووری

١٨٨٧

کوردناسی ناوداری فەڕەنسی (هینری بیندەر) لە ساڵی (١٨٨٧)دا، بۆ یەکەم جار کامێرای لەگەڵ خۆی هێناوەتە کوردستان و وێنەی ژیان و سروشتی وڵاتی کوردانیان گرتووە. پاشان (لۆکۆنت دوشۆلێت) لە ساڵی (١٨٩٢).

١٨٨٨

زمانی کوردی لە سەدەی نۆزدەمدا لە ناوچەکانی نێوان سنووری کوردستانی تورکیا – عێراق، بە ئەلفابێ و خەتی سریانی (کرشونی) نووسراوە. نموونەی یەکەم: ڕێزمانی کلدانی (سریانی/ ڕۆژهەڵاتی) ـ کوردی، لەگەڵ تەرجەمەی چەند بەشێکی پەیمانی نوێ؛ وێڕای چەند پەندێک، بە ئەلفابێی کلدانی (سریانی / ڕۆژهەڵاتی). قەبارەکەی: ٢٣ بە ١٦ سم، حەقدە پەڕاوە، هەر پەڕاوێکی ١٩ دێڕە. لە ١٨ی ئابی ١٨٨٨ لە ئەرادن لەلایەن ئێلیا هەمۆ ئەلئەلقوشی نووسراوەتەوە. دووەمیان: ڕێزمانی کوردی و تەرجەمەی چەند بەشێکی ئینجیل و چەند نامەیەکی مار پۆڵس، لەگەڵ قاموسێک، نووسرای: قەشە ئەبلەحەد (هەردووکیان ٧ پەڕاون). قەشە ئەلشەماس ئێلیا هەمۆ ئەلئەلقوشی نووسیویەتیەوە.

١٨٩٠-١٩٥٨

عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، شاعیری یەکەم شانۆنامەنووس

١٨٩٠- ١٨٩٥

دەنگخۆش و مەقامزانەکان: عەلی کۆر (١٨٦٥– ١٩٣٨)، وەلی چایچی (١٨٦٤– ١٩٣٦)..

١٨٩٠ - ١٩٦٣

ئەحمەد موخلیس (ناڵبەند)، گەورەترین شاعیری (ئێرۆتیک)ی کورد، یەکەم شاعیری کورد خۆی کوشتبێ.

١٨٩٠ـ١٩٦٢

عەبدولخالق ئەسیری، کەرکووک

۱۹۰٦

– ڕەزوان پاشا سەرۆک شارەوانیی ئەستەمبوڵ لە (۱۹۰٦)، دوای ئەوەی تیرۆر دەکرێ، سوڵتان بە بیانووی ئەوەی کە کورد کوشتوویانە، (۱۰۷) کوردی ئەستەمبوڵ حەپس دەکات و ئنجا دووریان دەخاتەوە.

– باوکی سمکۆ ئاغای شکاک لە ۱۹۰٦ بەمڵاوە ئاوارەی ئەستەمبوڵ بووە.

۱۹۰۷

کۆنگرەی ئیتیحادییەکان (تورکە لاوەکان) لە پاریس: بەڵێنی خودموختاری دەدەنە کورد.

– لە ماوەی ۱۹۰۷– ۱۹۱۲: ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی.

– باوکی شەریف پاشا، سەعید پاشای خەندان، دەکرێتە سەرۆکی شوورای دەوڵەتی عوسمانی. لە کاتێکدا پلەی شەریف پاشاش دەگاتە پلەی فەریقی یەکەم.

۱۹۰۸

کودەتای کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی (تورکە لاوەکان) بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. مانگی ۱۹۰۸/۱۲: حکوومەتی ئیتحادییەکان، ڕێکخراوە کوردییەکەی (کورد تعاون و ترقی جمعیەتی) دادەخات، دکتاتۆرییەتێکی سەختیش دەچەسپێنێتە سەر ئازادی و مافەکانی گەلی کورد. جەنەڕاڵ شەریف پاشا، کە تا ئەم ساڵەش خۆی بە ئەندامێکی ئیتحادییەکان دەزانی، سەبارەت بەم هەڵوێستە تۆرانچێتییە دەرهەق بەکورد، لێیان هەڵدەگەڕێتەوە و دژیان دەوەستێ.

– نەخشەی کوردستانی گەورە لەلایەن (مارک سایکس) دروست دەکرێ.

۱۹ /۹/ ۱۹۰۸

ڕێکخراوی «کوردستان تەعالی و عەزمی قەوی جەمعیەتی» شەریف پاشا و عەبدولقادر شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان لە ئەستەمبول دایان مەزراند. هەندێ مێژوونووس

۱۸۹۱ ـ ۱۹۸۲

حامید ئامێدی (مووسا عەزمی دیاربەکری)، خۆشنووسێکی هونەرمەند بووە.

۱۸۹۲

– کوردناسی فەڕەنسی (لۆکۆنت دوشۆلێت) لە ساڵی (۱۸۹۲)دا کامێرای لەگەڵ خۆی هێناوەتە کوردستان.

– هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان لە (۱۸۹۱) کۆ دەبنەوە و دەچنە ئەستەمبول؛ سوارەی حەمیدییە پێک دەهێنن.. ئنجا لە (۱۸۹۳) سوڵتان عەبدولحەمید پێشوازییان لێ دەکات و میداڵیان بە بەرۆکەوە دەکا.

– قوتابخانەی عەشایەرییە لە ۱۸۹۲ لە ئەستەمبوڵ کراوەتەوە کە منداڵە کوردیش لەوێ دەیانخوێند.

– جەمال پاشای کورد پاشای قشڵەی سەلیمیە بووە لە ئەستەمبوڵ لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمدا.

– تورکەکان بۆ چاوترساندنی کورد قوتابخانەی (عەشرەت مەکتەبی) لە ئەستەمبوڵ دادەخەن کە منداڵانی گەورەپیاوانی کورد تێیدا دەیانخوێند.

– فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی لە ئەستەمبوڵ لەلایەن خەلیل خەیاڵی.

۱۸۹۲– ۱۹۵۹

شێخ سەلامی شاعیر

۱۸۹۳

فەرهەنگەکەی (یوسف ضیاء الدین باشا الخالدي المقدسي: الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة) لە ئەستەمبوڵ، لەگەڵیدا فەرهەنگی نۆباری ئەحمەدی خانی کە لە ۱٦۸۲ ـ ۱٦۸۳ بۆ منداڵان نووسراوە.

– رەشید زەکی کابان (۱۸٦۷–۱۹٤۰) کە خۆی دەرچووی قوتابخانەی روشدیەی سلێمانی بووە، پاش تەواوکردنی ئێعدادی عەسکەری لە بەغدا و دانشگای سوپایی لە ئەستەمبوڵ، بووەتە مودیر.

وای بۆ دەچن کە ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) بووە. ڕۆژنامەیەکیان لە ١٩٠٨ بڵاو دەکردەوە بە ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی)؛ پیرەمێرد سەرۆک نووسینی بوو؛ سەعید نەورەسی و عەبدوڵا جەودەت و ئیسماعیل حەقی بابان و چەندان نووسەری تر لەو گۆوارەدا دەیاننووسی. لە ٢٥ی ئەیلوولی هەمان ساڵ یانەیەکی ڕۆشنبیریی کوردیی کردەوە.

١٩٠٨/٩/٢٥

شەریف پاشا، لە ئەستەمبوڵ، لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری شەمزینی و داماو ئەحمەد و زولکەفەل پاشا... کۆمەڵەی (کورد تەعالی و تەرەقی جەمعیەتی) دادەمەزرێنن. لە هەمان ڕۆژدا یانەی کۆمەڵەکەش لە ئەستەمبوڵ دەکرێتەوە و نوێنەری شاری مووش، ڕەشید بەگ، وتاری کردنەوەی یانەکەی تێدا دەخوێنێتەوە.

١٩٠٩/١

١٨٩٥

بڵاوکردنەوەی کتێبی (مەسحەفا ڕەش) و (جیلوە)ی یەزیدییەکان لەلایەن مسیۆنێری ئینگلیز، ئۆ. باری. پاشان (براون) وەری دەگێڕێتە سەر ئینگیزی.

١٨٩٥ - ١٩٦٦

مامەند کەرکووکی.

١٨٩٥- ١٩٧٨

کامەران بەدرخان.

١٨٩٦

ئەمین فەیزی: نووسینی «ئەنجوومەنی ئەدیبان»، کتێبێکی گرینگی پەخشان و وتار و ڕەخنە، کە لە (١٩٢١) بڵاو دەبێتەوە. ئەمین فەیزی، کە لە کۆتاییی سەدەی ١٩مدا لە ئەستەمبوڵ کۆڵۆنێل بووە، لە «ئەنجوومەنی ئەدیبان»دا کە یەکەمین ئەنتۆلۆجیا و کتێبی ڕەخنەی شیعرییە. لەبارەی نالییەوە دەڵێ: «زەکای نالی ئینکار ناکری، لاکین ئەوەندەی سەنایعی لەفظیەی ئیستیعمال کردووە، پیاو ڕەنگە بڵێ: شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە». لەبارەی مەولەوی دەڵێ: «مەسلەکی مەولەوی مەسلەکی زوهد و تەقوایە، لەگەڵ ئەوەش شاعرێک بووە بێ نەزیر. مەولەوی هیچ چاوی بە شیعری فەرەنگ نەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەش لەسەر ئوسلووبی ئەوان شیعری (نەظم) کردووە. ئەم ئوسووڵە خیلافی ئوسووڵی شوعەرای ئێرانە. لە مابەینی شوعەرای کوردا مەولەوی موقابل بە (نیظامی)یە.

١٨٩٦- ١٩٥٠

مستەفا شەوقی قازی زادە، شاعیری سابلاغ، لە ئەستەمبوڵ ژیاوە.

١٨٩٦- ١٩٥٨

شێخ نووری شێخ ساڵح، یەکێک لەوانەی ڕچەی شیعری کلاسیک دەشکێنێت.

مەحوی

١٨٩٧

– حاجی قادری کۆیی کۆچی دوایی دەکات و پیرەمێردی شاعیر، لەگەڵ شاندێکی بنەماڵەی (باوکی) شێخ مەحموود، دەگاتە ئەستەمبوڵ؛ لەو کاتەدا ئەدەبی تورکی خەریکە هەنگاو دەنێ بەرەو خۆ تازەکردنەوە.

پیرەمێرد، لە ئەستەمبوڵ هاورێ و دراوسێی دوو کەڵەنووسەری رێبەری ئەم بزووتنەوە ئەدەبییەی تورکیا بووە: ئەکرەم رەجایی زادە (سەرنووسەری کۆواری ثروت فنون ١٨٩٦–١٩٠١)، هەروەها خالید زیا عوششاقی زادە، کە هەردووکیان لە یەک ئاپارتماندا، لەگەڵ پیرەمێرد ژیاون. پیرەمێرد لەم بارەوە دەڵێ: «کەوتمە بەهەشتی سەروەتی فنوونەوە». ئنجا لەبارەی رۆڵی ئەستەمبوڵی ئەو کاتەوە دەڵێ: «ئێمە، زۆرترمان، لەوێوە پێگەیشتووین».

١٨٩٧-١٩٣٥

ئەحمەد موختار بەگی جاف

١٨٩٧-١٨٩٩

د. عەبدوڵا جەودەت و د. ئیسحاق سکووتی، کە دامەزرێنی رێکخراوی (ئیتیحاد و تەرەقی) بوون و لەدەست زەبروزەنگی سوڵتان عەبدولحەمیددا رایان کردبوو، خۆیان گەیاندبوو جنێڤ: لەوێ دوو رۆژنامەیان بە زمانی عوسمانی دەردەکرد؛ عوسمانلی (١٨٩٧–١٩٠٤). دووەمیان اجتهاد (١٩٠٤). لەگەڵ رۆژنامەیەکی تر بە فەرەنسی Osmanli (١٨٩٧–١٨٩٩) کە پاشکۆی (عوسمانلی) بوو؛ ساڵێک پێش (کوردستان) بڵاو کراونەتەوە و دەبن بە یەکەمین رۆژنامە کە کورد بە زمانی بێگانە بڵاوی کردبێتەوە. ئەم دوو رووناکبیرە لە سویسرا، هاوکارییان هەبوو بۆ رۆژنامەی (کوردستان).

١٨٩٨

ئارشیمادریت کۆمیتاس Comitas: ئاوازە کوردییەکان Melodies Kurde ، ئیتاڵیا، تۆژینەوەیەکە بە زمانی فەرەنسی لەبارەی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی، هەروەها (١٣) نۆتەی سێزدە گۆرانیی کوردیشی تێدایە.

دەروازەی سێیەم

کرنۆلۆجیای کوردستان

١٨٩٨- ١٩٣٢



مۆسیقاژەنەکانی کوردستانی ئێران، ساڵانی ١٨٠٠

میانه و پێوەندیی نێوان جەنەڕاڵ شەریف پاشا و سەرکردایەتیی حکوومەتی ئیتحاد و تەرەقی، بەتەواوەتی تێک دەچێ: لەسەر ئەوەی کە ئیتحادییەکان رازی نابن شەریف پاشا ببێتە باڵوێزی دەوڵەتی تورکیا لە پاریس.

۱۹۰۹/۲: جەنەڕاڵ شەریف پاشا دەگاتە پاریس خۆی و خێزان و دوو کچەکەی. لە ناوەڕاستی ۱۹۰۹ حزبێک بە ناوی حزبی رادیکاڵی عوسمانی دژ بە حکوومەتی ئیتحادییەکانی تورکیا، لە شاری پاریس دادەمەزرێنێ.

۱۹۰۹/۱۰/۱۵: جەنەڕاڵ شەریف پاشا کۆوارێک بە ناوی مەشرووتیەت کە ئۆرگانی حزبەکەی خۆیەتی، لە پاریس بڵاو دەکاتەوە کە تا مانگی شوباتی (۱۹۱٤) بەردەوام دەبێ و (٥٥) ژمارەی لێ بە زمانی فەڕەنسی بڵاو دەکاتەوە.

۱۹۱۰- ۱۹۱٤

جەنەڕاڵ شەریف پاشا پێوەندییەکی بەردەوام و پتەوی، لە پاریسەوە، هەبووە لەگەڵ (جەمعیەت) و (کلووب) و (شەخسیات) و رێکخراوە نهێنییەکانی کوردستان، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەوانی ئەستەمبوڵ و قاهیرە و جنێڤ. (مەسەلەی کورد) لە رێگەی کۆوارەکەی شەریف پاشاوە دەگاتە ئاستی گفتوگۆی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی.

۱۹۱۲

لە ئەستەمبوڵ لە ۱۹۱۲ یەکەم رێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئەستەمبوڵ، کە پێشتر لە ۱۹۱۰/۱/۱۰ دامەزرابوو، مۆڵەت وەردەگرێ. محەمەد شوکری سەگبان پێویستییە داراییەکانی مەیسەر دەکرد. عومەر جەمیل پاشا سکرتێری هێڤی بوو. لقی یەکەمی لە ئەرزەرۆم لەلایەن تەیب عەلییەوە کرایەوە (لە شۆڕشی شێخ سەعید بەشداری دەکا و دەبێتە خۆیبوون). کۆواری (رۆژی کورد) لە ۱۹۱۳ بڵاو دەکەنەوە، کە یەکەم کۆوارە بۆ یەکەم جار وێنەی فۆتۆگرافیی بڵاو کردبێتەوە؛ ئنجا لە ۱۹۱٤ هەر لە ئەستەمبوڵ کۆواری هەتاوی کورد.

۱۹۱۲-۱۹۱٤

کۆمەڵەی ئیستیخلاسی کوردستان لە ورمێ لە ساڵی ۱۹۱۲،

۲۲ی نیسانی ۱۸۹۸

– میقداد مەدحەت بەدرخان کە یەکێک بوو لە ئەندامەکانی رێکخراوی (ئیتیحاد و تەرەقی): لە قاهیرە، بڵاوکردنەوەی یەکەم رۆژنامە بە زمانی کوردی لە مێژوودا (کوردستان).

– چاپخانەی (کوردستان) لە قاهیرە، لەلایەن میقداد – مەدحەت بەدرخانەوە، کە دەبێتە یەکەمین چاپخانەی کورد و تەنیا دوو ژمارەی ٤ و ٥ی رۆژنامەی کوردستانی پێ چاپ دەکرێ.

– لە ۱۸۹۸ سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ هەڕەشە لە میقداد مەدحەت بەدرخان دەکا: ئەگەر رۆژنامە کوردییەکەت دانەخەیت ماڵ و منداڵ و موڵک و ماڵت هەمووی دەخەینە ژێر دەستی خۆمان.

– حاجی قادری کۆیی یەکەم شیعری، لە ساڵی ۱۸۹۸، لە ژمارە (۳)ی رۆژنامەی کوردستان بە ناونیشانی (زەمانە) بڵاو دەکرێتەوە. پاشان وردە وردە، تا ساڵی ۱۹۲٥، لە (دیاریی کوردستان، تێگەیشتنی ڕاستی، ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد، ژین، ژیانەوە) ۱۹ شیعری حاجی بڵاو دەکرێنەوە: کاریگەرییان دەبێ بەسەر تازەبوونەوەی شیعری.

۱۸۹۹

لەسەر داوای ئەشرافی سلێمانی مەکتەبی ئەعدادی لە سلێمانی کراوەتەوە.

– مەم و زین، بە پەخشان و شیعرە، لەگەڵ چەند بەیتێکی تری کوردی بە دیالێکتی کرمانجی. رۆهەڵاتناسی ئەڵمانی، مارتن هارتمان Martin HARTIMANN (۱۸٥۱ ـ ۱۹۱۹) کۆی کردووەتەوە.

– لەدایکبوونی قانیع (۱۸۹۹- ۱۹٦٥)

۱۹۰۰

سەید مەردان (۱۸۷٤- ۱۹٥۲) گۆرانیبێژی کوردی کەرکووک.

– زێوەر دەگاتە ئەستەمبوڵ و چوار ساڵ لەناو ژیانی ئەدەبیی ئەوێ بەسەر دەبات و دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتیی

لەلایەن سەید عەبدوڵای کوڕی شێخ عوبێدڵای نەهری، بە هاوکاریی سەید تەهای نەهری و سمکۆ ئاغای شکاک دامەزراوە.

١٩١٣

– راپەڕینی سمکۆی شکاک لە کوردستانی ئێراندا.

– جەنەراڵ شەریف پاشا لە ژمارە (٤٧)ی کۆوارەکەیدا نامەیەکی پیرۆزبایی بەفەڕەنسی بەبۆنەی دامەزراندنی (جەمعیەتی هیوای طەلەبەی کوردان) و کۆواری (رۆژی کورد) بڵاو دەکاتەوە، داوا لە کورد دەکا کە خەبات پتەوتر بکەن بۆ ئەوەی «لەدەست بەڵای ئیتیحاد و تەرەقی رزگارمان بێ».

١٩١٤

مۆسیقاژەنێکی نابینای یەزیدی
مستر ریچ لە ١٨٢٠ دروستی کردووە

شاعیرە تورکەکان. سروود دادەهێنێ.

– لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە کوردستان، بەپێی سجلاتی کۆن، وانەی " لیسانی فەڕەنسەوی و مۆسیقا و رەسم و ئال ئیشلەری و تەربیەی بەدەنی و حوسنی خەت " دەخوێنرا.

– سەعید سدقی حەسەن کابان مامۆستای قوتابخانەی نموونەی ئیبتیدائی بوو.

– سەعید پاشای خەندان، باوکی جەنەراڵ شەریف پاشا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عوسمانی بووە.

– زێوەر دەگاتە ئەستەمبوڵ و چوار ساڵ لەناو ژیانی ئەدەبیی ئەوێ بەسەر دەبات و دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتیی شاعیرە تورکەکان.

١٩٠٢

وەرگێڕانی «دقائق الاخبار في ذكر الجنة و النار» دقائق الاخبار، لە عەرەبییەوە بۆ کوردی «هەورامی». دیار نییە کێ تەرجەمەی کردووە. لە ساڵی (١٩٠٢) نووسراوەتەوە. (١٢١) لاپەڕەیە.

– ساڵح زەکی ساحب قڕان بۆ خوێندنی سەربازی چووە ئەستەمبوڵ.

– ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠–١٩٤٨) مەکتەبی روشدی مەلەکی و پاشان روشدییەی عەسکەریی لە سلێمانی، ئنجا ئەعدادی عەسکەریی بەغدای تەواو کردووە. پاشان لە ١٩٠٢ لە ئەستەمبوڵ مەکتەبی ئەرکانی حەربیی تەواو کرد. بۆ ماوەی ساڵێکیش لە ١٩١٣دا، لەگەڵ چەند زابتێک، نێردرا بۆ خوێندن لە فەڕەنسا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠–١٩٣٠دا یەک بەدوای یەک چەندان وەزارەتی گرتووەتە دەست. لە ٣٠ی مایسی ١٩٣٠دا ئەندامی دامەزرێنی یانەی سەرکەوتن بووە لە بەغدا.

– لەدایکبوونی ڕەمزی مەلا مارف (١٩٠٢– ١٩٥٧؟)

١٩٠٣

کوردناسی ئەڵمانی لۆکۆک، کتێبێکی دوو بەرگیی، لە بەرلین بڵاو کردووەتەوە کە پڕە لە چیرۆک و تێکستی جۆراوجۆر بە زمانی کوردیی دیالێکتی کرمانجی بە پیتی عەرەبی و

لاتینی، به تەرجومەی ئەڵمانییەوە بڵاو کردووەتەوە. فەرهەنگۆکێکی بۆ وشە گرانەکان کردووە: زازایی ـ کوردیی بابانی ـ ئەڵمانی.

– لەدایکبوونی جگەرخوێن (١٩٠٣– ١٩٨٤)

١٩٠٤

رووناکبیری کورد، د. عەبدوڵا جەودەت ١٨٦٩– ١٩٣٢ چاپخانەی (ئیجتیهاد) دادەمەزرێنێ. کاتێ لە دوورەوڵاتدا ژیاوە لە جنێف، لە رۆژی ١٩٠٤/٨/٤ یەکەم ژمارەی کۆواری (اجتهاد) بەو چاپخانەیەی خۆی بڵاو دەکاتەوە، پرۆژەی بڵاوکردنەوەی زنجیرە کتێبێکیش دەگرێتە ئەستۆ، بە زمانی تورکیی عوسمانلی و فەرەنسی، کە تا رۆژی مردنیشی هەر مابوو. چەندان کۆوار و بڵاوکراوە و رۆژنامە و کتێب بۆ کورد و تورک، هەر بەم چاپخانەیە بڵاو دەکاتەوە.

– سەعید سدقی حەسەن کابان مامۆستای قوتابخانەی مەحموودیە بووە.

– دیوانی مەلای جەزیری، لە بەرلین لەلایەن کوردناسێکەوە چاپ دەکرێ.

– لەدایکبوونی گۆران (١٩٠٤– ١٩٦٢)

١٩٠٥

یەکەم شانۆگەری لە کوردستانی عێراقدا، لە هەولێر، بە ناونیشانی (میری دیل).

– ئۆسکارمان: توحفەی مظفریە، ٢٠٢ لاپەرەیە. کۆمەڵێک چیرۆک و بەیتی کوردین، بە شیعر، زۆریشیان بە پەخشان، لە ١٩٠٣–١٩٠٤ بە دیالێکتی موکری، بۆ ئۆسکارمانی ئەڵمانی تۆمار کراون. لەلایەن هێمنی موکریانییەوە هەڵگێردراوەتە سەر رێنووسی ئەمرۆی کوردی.

– لەدایکبوونی عوسمان سەبری (١٩٠٥– ١٩٩٣)

– لەدایکبوونی بێکەس (١٩٠٥ ـ ١٩٤٨)

– دەفژەن و مەقامزانە ناودارەکانی هەولێر: دەروێش مچۆڵ (١٨٧٢– ١٩٤٠)، مەلا نادری سەعاتچی (١٨٧٧– ١٩٤٤).

شێخ سەعیدی پیران

تێکۆشەری شۆڕشی ئارارات

١٩٠٦ -١٩٠٧

ڕۆهەڵاتناسی فەرەنسی، یۆژین یۆبین هاتووەتە مهاباد لای رشید الملک حاکمی مهاباد، بانگهێشت کراوە بۆ کۆنسێرتێکی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی کە تێیدا سەعید و حەمەدەمین ناوێک گۆرانییان گوتووە. مەقام و گۆرانییەکان لە شیعری نالییەوە وەرگیرابوون.

– ساڵح زەکی ساحێبقڕان (١٨٩٤: هەڵەبجە) لە ١٨٩٤ چووەتە روشدیەی سلێمانی. لە ١٩٠٣چووە بۆ ئەستەمبوڵ لە مەدرەسەی حەربیە تەواوی کردووە لە ١٩٠٦ هاتووەتەوە سلێمانی. لە حکوومەتی شێخ مەحموود کرا بە وەزیری شەڕ. لە ١٩٢٥ کوواری دیاری کوردستانی بە تورکی و عەرەبی، کوردی بڵاو کردەوە. تەرجەمەی زۆر تێدایە. لە ١٩٣٥ کرا بە موتەسەریفی سلێمانی.

– لەدایکبوونی رەشید نەجیب (١٩٠٦– ١٩٦٨)

١٩٠٨

لە ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی)، لە ئەستەمبوڵ یەکەم زنجیرە فۆتۆگراف بڵاو کراونەتەوە.

– چاپخانەی «تعاون و ترقی» ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ. رووناکبیری کورد، زنار سیلۆپی (قەدری جەمیل پاشا) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: «خەلیلی خەیاڵی، لەگەڵ هەندێ هاوڕێی رووناکبیری تری لە ساڵی ١٩٠٨ دا لە گەڕەکی گیوو بەگ پاشا لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵێکیان دامەزراند بە ناوی «جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی» پاشان چاپخانەیەکیشیان بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەیان دامەزراند».

– کورد تەعاون جەمعیەتی، ئامانجی: دامەزراندنی دەوڵەتی کورد بوو. سەرۆک: (سید عبدالقادر سید عبدالله شەمزینی)، جێگر: ئەمین عالی بەدرخان و فەریق فوئاد پاشا. نووسەری گشتی: فەریق ئەحمەد پاشا. ئەندامان: محەمەد شوکری سەگبان، محەمەد عەلی بەدرخان، شوکری بابانزادە، شەفیق ئاروالسی، فوئاد بابانزادە، فەتحوڵا ئەفەندی، محەمەد ئەمین بێگ سلێمانیەلی.

– کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی لە ئەستەمبوڵ

دادەمەزرێت و خوێندنگەیەک بۆ منداڵانی کورد لە ناوچەی (چەنبەرلی تاش) دروست دەکا.

– خەلیلی خەیاڵی، لەگەڵ هەندێ هاوڕێی رووناکبیری تری، لە گەڕەکی گیوو بەگ پاشا لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵێکیان دامەزراند بە ناوی «جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی» پاشان چاپخانەیەکیشیان بۆ بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەیان دامەزراند کە کۆمەڵێک کتێبی رێزمانی و قوتابخانەییان پێ چاپ کرد.

– رۆژنامەی کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی، بە کوردی و تورکی، لە ئەستەمبوڵ. پیرەمێرد سەرنووسەرە.

– پیرەمێرد یەکەمین شاعیری کوردە کە شیعری خۆی لەژێر کاریگەریەتیی تورکە گەنجەکاندا بنووسێ و بڵاو بکاتەوە: یەکەم نووسین و یەکەم دوو شیعری پیرەمێرد لە ژمارە ١ و ٢ ی رۆژنامەی کورد لە ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ بڵاو کراونەتەوە.

– لەدایکبوونی بەختیار زێوەر (١٩٠٨– ١٩٥٢)

– سەعید نەورەسی (١٨٧٦– ١٩٦٠) لە ئەستەمبوڵ ژیاوە.

– محمد شەفیق ئەرواسی زادە (١٨٨٤– ١٩٧٠)ساڵانێکی زۆر لە ئەستەمبوڵ موفتی و سەرۆک لیژنەی پێداچوونەوەی بە قورئان بووە.

– ئەمین عالی بەدرخان (١٨٥١– ١٩٢٦) لە ئەستەمبوڵ پشکنەری دادوەری بووە.

– خەلیل خەیالی خەڵکی قەزای مووتکیی بەتلیسە لە عەشیرەتی مۆدان. سەعید نەورەسی دەڵێ: خەلیل خەیالی دانەری سەرف و نەحوو و ئەلف و بێیە کە بناخەی زمانە. قامووسێکی نووسیبوو، دابوویە زیا گۆگالب. زیا لە سەرەتادا لە ئەستەمبوڵ لەسەر بیروڕای کوردایەتی دەرکرابوو. پاشان زیا لە ١٩٠٨ لە کۆنگرەی لاوە تورکەکاندا وەک نوێنەری دیاربەکر بەشداریی کرد، لەو کۆنگرەیەدا بیروڕاکانی گۆڕان و بووە تۆرانی، قامووسەکەی خەلیل خەیالیشی سووتاند. پێشتر گەلێک نووسراوی نووسیبوو وەک (لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەلایەتی لەبارەی عەشیرەتە کوردەکان.)



د. عەبدوڵڵا جەودەت

١٩٠٩

کورد نەشری مەعاریف جەمعیەتی لە ئەستەمبوڵ دامەزرا، کتێبی قوتابخانەیی و رێزمانی کوردییان چاپ دەکرد و قوتابخانەیەکی کوردییان بەناوی (کورد نموونە مەکتەب ئیپتیدائیسی – مەشرووتیەت) لە ساڵی ١٩٠٩–١٩١٠ لە ئەستەمبوڵ دامەزراند. خەلیل خەیالی بەڕێوەبەر، ئەحمەد کوردیزادە و سەعید نەورەسی مامۆستای ئەو قوتابخانەیە بوونە.

– یانەی بتلیس داخرا

١٩١٠

قوتابخانەیەکی تر لە ئەستەمبوڵ لە گەڕەکی دیوانلی دادەمەرزێ، عەبدولڕەحمان بەدرخان مامۆستا بووە و مانگی ٣٠ لیرەی عوسمانلی لە باخەڵی خۆی لە خەرجیی ئەو قوتابخانەیە سەرف کردووە.

– یەکەم دەستگای سینەما، کە بە پیل ئیشی دەکرد، هاتە سلێمانی؛ لە خانی شێخ ئەحمەد دامەزرا. خەڵک بە شەو دەچوونە سەیرکردنی.

– ئەحمەد ڕامزی زادە (ئەحمەد ڕامزی لیجەیی)، خاوەن کتێبخانەی ئیجتیهاد، لە (١٩١٠) دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەشرووتیەت لە ئەستەمبوڵ. نووسەر و کەسایەتییەکی تری کوردی ئەستەمبوڵە.

١٩١١

ڕووناکبیری کورد، د. عەبدولا جەودەت ١٨٦٩– ١٩٣٢، دوای لەناوچوونی سوڵتان عەبدولحەمید و ڕاگەیاندنی شۆڕشی مەشرووطە ١٩٠٨، گەڕایەوە ئەستەمبول و چاپخانەکەی خۆی بە ناوی (اجتهاد) برد بۆ ئەستەمبوڵ؛ لە ڕۆژی ١٩١١/٦/١٤ بەملاوە دەستی کردە سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی کۆواری ئیجتیهاد و ژمارە ٢٤ی دەرکرد. ئەم چاپخانەیە چەندان کتێب و چاپەمەنی نووسەرە کوردەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەی بە زمانی عوسمانلی لە بارەی کولتووری کورد بە چاپ گەیاندووە، هەروەها چەندان ڕۆژنامە و کۆواری کوردیی تریش چ بە زمانی

خۆپێشاندان دژی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨

تورکی چ بە زمانی کورد لەم چاپخانەیەی ئیجتیهادی ڕۆڵەی کورد، عەبدوڵا جەودەتەوە چاویان بە ژیان هەڵێناوە، لەوانە بۆ نموونە: ژمارە دووی کۆواری (ڕۆژی کورد) لە ساڵی ١٩١٣.

– خاڵندەفەندی (١٨٥١ سلێمانی- ١٩٢٧) کە لە هەولێر تەجویدی دەگوتەوە. لە ١٩١١ دەگەڕێتەوە سلێمانی. بۆیە مەلا فەندی لە کەرکووک، لە تازیەکەی شێخ ڕەزا چاوی بە سەید مەردان دەکەوێ، داوای لێ دەکا لە جیاتی خاڵندەفەندی بێتە مزگەوتەکەی و دەرس بڵێتەوە. ئیتر شەهابە دەبێتە شاگردی سەید مەردان.

– سەید مەردان لە تەکیەی کەرکووک برادەری شێخ ڕەزا بووە. لە ١٩١٢ دوای مردنی شێخ ڕەزا دێتە هەولێر، دەبێتە مامۆستای شەهابە.

– چاپخانەی (الحوادث) لە کەرکووک

١٩١١- ١٩٧٢

قەدریجان

١٩١١- ١٩٤٦

وەزیری نادری

١٩١١- ١٩٨٨

ئەخۆڵ

١٩١١- ١٩١٣

مستەفا شەوقی دەچێتە ئەستەمبوڵ؛ لە ١٩٢٢ خوێندنی پزیشکی لە ئەستەمبوڵ تەواو دەکات.

– ڕۆژنامەی (کوردستان مشنێری Kurdistan Missionary)، ژمارە (١) لە مانگی ئەڤریلی ١٩١١ بڵاو دەکرێتەوە کە ئۆرگانی موژدەگارەکانی (مسیۆنێرەکانی) دانیشتووی کوردستانی ئێرانە، بە زمانی ئینگلیزی و چەند لاپەڕەیەکیش بە کوردی. باس و خواس و دەنگوباسی کوردستانی ئێرانمان بۆ دەگێڕێتەوە لەگەڵ جار جار وتار و تۆژینەوە و شیکردنەوە لەبارەی ئەحوالی خەڵک و حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی. تا ساڵی (١٩٢٦)یش

هەر بەردەوام بووە. مسیۆنێری ئەمەریکایی، لۆدڤیگ ئۆڵسن فاسۆم L. O. Fossom ، لە ژمارە (٦)ی ڕۆژنامەی کوردستان میشنێری، ساڵی (١)، لە مارسی (١٩١١) وتارێکی گرینگی نووسیوە.

١٩١٢

دەرکەوتنی چالاکی و گۆڕانییەکانی کاوێس ئاغا (١٨٨٩-١٩٣٦) و سێوە (١٨٩١- ١٩٦٣).

- یەکەمین وێنەگری کورد کە لە کوردستاندا ستۆدیۆی وێنەگرتنی دامەزراندبێت و هونەری فۆتۆی لەناو کورداندا بڵاو کردبێتەوە و وێنەگرتنی کردبێتە پیشەیەک بۆ خۆی، بریتییە لە (محەمەد یووسف سدیق غەزنەوی ١٨٩٤-١٩٦٤) کە خەڵکی شاری ئاکرێ بووە و ستۆدیۆیەکی وێنەگرتنی لەوێ کردووەتەوە. یەکەم وێنەکانی لە نێوان ساڵانی (١٩١٢- ١٩٢٠) لە بادیناندا گرتووە.

١٩١٢-١٩١٣

میقداد- مەدحەت دەکەن بە موتەسەریفی (پارێزگاری) شاری دەرسیم.

- لە ساڵی (١٩١٢) بڵاوکردنەوەی کتێبی (شیعری ڕۆحانی) بە زمانی کوردی، کە بە دەست نووسراوەتەوە، بریتییە لە (١١) سروودی مەسیحی. لە دوو ساڵ پێشترەوە لە مهاباد و دەوروبەری، لە بۆنە دینییە مەسیحییەکاندا دەگوترانەوە. مسیۆنێری ئەمریکایی، لۆدڤیگ ئۆڵسن فاسۆم L. O. Fossom سەرپەرشتیی نووسین و چاپەکەی کردبوو.

١٩١٣

یەکەمین ڕێکخراوی خوێندکاران بە ناوی (هێڤی - جەمعیەی تەڵەبەی کوردان) کە پێشتر لە ١٩١٠/١/١٠ دامەزرابوو، بەڵام لە ١٩١٢ مۆڵەت وەردەگرێ؛ کۆواری ڕۆژی کورد لە ئەستەمبوڵ دەردەکەن. بەشە تورکییەکەی، د. عەبدوڵا جەودەت و ئیسماعیل بابان و مەمدووح سەلیم بەڕێوەیان دەبرد. کوردییەکەش: نەجمەدین حوسێن کرکوکلی و عەبدولکەریم سلێمانیەلی.

یەکەمین کۆواری کوردییە کە بۆ یەکەم جار (چیرۆک) و

جەنەڕاڵ شەریف پاشا لە ١٩١٩ لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات.

ژیانی سیاسی

لەداردانی تێکۆشەرە کوردەکان لە ١٩٢٣-١٩٢٤ لەلایەن کەمال ئەتاتورکەوە.

ژیانی کولتووری

وێنەی فۆتۆگرافیی بڵاو کردبێتەوە. پێش ئەویش ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) لە ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ وێنەی بڵاو کردووەتەوە.

– لە ١٩١٣/١/٤ یان لە ٢٢ی تشرینی یەکەمدا عبدالرزاق بەدرخان لە شاری (خوی) لە کوردستانی ئێران (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردستان) یان (کۆمەڵەی جیهاندانی) دادەمەزرێنێ لەگەڵ قوتابخانەیەکی کوردی کە تێیدا ئەلف و بێی ڕووسی و ئەدەبی ڕووسی و زمانی کوردی فێری قوتابییان دەکەن. سمکۆ ئاغای شکاک هاوکاریی دەکردن.

– ئەوڕەحمان بەگی نفووس: نووسینی یەکەمین شیعرەکانی خۆی بە نازناوی حەزمی.

– لەدایکبوونی ئەنوەر مائی.

١٣-١٩١٥

دوو جار سینەمای سەفەری لەلایەن تیپی عوسمانییەکانەوە لە ڕێگەی زاخۆوە هاتووەتە هەولێر، لەسەر گالیسکەیەک دانرابوو و فیلمی سوڵتان عەبدولحەمیدی پیشان داوە، پاشان چووەتە کۆیە و سلێمانی.

ساڵی ١٩١٤

شەڕی یەکەمی جیهانی

تا ١٩١٨

– سەرەتای ١٩١٤: شەریف پاشا لە حکوومەتی ئینگلیزەکان نێزیک دەکەوێتەوە بۆ چارەکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. لەگەڵ بیرس کۆکس، باڵوێزی بەریتانیا لە پاریس، کۆ دەبێتەوە. ئامادەیی نیشان دەدات بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی بەریتانیا لەبارەی نەخشەدانانێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا.

– ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤: کۆچی دوایی سەعید پاشای خەندان، نائیبی مەجلیسی عالی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، باوکی جەنەراڵ شەریف پاشا.

– شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەسێدارە درا بەدەستی تورکەکان لە مووسڵ.

– لە ١٩١٤عوسمانییەکان دەست بەسەر موڵکی نیشتمانپەروەرەکان دادەگرن.

– کۆڵۆنێل ئیاس، یەکەم کونسوڵی رووسیا لە سابلاغ، لە ١٩١٤/١٢/٢٨ لە شەڕی میاندواو کوژرا.

١٩١٥

لوتفی فیکری، لەگەڵ چەند رۆشنبیرێکی تری کورد پارتی موجەدید لە ئەستەمبوڵ دادەمەزرێنێ: جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و دابڕانی خەلافەت لە سوڵتان.

– عوسمانییەکان هێرش دەکەنە سەر کوردە مەسیحییەکانی کوردستانی تورکیا و ئەوانیش بە کۆڕەو، بە هەزاران، پەنا دەبەنە بەر کوردستانی عێراق و دەگەنە کەمپی بەعقووبە.

١٩١٥

– شێخ مەحموود چەندان ساڵە لەگەڵ خانەوادەکەی، لە مووسڵ دەژیت؛ دەوڵەتی عوسمانی داوا لە شێخ مەحموود دەکا کە بگەڕێتەوە سلێمانی و کورد تەیار بکا بۆ ئەوەی بەگژ هێزەکانی ڕووسیادا بچنەوە. شێخ مەحموود خۆی دایە پاڵ لەشکری عوسمانی، بەشداریی کرد لە شەڕ، دژی

١٩١٤

شەڕی یەکەمی جیهانی

تا ١٩١٨

١٩١٤– ١٩١٨: شەڕی یەکەمی جیهانی کاریگەرییەکی گەورە دەنوێنی بەسەر داهاتووی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەم ماوەیەی گواستنەوەدا.

– لە ١٩١٤ بڵاوکردنەوەی کتێبی دووەمی (شیعری رۆحانی) بە زمانی کوردی، کە بە دەست نووسراوەتەوە، برێتییە لە (٤٠) سروودی مەسیحی. لە مهاباد و دەوروبەری، لە بۆنە دینییە مەسیحییەکاندا دەگوترانەوە. مسیۆنێری ئەمەریکایی، لۆدڤیگ ئۆڵسن فاسۆم L. O. Fossom سەرپەرشتیی نووسین و چاپەکەی کردبوو.

– لە ١٩١٤ مەلا محەمەد خواهەرزاد بۆ یەکەم جار بیست بەرگ تەفسیری قورئان دەکاتە کوردی و نێوی لێ دەنێ (تەزکاری ئیمان بۆ کۆمەڵی کوردان).

– لە ١٩١٤ بەملاوە ژمارەی قوتابیانی ناوەندی لە سلێمانی: ١٦٣ کەس بووە.

– زۆربەی قوتابییانی کوردی هەولێری، بۆ نموونە، دەرچووانی قوتابخانەی روشدیە یا مەدارس، دەچوونە (دارالمعلمین ابتیدائی سی) و (حقووق کولیەسی) لە مووسڵ. لە سلێمانی و شارە گەورەکانی تری کوردستانیش، بەهەمان شێوە: بۆ فێربوون و خوێندن روویان دەکردە بەغدا و ئەستەمبوڵ. هەروەها، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، یەکەمین قوتابخانەکان بۆ کوڕان لە کوردستاندا کرانەوە. دوا بەدوای ئەو، قوتابخانە بۆ کچانیش، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دەرگەکانیان کەوتە سەر پشت.

– کۆواری هەتاوی کورد (ئەستەمبۆڵ /١٩١٤).

– لە سەفەربەللک ڕەشبگیر دەگەڕێ. هەموو دووشەمەیەک لە بەردەرگەی بینایەی سەرای هەولێر لەناو قەڵا مۆسیقا و مارشی دەوڵەتی عوسمانییان لێ دەدا و ئالایان بەرز دەکردەوە. شەهابەی گۆرانیبێژ (١٨٩١– ١٩٣٩) لەو تیپە بووە. شەهابە ٢٣ ساڵ دەبێ و تازە

ڕووسـیـا (کـە لەگـەڵ هـاوپەیمانـەکـان بوو دژی دەوڵـەتی عوسمانی).

– لە نیـسـانی ١٩١٥ شـێخ مـەحـمـوود دیسـان بۆ لایەنگیـریکردنی دەوڵـەتی عـوسـمـانی هـەزاران کـوردی کـۆ کـردەوە و چوونە شـەڕی شـوعـەیبـە لە نێـزیک بەسـرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەشکری ئینگلیـز کـە دەیانویست بێن عێراق داگیر بکەن.

کاتێ ئینگلیز بەرەو عیمارە بەڕێ کەوتن، شێخ مەحموود بەخـۆی و هـەزار و پێنج سـەد کـەس کـەوتنە ڕێ بـەناوی غـەزاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان. خـەلیل پاشـای والیی عـوسـمـانی خـۆی چووبووە سـەردانی شـێخ لە سلێـمـانی و داوای لێ کردبوو. حاجی پیرداودئاغای مێرغوزاری دزەیی هەولێـر لەگـەڵ شـێخ بـوو، لەگەڵ سـەید ئەحـمـەد خانەقـای کەرکووک بریندار بوو، نامیق ئـاغـای گوندی حـەفـتـەغاری دووزی سـەرۆک هـۆزی داوده شـەهـیـد بوو، لەگـەڵ شـێخ جەباری شەهید.

کاتێ شێخ گەیشتبووە شەڕەکە، عجێمی پاشای کوڕی سەعدوون پاشا پێشوازیی لێ کردبوو.

١٩١٦

ڕێککەوتننـامـەی (سـایکس پیکۆ): دابەشکردنی کـوردسـتـان بەسـەر بەریـتـانیـا و فـەڕەنسـا و ڕووسـیـا. کوردستانی سووریا دەکەوێتە ژێر ئینتیدابی فەڕەنسا.

– بەهاری ١٩١٦: هێزەکانی ڕووس گەیشتنە سیدەکان و لێلکان و دۆڵی خـواکـورک و ڕایات و کـاولۆکـان، باڵەک و ڕەواندزیشـیـان داگـیـر کـرد. بە لای دەرگـەڵە و حـاجی ئۆمەرانیشـەوە هەر هێرشـیان وەڕێ خستبـوو. خـەرەندی ڕەواندز پڕ مەیتی ئەوان بوو.

– برسـێتی و نەخـۆشی و ڕەشبگیر دەستی پێ کرد. جەندرمەی عوسمـانی لە مـاڵان دەگـەڕان بەزۆر زەخـیرەی خـەڵکیـان دەبرد. خـەڵکانێکی زۆر لە گـوندەکـانی باڵەک و ڕوسـتێ و ڕەواندز و گـەڵاڵە و ناوچەکـانی ترەوە، لە ترسی ڕووس، لەلایەکی تریشـەوە لە ئەنجـامی زەبروزەنگی عـوسـمـانی لە باکورەوە، دادەبەزنە ناو هەولێـر و ژمـارەی دانیـشـتووانی هـەولێر بەرزتر دەبێتەوە. لە ١٩١٦ ژمـارەی

دەستی کردووەتە بانگدان و سەڵا و گۆرانی و مەقامات.

– پیرەمێرد لە ١٩١٤ لە تورکیا بووە کە کۆوارێکی بانگی کوردی (بەغد ا: ژ١ لە ٨/ ٢/١٩١٤، جەمال بابان و عومەر نەزمی و عـەلی کەمـال باپیرئاغا کـاریان تێدا کـردووە) بۆ چووە و بینـیـوەتی. کـاری پۆسـتـە و هـەواڵ لە بەغـداوە زوو دەگەیشتە ئەستەمبوڵ.

١٩١٥

حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣– ١٩٤٧) چاپخانەیەکی لە ئەڵمـانیـاوە هێنایە حـەلەب، پاشان لـە ١٩٢٥ گواسـتیـیەوە بۆ ڕەواندز و ئنجا لە ١٩٤٨ هێنای بۆ هـەولێر. کۆوارەکانی ڕۆناکی و زاری کـرمـانجی (١٩٢٦– ١٩٣٢) و دەنگی گـێـتی تازە و سەدان کتێب بەو چاپخانەیە چاپ کراون.

– حـوسـێن حـوزنی مـوکـریانی کـاتێ لە (١٩١٥)دا لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە حەلەب، کامێرایەکی وێنەگرتن لەگەڵ خـۆی دەهـێنێت و لەناو چاپخـانەکـەی خـۆیدا لـە ڕەواندز دایدەمـەزرێنێ و بۆ کـاری وێنەگـرتنی ڕۆژنامـەگـەری و بڵاوکردنەوەی وێنە لەناو کتێبان سوودی لێ وەردەگرێ.

– قـەسری عەتاولاغا (عەتاولاغای کوڕی حاجی ڕەشـید ئاغا–١٨٨٢– ١٩٦٣ کە دژی بەریتانیا بووە) لە ١٩١٥ وەستا بەکری کوڕی وەسـتـا مـسـتۆ دروستی کرد. دوازدە دەرگـەی نەخشینی هەبوو. چواردەوری هەمووی ڕەز و باخ بوو.

– لە هـەولێـر، سـەید غـەریب بەرزنجی چاپخانەی «سـەید غـەریب»ی دروست کرد، بووە بارەگای نووسەران؛ قـەوانێکی تێدابوو گۆرانیـیـەکانی کاوێـس ئاغـا خان و سێوەی لێ دەدا. مـەلا عـەلی کلاشدروو شـەوان هەقایەتی کوردەواریی تێدا دەگێڕایەوە.

١٩١٥– ١٩١٦: سـەید عـەلی ئەسـغـەری کـوردسـتـانی (١٨٨٢– ١٩٣٧) گۆرانیبێژ، مەقامزان.

– لە ساڵی ١٩١٥ بۆ یەکەم جار یەکەمین ئۆتۆمۆبێل دێتە هەولێر، عەسکەرییە ئەڵمانییەکان هێنابوویان. ترومبێلێکی سەربازیی ئەڵمانییەکانی هاوپەیمانی عوسمانییەکان بوو، هاتە ناو قـەڵا. خەڵکی هـەولێر یەکـەم جاریان بوو چاویان بە ئۆتۆمـۆبێل بکەوێت: چونکە ئەو کـاتە هـیچ کـەسـێک ئۆتۆمۆبێلی نەبوو.

دانیشتوانی قەڵای هەولێر گەیشتە دە هەزار کەس.

– خدری ئەحمەد پاشای عەشیرەتی دزەیی (١٨٨٠–١٩٨٦) لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی تر، تا ئەو کاتەی ڕووس لە ١٩١٧ کشانەوە، شەڕی دژی ڕووسیای کرد بۆ ئینگلیز.

١٩١٧

کۆنفرانسێک لە سنە دەبەسترێ: ڕووسیا بەڵێن دەدات یارمەتیی کوردەکانی ئێران بدا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان.

– لەشکری ئینگلیز خانەقین داگیر دەکەن .

– لەشکری ڕووس لە ڕەواندزەوە وردە وردە دەکشێنەوە و

سمکۆی شکاک

١٩١٦

لە چارەگی یەکەمی سالانی (١٩٠٠) لە هەولێر، بەپێی سجلاتی کۆنی پەروەردەی هەولێر، وانەی " لیسانی فەرەنسەوی و مۆسیقا و رەسم و ئال ئیشلەری و تەربیەی بەدەنی و حوسنی خەت " دەخوێنرا. کەواتە، وانەی رەسم و هونەرە دەستییەکان بەشێک بووە لە پێداویستییەکانی خوێندن و پەروەردە.

– لە ساڵی١٩١٦ کوردستانی ئێران بەهەمان شێوە سەرەتایەکی سادە و جوانی هونەری شێوەکاریی مۆدێرن دەستی پێ کردووە. مینۆرسکی لەناو بازاڕی مەهاباد تابلۆیەکی مۆدێرنی کڕیوە و پێشکێشی کردووە بە مەکەنزی. تابلۆیەکە وێنەی کوردێکی مەهابادییە بە جلوبەرگی کوردییەوە. لەم کتێبەدا تابلۆکەمان بڵاو کردووەتەوە.

– لە (١٩١٦– ١٩١٧): بڵاوکردنەوەی کتێبی سێیەمی (شیعری ڕۆحانی) بە زمانی کوردی، کە بە دەست نووسراوەتەوە، بریتییە لە (١٠٠) سروودی مەسیحی. لە مەهاباد و دەوروبەری، لە بۆنە دینییە مەسیحییەکاندا دەگوترانەوە. (٤٠) سروود لە ئینگلیزییەوە تەرجەمە کراون، (٢٧) سروود لە نەرویجییەوە، (٢٢) سروود لە سوێدییەوە، (٦) لە ئەڵمانییەوە، پێنجەکەی تریش لە کوردان وەرگیرابوون. مسیۆنێری ئەمەریکایی، لۆدڤیگ ئۆڵسن فاسۆم L. O. Fossom سەرپەرشتیی نووسین و تەرجەمە و چاپەکەی کردبوو.

١٩١٧– ١٩١٨

ڕۆژنامەی کوردستان، خولی سێیەم، لەلایەن ثریا بەدرخانەوە (١٨٨٣–١٩٣٨)، لە ئەستەمبوڵ بڵاو کراوەتەوە.

١٩١٨/١/١

ڕۆژنامەی تێگەیشتنی راستی لە بەغدا، کە لە ژمارە ٢٣ و ٢٤دا بایەخێکی تایبەت دەداتە بیری نوێخوازی لە شیعرنووسیندا؛ بۆ یەکەم جار وشەی «نوێخوازی – تجدد» بەکار دەهێنێ.

جەلادەت، سورەییا، کامەران (بەدرخان)

ژیانی سیاسی

کـوردســتــان جێ دێڵن. برســێــتی و نـەخــۆشی و شــەڕ کوردستانی داگرتووە. لەشکری عوسـمـانی هێشـتا هـەر لە هـەولێرە.

١٩١٨/١٠/٢٥

لەشکری ئینگلیز کەرکووک، پاشان مووسڵ داگیر دەکەن.

١/١١/١٩١٨ تا ٩/١١/١٩١٨

ئینگلیز هەولێریان بەبێ شەڕ داگیر کرد. ئەحمەد عوسمان ئەفەندی بووە سەرۆکی شارەوانی تا ١٩٢١.

١٧/١١/١٩١٨ - ١٨/٦/١٩١٩

حکوومەتی یەکەمی شێخ مەحموود

پێشتر، لە ١٥/١/ ١٩١٨ مێجەر نۆئیل هاتبووە سلێمانی بۆ گـفـتوگـۆ لەگەڵ شـێخ مـەحـموود. بـارودۆخی سلێمـانی خراپ بوو، مێجەر نۆئێل باربوویەکی زۆری ناردە سلێمانی، بەپێی فـەرمـانی (ویلسـۆن) ئینگلیـز شـێخ مـەحـمـوودی لە ١٧/١١/١٩١٨ کردە (حاکمی سلێمانی).

١٩١٨

– کۆمـەڵەی (کوردستان تەعالی جەمعیەتی) لە ئەستەمبوڵ، کـە شـێخ عـەبدولـقـادری شـەمـزینی سـەرۆک و ئەمین عـالی بەدرخـان جێگر بووە. ئەندامـەکـانیشـیـان: حیـکمـەت بابان، مستەفا شەوقی، محـەمەد میهری، هـەمزە موکسی، مەمدووح سەلیم، ع. ڕەحمی هەکاری، عەزیز یامولکی، کەمال فەوزی.

– کۆمەڵەی (کوردستان ئیستیقلال جەمعیەتی) لە قاهیرە لەلایەن سورەیا بەدرخان دامەزراوە.

– شەڕ کۆتایی دێ: لەشکری ئینگلیز کەرکووک و پاشان مووسڵ داگیر دەکەن. مێجەر نۆئێل دەچێتە سلێمانی، شێخ مـەحـمـوود دەکەنە (حـوکمـداری کوردسـتـانی عـێراق). لەم ساڵەدا ژمارەی دانیشتووانی سلێمانی (١٣٢٩) کەس بووە.

– کۆلۆنێل لیـچمـان کرایە فـەرمـانداری ویلایەتی مـووسڵ کە هـەولێر و دهۆکیشی دەگرتەوە.

– عەبدولڕەزاق بەدرخان لە مووسڵ ئیعدام دەکرێ، سمکۆ ئاغـای شکاک لـە کوردسـتـانی ئێـران ناوچـەکـانی ورمێ لە

ژیانی کولتووری

– لە ١٩١٨ گیـوی مـوکریانی بایەخ بە فـۆتۆگراف دەدات، بەکامێرای خـۆی چەندان دیمەنی زیندووی ژیانی کوردستان و شــەخــســیــاتی گــەلەکــەی خــۆی، لـەوانە زۆر وێنەی جـۆراوجـۆری هـەولێر، لە فەوتان رزگار دەکات و دەیانگرێتە چوارچێـوەی زیندووی فـوتۆگـرافـەوە. بەشـێکی وێنە نایابەکـانی شـاری هـەولێـر لە سـاڵانی (١٩١٨-١٩٥٠) بە کامێرای گیوی موکریانی گیراون.

– ئەحمەدی خانی: عەقیدا ئیمانێ، ئەستەمبوڵ.

– قوتابخانەی (سلذانیە) لە کەرکووک هـەبووە.

– کـۆچی دوایی (سـەید ئەحـمـەد فـائیزی بەرزنجـەیی) لە ئەسـتـەمـبوڵ، خـاوەن کـتێبی (کنز اللسـان) کە برێتییە لە یازدە ستوون و بە شەش زمـانی تورکی و عەرەبی و فارسی و فـەرەنسی و ڕووسی و کـوردی نووسـراوە: بە پازدە جـۆر دەخوێنرێتەوە: لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە چەپەوە بۆ ڕاست و هـەمووشیان بەپێچەوانەشەوە.

– چاپخـانەی «نجم اسـتـقـبـال» کـە بارەگـاکەی لـە نزیک (بابی عـالی) لە شـەقامی (ابـو السعود) بوو لە ئەسـتـەمبوڵ. چەندان بڵاوکـراوەی کـوردیی چاپ و بڵاو کـردووەتـەوە: ڕۆژنامەی ژین (١٩١٨- ١٩١٩)، لەگەڵ کۆواری (کوردستـان ١٩١٩- ١٩٢٠). چاپخـانەی (نجم اسـتـقـبـال) بەردەوام لە هەمـوو چاپەمـەنییەکانی خـۆیدا بانگاشـە و پروپاگەندەی بۆ کتێبە کوردی و کۆوارە کوردییەکان دەکرد. چاپی یەکـەمی مـەم و زینەکـەی ئەحـمەدی خـانی بە پێشـەکیی هـەمزە بەگ، ئەویش هـەر لە چاپخانەی (نجم استقبال) چاپ کراوە.

– گرووپی شـاعیـرانی کۆواری ژین (ئەسـتـەمبوڵ ١٩١٨-١٩١٩) کـە پشـتـیـان بەسـتـبـوو بە ئایدیۆلۆجـیـیـەت و سـیـسـتـەمـێکی تازەی بیـرکـردنەوە: «ئایدیۆلۆجـیـیـەتە کۆمەڵایەتی و سـیاسییە کۆنەکان، ئەمرۆ، ڕوو لە هـەرەسن. ئێـمــە ئەمــڕۆ بەشــداری لە ســازکــردنی چەند ڕچە و پرەنسیپێکی تازە دەکەین».

– کـۆواری (ژین) کـە لە ١٩١٨ لە ئەسـتـەمـبـوڵ دەرچووە پێمان ڕادەگەیەنێ کە لە ١٩١٨ کە ژمارەی کرێکارانی کورد لە ئەستەمبوڵی ساڵی ١٩١٨ پێنج تا دە هـەزار کەس بووە.

– لەدایکبوونی دڵدار (١٩١٨ ــ ١٩٤٨)

– قـاسم ئـەمین (١٨٦٠- ١٩٠٣) کـە بـە بنـەچە کـوردی

لەشکری ئێران پاک دەکاتەوە و شەڕ لەگەڵ لەشکری ئێران دەکا لەپێناو سەربەخۆییی نەتەوەیی.

– یانەی کوردی لە دیاربەکر لەلایەن ئەکرەم جەمیل پاشاوە.

– لقێکی جەمعیەتی تەعاون لە دیاربەکر کرایەوە و ناوی نرا یانەی کورد (کورد کلۆبی). دوکتۆر جەودەت بەگ جێگری سەرۆک بوو، کەریم جەردیس زادە ژمێریار. نزیکەی دوو هەزار ئەندامی هەبوو لەوانە محەمەد میهری و دوکتۆر فوئاد. لە کۆتاییدا رێکخراوێکی تری لێ دامەزرا بە ناوی تەشکیلاتی ئیجتیماعیە؛ ئەمین عالی بەدرخان و شوکری بابانزادە و عەبدوڵا جەودەت و ئەکرەم جەمیل پاشا سەر بەم رێکخراوە بوون. گۆواری ژین ١٩١٩ ئۆرگانیان بوو.

– جەمعیەتی تەعالیی کورد کە لە ١٩١٨ لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە، بەپێی هەندێک سەرچاوە، پازدە هەزار ئەندامی هەبووە.

– بەپێی سەرچاوەیەکی تر (٢٠٠) خوێندکاری کورد لە ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمبوڵ لە بەشە جیاجیاکانی پەیمانگە و زانکۆکانی ئەستەمبوڵ خوێندنیان تەواو کردووە.

١٩١٩

– (ویلسن)ی سەرەک کۆماری ئەمەریکا لەو رۆژانەدا چواردە بەندەکەی خۆی بلاو کردبووەوە کە بەپێی ئەم دەستوور و بەڵگەیە- هەموو قەومێک مافی داواکردنی سەربەخۆیی پێ درابوو.

– لە ١٩١٩/٣/١: جەنەراڵ شەریف پاشا، لە پاریس، لە شەقامی مێسین لە خانووی ژمارە (٢٢)، خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەو کۆنفرانسە نێو دەوڵەتییەی کە چارەنووسی نەتەوەکانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست دیاری دەکات.

– شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان، بە ناوی (کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان) لە ئەستەمبوڵ، لە رێگەی کۆمیساریای ئەمەریکایی و ئینگلیزی و فەرەنسییەوە لە ئەستەمبوڵ، رادەگەیەنن کە شەریف پاشا بۆی هەیە لە کۆنفرانسە نێو دەوڵەتییەکەدا ببێتە نوێنەری داخوازییەکانی گەلی کورد.

– لە هەمان کاتدا، لە کوردستانی عێراقیشدا، شێخ

سلێمانییە و لە فەرەنسا حقووقی تەواو کردووە و ساڵانێکی زۆر لە میسر دادوەر بووە، ماوەیەک ئەویش هاتووەتە ئەستەمبوڵ و لە ١٩١٨ کتێبە ناودارەکەی (حوڕیەتی نسوان) لەبارەی ئازادی و مافەکانی ئافرەت دەکرێتە تورکی و شۆڕەتێکی زۆر لە ئەستەمبوڵ پەیدا دەکا.

١٩١٩

مسیۆنێری ئەمەریکایی، لۆدڤیگ ئۆڵسن فاسۆم L. O. Fossom : کتێبی (رێزمانی کوردی لەسەر بنەوانی قسەکردنی رۆژانە لە ناوچەی سابلاغ: A Pratical Kurdish Grammar) لەلایەن Lutheran Orient - Mission Society بلاو کراوەتەوە. کتێبەکە چەند چیرۆک و پەندێکیشی تێدایە بە کوردی و تەرجەمەی ئینگلیزیش کراون.

نووسەر -خۆی وتارێکی لەبارەی کتێبەکەی، لە ژمارە (٢)ی رۆژنامەی کوردستان میشنێری، ساڵی (١٢)، لە ئەڤریلی (١٩٢٠) بلاو کردووەتەوە.

– لە مانگی گوڵانی ١٩١٩دا بۆ یەکەم جار (کۆمەڵەی پێشکەوتنی ژنانی کورد/ کورد قادینلار تعالی جمعیەتی) دادەمەزرێت لەپێناو گرێدانەوەی خەباتی ئافرەتانی کورد بە خەباتی نەتەوەییەوە. خێزانی شەریف پاشا، ئەمینە خانم (١٨٦٨- ١٩٢٦) بووەتە سەرۆکی (کۆمەڵەی تەعالیی ژنانی کورد) کە سەر بە (کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان) بووە.

– عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری، لە گۆواری ژین لە ژمارە (٢١)دا، لە لاپەڕە (١٥-١٦)دا، شیعرێک پێشکێش بە جەنەراڵ شەریف پاشا دەکات و بەناوی گەلی کوردەوە پشتگیری لە هەڵویست و داخوازییەکانی ناوبراو دەکات و بە نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردی لە قەڵەم دەدات.

– محەمەد شوکری سەگبان (١٨٨١- ١٩٦٠) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا رۆڵی سیاسیی هەبووە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا و رۆشنبیرێکی کوردی دیاری ئەستەمبوڵ بووە.

– لوتفی فیکری دیاربەکری (١٨٧٢: دیاربەکر- ١٩٣٤: پاریس) کە لە پاریس حقووقی تەواو کردووە و لە دوای کوودەتاکەی ١٩٠٨ لە مەجلیسی مەبعووسان بە نوێنەری دەرسیم هەڵدەبژێردرێ.

ژیانی سیاسی

مەحموود مەزبەتەیەکی بە ئەهالی و عەشایەری کورد مۆر کرد کە بەپێی ئەمە شەریف پاشای کوردی دانیشتووی پاریس کرا بە نوێنەری کوردەکان لە (کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس) بۆ داواکردنی حقووقی قەومیی کورد.

١٩١٩/٣/٢٢: پێشکێشکردنی (یاداشتنامەیەک لەبارەی داخوازییەکانی گەلی کورد) بە زمانی فەرەنسی، ئەو یاداشتنامە ناوادرەی کە تێیدا جەنەراڵ شەریف پاشا بۆ یەکەمین جار داخوازیی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات بۆ کورد لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتییانەی ئاشتی کە لە پاریس بەسترا لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست ئەم یاداشتە نەخشەیەکی کوردستانی گەورەیشی لەگەڵدا بوو. یەکەم جار کوردێک، جەنەراڵ شەریف پاشا نەخشەیەکی کوردستانی گەورە دروست دەکات و وەک ئامرازێکی دەربڕینی هەستی نەتەوەیی، لەناو داخوازینامەکەیدا بە ئەرکی دەخات.

– سەرۆکی ئەمەریکا (وڵسۆن)، لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (لوید جۆرج)، پێکرا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا (کلیمەنصۆ) لەم یاداشتنامەیە بە وردی دەکۆڵنەوە.

– ئەم هەڵوێستە گرینگ و رووداوە سیاسییە مەزنەی شەریف پاشا، لە رۆژنامە و گۆوارە کوردی و عەرەبی و ئەرمەنی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و فەرەنسییەکاندا دەنگ دەداتەوە. بڕوانە گۆواری کوردستان (ئەستەمبوڵ ١٩١٩- ١٩٢٠)، ژمارەکانی (٤، ٥، ٦)و ؛ ژمارە(٩) (١١ی حوزەیرانی ١٩١٩) کە بەشی یەکەمی یاداشتنامەکەی بە زمانی تورکی بڵاو کردووەتەوە؛ هەروەها ژمارەکانی گۆواری ژین (ئەستەمبوڵ ١٩١٩). لە ریزی رۆژنامە تورکییەکانیش، رۆژنامەی (إقدام) (١٨٩٢- ١٩٢٠) لە زۆربەی ژمارەکانی ئەو کاتەدا بەفراوانی باسی کردووە، لەوانە: لە رۆژی (١٦ی نیسانی ١٩١٩، ٢ی شوباتی ١٩١٩)، ژمارە (٧٩٦٨)، (٧٩٢٦)، (٧٩١٦)، (٧٩٦٨)، (٧٨٩٥).

١٩١٩/٥/٢٦: شەریف پاشا برووسکەیەک بۆ سیاسەتمەدار و رووناکبیر و رێکخراوەکانی کوردستان دەکات و وەڵامیان دەداتەوە کە ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ عارف پاشای کورد بکا بۆ پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی

ژیانی کولتووری

– بڵاوبوونەوەی یەکەم شانۆنامە بە زمانی کوردی (مەمێ ئالان) بە پێنووسی عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری: گۆواری ژین، ژ ١٥ و ١٦، لە ئەستەمبوڵ، ساڵی ١٩١٩. هەروەها بڵاوکردنەوەی یەکەمین دیوانە شیعری شاعیرێک کە خۆی لە ژیاندا بێ بە ناونیشانی (گازیا وەلات) لە ئەستەمبوڵ لەلایەن ع. رەحمی هەکاری، کە پێشتر بیست پارچە شیعری لە گۆواری ژین (١٩١٨/١١/٧ - ١٩١٩/١٠/٢) لە ئەستەمبوڵ بڵاو کردووەتەوە.

– سەعید نەورەسی و هەمزە بەگ و خەلیل خەیالی لە دامەزرێنەرانی (کورد تەعالی جەمعیەتی) بوون لە ئەستەمبوڵ ساڵی ١٩١٩.

– وەرگێڕانی (ئینجیل) لە چوار بەرگدا بۆ کوردیی مهابادی، لە یۆنانییەوە، لەلایەن: ئەمێریکان بایبڵ سۆسایەتی.

– کورد تەئمینی مەعاریف و نەشریات جەمعیەتی لە ئەستەمبوڵ.

– لە سەردەمی شێخ مەحمووددا رەشید زەکی کابان (١٨٦٧ ــ ١٩٤٠) کە خۆی دەرچووی روشدیەی سلێمانی بووە، بووەتە مودیری قوتابخانەی مەحموودیە.

– زۆربەی قوتابییانی کوردی هەولێریی دەرچووانی قوتابخانەی روشدیە یا مەدارس دەچوونە دارالمعلمین ابتیدائیسی لە مووسڵ و حقووق کولیەسی لە مووسڵ.

– لەسەر لاپەڕەکانی گۆواری «کوردستان» لە ئەستەمبوڵ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، پارچە شیعرێک بە ناونیشانی (دەلالیا زارۆکان) بۆ منداڵان، بە قەڵەمی «زینۆ» ناوێک (ئەمین عالی بەدرخان؟) لە ژمارە(٦)دا بڵاو کراوەتەوە.

– دەرکەوتنی رەسم و تەختیتەکانی یەکەم نیگارکێشی سلێمانی، حەسەن فەلاح: تابلۆی (شەڕی دەربەندی بازیان) دروست دەکات کە باسی شەڕی شێخ مەحموود و ئینگلیزەکان دەکات لە دەربەندی بازیان.

– بایەخدانی گۆواری (ژین) و (کوردستان) لە ئەستەمبوڵ بە تەختیت و وێنە: بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافی (شەریف پاشا) و (ابراهیم الحیدري) و تابلۆیەکی (صلاح الدین الایوبي).

کورد و وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد.

– عارف پاشا، لە قاهیرە، لەلایەن دەستەیەکی کوردانەوە، لە ڕێگەی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستانەوە هەڵبژێردراوە کە بچێت بۆ پاریس و لەگەڵ شەریف پاشا تەقەلایان یەک بخەن.

– کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان، لە ئەستەمبوڵەوە ئەندامێکی چالاکی خۆی ناردووە بۆ پاریس بە ناوی (فەخری بەگ)، بۆ ئەوەی یارمەتیی شەریف پاشا بدا و هاوکاریی بکا لە کاروبارەکانیدا.

– کوردەکانی تورکیا و کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردی لە ئەستەمبوڵ توانیبوویان بە ناوی خۆیان و هەموو کوردەکانەوە وەکالەتنامە بۆ شەریف پاشا بنێرن و بیکەنە نوێنەری خۆیان لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو کە لەلایەن (شەریف پاشا)وە بەرەو ئیستیقلال و سەربەخۆییی کوردستان هاوێژرا. گرینگترین ئەو کۆمەڵە سیاسییانەی، جگە لە شێخ مەحموود، پشتگیری شەریف پاشایان کردبوو، ئەمانە بوون: (تەعاون و تەرەقی کورد)، (تەعالیی کوردستان)، (هیوا)، (تەشکیلاتی ئیجتماعی)، (فیرقەی دیموکراتی کورد)، (جەمعیەتی ئیستقلالی کوردستان).

– ڕقەبەرایەتیی ئەرمەنییەکان لەگەڵ شەریف پاشا، لەسەر دیاریکردنی سنووری ئەرمەنستان و کوردستان توندوتیژتر دەبێ.

١٩١٩/٧/٢٩ و ١٩١٩/١٠/٩: دوو نامە دەنێرێ بۆ ڕۆبەرت فانسیتارتی سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە پاریس بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم بلفۆڕی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا.

– ڕاپەڕینی سمکۆ ئاغای شکاک

– لە کاتێکدا هەموو کوردستانی عێراق لەژێر دەستی ئینگلیزدایە، ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود دژی ئینگلیز لە سلێمانی و دەوروبەری دەست پێ دەکات، کە (مەحموودخانی دزڵی) لە کوردستانی ئێرانەوە هاوکارییان دەکا کە لە ١٩٢٠ ئێران دەیگرێت و بەو تۆمەتە دووری دەخاتەوە بەرەو هیندستان. لە ١٩١٩/٥/٢ ئینگلیزیان لە سلێمانی دەرکرد



ئەحمەد موختار بەگی جاف شاعیر، نووسەری (مەسەلەی ویژدان)

ژیانی سیاسی

– بەستنی پەیمانی (سنت ریمۆ) لە نێوان فەڕەنسا و بەریتانیا: کوردستانی باشوور دەلکێندرێتە دەوڵەتی عێراق. مێجەرسۆن کرایە حاکمی سلێمانی. نەوتی کوردستان دابەش کرابووە سەر بریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا.

– سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین، هەمزە بەگ، لە ئەستەمبوڵ، لەسێدارە دەدرێ.

– لە ١٩١٩/٦/١٩ شێخ مەحموود لە شەڕی دەربەندی بازیان بەدیل دەگیرێ و حکومەتی یەکەمی شێخ مەحموود کۆتایی دێت.

– بۆ یەکەم جار ئینگلیز ئۆتۆمۆبیلیان هێنایە سلێمانی.

١٩٢٠

– لە ١٩٢٠/٦/١٧ حکومەتێکی عەرەبی بەناوی عێراق ڕاگەیەندرا. عەبدولڕەحمان گەیلانی دەبێتە یەکەمین سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق.

– مەلا فەندی لە هەولێر پشتیوانی ئینگلیزەکان بوو.

– سمکۆئاغای شکاک بەشێکی کوردستانی ئێرانی ئازاد کردووە، ڕۆژنامەیەک دەردەکا (کورد) لە ورمێ.

– لە١٩٢٠/٨/١٠: ئیمزاکردنی پەیمانی سیڤەر لە نێوان تورکیا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا کە لەسەر بنچینەی داخوازییەکانی جەنەڕاڵ شەریف پاشا هەڵچنرابوو. لە بەندی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤)ی پەیمانەکەدا، بەڵێنی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی درابوو. تورکیاش بۆ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە ڕەزامەندیی پێشان دابوو.

– ١٩٢٠/٤/٢٧: جەنەڕاڵ شەریف پاشا، لە ناکاو، نامەیەک بۆ وەفدی بەریتانیا لە پاریس دەنێرێت و بۆی ڕوون دەکاتەوە کە چیی تر سەرۆک وەفدی کوردان نابێت و نوێنەرایەتی کوردان ناکات لەم کۆنفرانسەدا: ئەمەش لەبەر ئەو ناکۆکییانەی کە لەگەڵ شێخ عەبدولقادری سەرۆک کۆمەڵەی کوردان لە ئەستەمبوڵ هەیەتی.

١٩٢٠/٣/٢٣: وەزیری دەرەوەی بەریتانیا نامەیەک بۆ مەندووبی سامی لە بەغدا دەنووسێت، تێیدا ڕوون دەکاتەوە کە حکومەتی بەریتانیا ئامادەیە دەوڵەتێک بۆ کورد دروست بکا بە سەرۆکایەتیی شەریف پاشا، بەڵام ئاخۆ ئێوەی حکومەت کەسی تری شایستە دەبینن کە ببێتە سەرۆکی

ژیانی کولتووری

قەدری جان. شاعیری کوردی سووریا

١٩٢٠

– مێجەرسۆن یەکەم چاپخانە بۆ کوردستانی عێراق دەهێنێتە سلێمانی و لەوێ ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە ١٩٢٠/٤/٢٩ دەردەکا تا ١٩٢٢/٧/٢٧ بەردەوام دەبێ. لەسەر لاپەڕەکانیدا (٥٠) شیعر بڵاو دەکاتەوە و بۆ یەکەم جار کۆمەڵێک چیرۆکی وەرگێڕدراو لە ئینگلیزییەوە بڵاو دەکاتەوە لەگەڵ چەندان چیرۆکی خۆماڵی. هەروەها پێشبڕکێیەک دادەنێ بۆ ئەو نووسەرانەی کە بە پاکترین و پەتیترین کوردی دەنووسن؛ سێ خەڵاتیشی دانابوو.

– یەکەم کتێبی چاپکراوەی ڕەسمی لە کوردستانی عێراقدا کە بۆ قوتابخانەکان ئامادە کرا و بڵاو کرایەوە، نووسراوی مامۆستای قوتابخانەی نموونەی سەعادەت، مەحەمەد باشقە (١٨٩٠ ــ ١٩٨٠) کە بە هاوکاریی مێجەرسۆن و مەحەمەد زەکی داینابوە بە ناونیشانی (ئەوەڵەمین قیرائەتی کوردی) لە ساڵی ١٩٢٠دا لە چاپخانەی حکومەت لە بەغدا چاپ کراوە. ئنجا لە ١٩٢٦ لەلایەن ئەحمەد عەزیز ئاغاوە (ئەلف و بێ) لە جیاتی (ئەوەڵەمین قیرائەت) بۆ پۆلی یەکەم دانرا.

– دامەزراندنی" لیژنەی فەن و تەمسیل" لە قوتابخانەی

ئەو دەوڵەتە کوردییە؟

١٩٢٠/٣/٢٥: وەڵامی مەندووبی سامی لە بەغداوە: «هیچ کوردێک نییە کە بتوانێ بەناوی هەموو کوردستانەوە قسە بکا»، «کورد بەشێوەیەکی گشتی هەستی عەشایەرییان هەیە، نەک نەتەوەیی».

– پەیدابوونی جیاوازیی بۆچوون و ئایدیۆلۆجیای دژ بەیەکتر لەناو کورداندا. بۆ نموونە، شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدولای نەهری دەستی کردە برووسکە ناردن بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس داوای ئۆتۆنۆمی کرد لە جیاتی پێکهێنانی دەوڵەتە سەربەخۆکەی شەریف پاشا. هەروەها هەر یەکێک لە فەڕەنسا و بەریتانیا ڕێگە چارەی جیاواز و دژ بەیەکیان هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد

عەبدولواحید نووری

ئەربیل ئوولای هەولێر کە یەکەم لیژنەی نواندنی شانۆیی پێک هێنا لە کوردستاندا.

– لە ١٧ی مانگی ئۆگەستی ١٩٢٠، لە سلێمانی «لە مەکتەبی نموونەی سەعادەت قوتابی قەید و قبووڵ دەکرێ و لە یەکی مانگی سێپتەمبەری ١٩٢٠ ڕۆژی چوارشەمە مەکتەب دەکرێتەوە و دەست بە دەرس خوێندن دەکرێ. حکوومەت کتێب، دەفتەر، قەڵەم، کاغەز، مەرەکەب، تەباشیریان دەداتێ».

– مەمدووح سەلیم (١٨٨٠– ١٩٧٦) ڕۆشنبیرێکی تری کوردی فەڕەنسیزانە، کە لە ئەستەمبوڵ پێگەییوە. لەوێ فەلسەفەی خوێندووە و ئەندامی ڕێکخراوی هێڤی و (جەمعیەی تەعالی و تەرەقی) بووە. لە ١٩٢٠ ئەستەمبوڵ جێ دێڵێ بەرەو دیمەشق بۆ کارکردن لەناو ڕێکخراوی (خۆیبوون)دا.

– ئاڵای کوردستان لە ١٩٢٠ داهێندراوە لە ئەستەمبوڵ لەلایەن ڕێکخراوی (کورد تەشکیلات ئیجتیماعیە جەمعیەتیسی) کە هەر ئەو ساڵە لە ڕێکخراوی (کوردستان تەعالی جەمعیەتی) کە سەرۆکەکەیان سەید عەبدولقادری نەهری بوو، جیا بووبوونەوە.

ئەندامەکانی (کورد تەشکیلات ئیجتیماعیە جەمعیەتیسی) کە ئاڵای کوردستانیان داهێناوە، ئەمانە بوون: ئەمین عالی بەدرخان، مەمدووح سەلیم، عەبدولڕەحمان هەکاری، نەجمەدین حوسێن، لەگەڵ (زەینەلعابدین) ناوێک کە هەندێ سەرچاوە دەڵێن هەر ئەویش شێوە و ناوەڕۆکی ئاڵاکەی پێشنیاز کردووە. بەڵام نەبیندراوە ئاڵاکە چۆن بووە، یان ئاخۆ هەمان ئاڵاکەی (خۆیبوون) لە ساڵی (١٩٢٧) بووە؛ هەمان ئەم ئاڵایەی ئێستا بووە یان نا؟

– ڕۆژنامەی پێشکەوتن، کە لە سلێمانی دەردەچوو لە ژمارە ١٨ی ڕۆژی ٢٦ی ٨ی ١٩٢٠دا لە وتارێک بە ناونیشانی مەکتەب و خوێندندا مودیری مەکتەبی نموونەی سەعادەت، ڕەشید زەکی کابان (١٨٦٧ ــ ١٩٤٠) کە خۆی دەرچووی ڕوشدیەی سلێمانی بوو و ئێعدادی عەسکەری لە بەغدا و دانشگای سوپای لە ئەستەمبوڵ تەواوکردبوو و مامۆستای بەکر سەدقی بووە و پاشان بووەتە مودیری

تێکۆشەرە کوردەکانی (بەختیاری)

روشدیەی سلێمانی و لە سەردەمی شێخ مەحموودا بووەتە مودیری قوتابخانەی مەحموودیە. شێخ مەحموود لە ١٩١٩دا لەگەڵ سەید ئەحمەد مەرەخەسی دەیانێرێتە لای شەریف پاشا و لە حەلەب دەگیرێن، لە ١٩٢٩دا دەبێتە مودیری قوتابخانەی ناوەندی لە هەولێر ـ سەرچاوەکەی مستەفا نەریمان) دەڵێ:

" لەسەر ئەمری حاکمی سیاسی لە ئیعتیباری رۆژی سێشەمەی ١٧ی مانگی ئۆگەستی ١٩٢٠ لە مەکتەبی نموونەی سەعادەت قوتابی قەید و قبووڵ دەکرێ و لە یەکی مانگی سێپتەمبەری ١٩٢٠ رۆژی چوارشەمە مەکتەب دەکرێتەوە و دەست بە دەرس خوێندن دەکرێ. حکوومەت کتێب، دەفتەر، قەڵەم، کاغەز، مەرەکەب، تەباشیریان دەداتێ و هیچیان لێ ناسێنێ".

یەکێک لە مامۆستاکانی نموونەی سەعادەت محەمەد باشقە (١٨٩٠ ـ ١٩٨٠) بووە.

– کاتێ سوپای ئینگلیز عێراقی داگیر کرد و ئاگری شەڕ کوژایەوە، دەرگەی قوتابخانەکانیش کرانەوە. رۆژنامەی پێشکەوتن، کە لە سلێمانی دەردەچوو لە ژمارە ١٧ی رۆژی ١٩ی ٨ی ١٩٢٠دا معاونی حاکمی سیاسیی سلێمانی دەڵێ:

" بۆ زانین... مەکتەبی " نموونەی سەعادەت " کرایەوە و دەست کرا بە نووسین و گلدانەوەی قوتابییان. هەموو رۆژێ پێش نیوەڕۆ ـ بە سەعاتی عەرەبی ـ لە سەعات یەکەوە تا پێنج، پاش نیوەڕۆش لە سەعات هەشتەوە تا سەعات دە هەیئەتی مەکتەب لە مەکتەب دادەنیشن؛ قوتابی قەید و رادەگرن. بۆ ئەوەی منداڵتان هیچنەزان دەرنەچێ و بەخۆڕایی فێری خوێندن و نووسینی عەرەبی، کوردی، ئینگلیزی، فارسی و گەلێ شتی زۆر چاک بن، منداڵتان با سەعاتی زووتر بنێرن و قەیدیان بکەن و لەم بەشە باشە بێبەشیان مەکەن "

– زیوەر: (قصص الانبیاء) (چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران)، سلێمانی.

– لەدایکبوونی هەژار (١٩٢٠ – ١٩٩١)

١٩٢١

– تورکیا و هاوپەیمانەکان، بەپێی پەیمانی سیڤەر، کە دابوویانە کورد بۆ ئەوەی دەوڵەتیان بۆ دروست بکەن، لە گفتوگۆدان. ونستۆن چەرچل بیر لەوە دەکاتەوە کە دەوڵەتێک بۆ کورد دابمەزرێنێ.

– لە ١٩٢١/٣/٧: شێخ مەحموود نەفی کرا بۆ هیندستان.

– ڕەزا شا دەبێتە شای ئێران و هێزی سەربازیی خۆی پتەوتر دەکا بۆ لەناوبردنی بزاڤی نەتەوەیی کورد، سمکۆ شاری مهاباد دەگرێ.

– لە٢٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢١: ڕێککەوتنی فەرەنسا و تورکیا لەسەر ئەوەی کە مەڵبەندەکانی (جەزیرە) و (کورداغی) لەلایەن تورکیاوە بدرێتە پاڵ سووریای ژێر ئینتدابی فەرەنسا. ڕاپەڕینەکانی دەرسیم دەست پێ دەکەن.

– ٢٢ی ئابی ١٩٢١: بەریتانیا ئەمیر فەیسەڵی کردە مەلیکی عێراق.

– پێشەوا قازی محەمەد هاوکاریی ڕاپەڕینەکانی سمکۆ دەکا.

– لە ١٩٢١/١٢/٦چەند ئەفسەرێکی کورد بەشدارییان لە دامەزراندنی سوپای عێراقدا کرد.

– ئەحمەد خواجە دەڵێ: " کۆمەڵەی لاوانی کورد " کە لە هەولێر لە ١٩٢١ دامەزرابوو، لە هەولێر شانۆگەریی سەلاحەدینیان پێشکێش کردووە. عەبدوڵا عەزیز کارگەچی و ئەحمەد فەخری سامی و عەبدوڵا سامی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بوون و بەشدارییان لەو شانۆگەرییەدا کردووە. بڵاوکراوەیەکی دەسنووسی ڕەخنەیی توندوتیژیان هەبوو.

– لە ساڵی ١٩٢١ داهاتی ساڵانەی تووتن لە شاری سلێمانی دوو ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی بووە. تەنیا شێخ مەحموود خۆی سێسەد هەزار پاوەنی ئیستەرلینی هەبووە، جگە لە زەویوزار و مەڕوماڵات.

١٩٢٢

لە کاتێکدا شۆڕشی شێخ مەحموود لە کوردستانی عێراقدا دژی ئینگلیز هەڵگیرساوە و لایەنگیریی تورکیای پێ خۆشە، لە کوردستانی تورکیاشدا نوێنەرەکانی شۆڕشی کورد لە

١٩٢١

– ئەمین فەیزی کتێبی (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد) کە یەکەمین تۆژینەوەی چاپکراوە لەبارەی شیعر و شاعیری، لە ئەستەمبوڵ چاپ دەکا؛ (لە ١٨٩٦ نووسیبووی).

– ئەسیری، دوای گەڕانەوەی لە ئەستەمبوڵ، دەست دەداتە نووسینی ئەو جۆرە شیعرەی کە لەچاو شیعری کلاسیک جیاواز بووە.

– لە ١٩٢١ کتێبی (هینکەری زیمانی کوردی) کە نامیلکەیەکی ٦٥ لاپەڕەیییە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی، واتە بۆ دەرسدانەوەی زمانی کوردی بە زمانی تورکی و بە هەردوو دیالیکتی ژووروو و خواروو، لە ساڵی ١٩٢١ لە ئەستەمبوڵ لەلایەن ڕێکخراوی خوێندکارانی (هێڤی)یەوە لە چاپخانەی (نجم استقبال)دا چاپ کراوە .

– کارەساتی حەسەنە شەل و گۆرانییە ناودارەکەی شەهابە لەبارەیەوە. حەسەنەشەل بە فیتی عەلی پاشای دۆغرەمەچی دەچێ کاروانی ئینگلیزەکان لە ڕێی مووسڵ ڕووت دەکاتەوە. ئەوانیش دەیگرن و لە بەردەم سەرای هەولێر قەنارەی بۆ هەڵدەواسن.

– گۆران، تەمەنی (١٦) ساڵە، لە ژمارە ٦١ی پێشکەوتن، یەکەمین نووسینی خۆی: (ئەسەفی ماضی) و ئەندێشەی ئیستیقبالم.. بڵاو دەکاتەوە.

– دەرکەوتنی یەکەمین شیعرەکانی بێکەس و ئەسیری و کەماڵی (عەلی باپیر ئاغا) .

– لەدایکبوونی هێمن (١٩٢١ – ١٩٨٦)

– لە (١٩٢١– ١٩٢٢) عەزیز سەلیم لە کەلار، بە خەڵووز لەسەر دیواری ماڵ و مزگەوتەکاندا ڕەسمی کردووە.

١٩٢٢

شانۆگەریی (قەراڵیچە)، کۆمەڵە گەنجێک لە شاری هەولێر پێشکێشیان کردووە.

– – لە بیستەکاندا لە گەڕەکێکی شاری هەڵەبجە جێگەی تایبەتی بۆ پێشاندانی شانۆگەری هەبووە.

– هەفتەنامەی بانگی کوردستان (سلێمانی، ژ ١: ١٩٢٢/٨/٢٢ – ژ ١٤، ١٩٢٣/٦/٨)، زمانحاڵی (جەمعیەتی کوردستان)، بە چاپخانەی مێجەرسۆن چاپ دەکرا. خاوەن

تورکیا– ئەوانیش رادەگەیەنن کە «نایانەوێ کوردستان لە تورکیا جودا ببێتەوە». نوێنەرە کوردەکانی هەموو شارەکانی بەتلیس و وان و دیاربەکرو مەلاتیا و دەرسیم و ئورفە. ئەمەیان راگەیاند.

– سمکۆ ڕای دەگەیەنێ کە «شای کوردستانی ئێرانە»

– شێخ مەحموودی نەفیکراو لە هیندستانەوە دەهێننەوە بەغدا و پاشان بۆ سلێمانی کە لە ١٩٢٢/٩/١٤ دەبێتەوە «مەلیکی کوردستان».

– ١٩٢٢/١٠/١٠ حکوومەتی دووەمی شێخ مەحموود لە سلێمانی و دەوروبەری ڕادەگەیەندرێ کە تا ١٩٢٣/٣/٣ بەردەوام دەبێ.

– لە ١٩٢٢/١٢/١٦ مستەفا کەمال ئەتاتورکی کوردکوژ دێتە سەر حوکم.

– مستەفا پاشا یامولکی (١٨٦٨ ـ ١٩٣٦) میر لیوا لە سوپای عوسمانیدا، سەرۆکی جەمعیەتی کوردستان ١٩٢٢، وەزیری مەعاریف لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموددا ١٩٢٢، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری رۆژنامەی بانگی کوردستان. باوەڕی بە پان ئیسلامیزم هەبوو (ب. ک. ژ ١٢)، بۆیە دوژمنایەتیی کەمال ئەتاتورک و جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقیی دەکرد و دەمڕاستی لایەنگرانی ئینگلیز بووە دژی تورک.

– کۆمەڵەی کوردستان لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٢ کە مستەفا عەزیز پاشا و ڕەفیق حیلمی و ساڵح قەفتان و ئەحمەدبەگ و شوکری عەلەکە دایان مەزراندووە و گۆوارێکیان بە ناوی (بانگی کوردستان) دەرکردووە. ئامانجی سەرەکییان بریتی بووە لە پشتیوانیکردنی شۆڕشی شێخ مەحموود.

١٩٢٣

لەسەر داخوازیی لینین، ناوچە کوردنشینەکانی یەکەتیی سۆڤیەت، وەک مەڵبەندێکی سەربەخۆی سیاسی، ئۆتۆنۆمیی خۆی و ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی پێ دەدرێت بە ناوی (کوردستانی سوور) کە پایتەختەکەیشی بریتی بوو لە شاری (لاچین) لە ناوچەی Nagoron - Karabakh)، کورد خۆیان بەڕێوەیان دەبرد.

ئیمتیاز و مودیری مەسئوول: مستەفا پاشا یامولکی.

– هەفتەنامەی رۆژی کوردستان (سلێمانی، ژ ١: ١٩٢٢/١١/١٥– ژ ١٥: ١٩٢٣/٣/٣). بە کوردی و فارسی و تورکی، زمانحاڵی (کۆمەڵەی کوردستان)، خاوەن ئیمتیاز و مودیری مەسئوول: شێخ نووری شێخ ساڵح .

عەلی کەمال باپیراغا لە ژ ١٨ی ژیانەوەدا:

ئەوساکە وەسائیت لە عێراقا هەمووی کەر بوو
لۆکس نەبوو ناویشی قتووی نەوت و فەنەر بوو
ئەم خەلقە هەمووی دەربەدەر و خەستە جگەر بوو
بێ مەعریفەت و سنعەت و بێ عیلم و هونەر بوو
ئێستاکە طیارە هەیە من لە کەرم چی؟
من تازە لە تورکی قەبە و بێ هونەرم چی
چۆن تازە فەرامۆشی دەکا کوردی عێراقی
زوڵم و ستەمی تورک و جەفا و جەور و نیفاقی

١٩٢٣

هەرێمی ئۆتۆنۆمی (کوردستانی سوور) بۆ ماوەی پێنج ساڵ، واتە تا ١٩٢٩ ڕۆژنامەیەکیشیان بە ناوی (کوردستانی سوور Sovetskia kurdistan) بڵاو دەکردەوە. هەروەها پەخشێکی ڕادیۆ بە زمانی کوردی لە ناوچەی خودموختاری کورد لە یەکەتی سۆڤیەت تا ساڵی ١٩٢٩ بەردەوام بوو.

١٩٢٣/٧/٢٣

لە کۆنفرانسی (لۆزان) ئەتاتورکی کوردکوژی سەرۆک کۆماری تورکیا ڕای گەیاند «تورکیا تەنیا هی تورکانە»: خەونی دەوڵەتی کورد کۆتایی هات.

– نووسەر و شاعیرانی کورد، دوای قەدەخەکردنی زمان و کولتووری کوردی و ڕاوەدوونانی ڕووناکبیرە کوردەکان لەلایەن ڕێژیمی تورکیاوە، پەیتا پەیتا لە ئەستەمبوڵەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان: حوسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێرد، ئیسماعیل حەقی بابان، ڕەفیق حیلمی، ئەمین زەکی بەگ.. بۆ کوردستانی عێراق؛ هەروەها برایانی بەدرخان و عوسمان سەبری و قەدریجان و جگەرخوێن بۆ کوردستانی سووریا.

١٩٢٣/٣/٤

بۆمبابارانی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە و وەدەرنانی هێزی شێخ مەحموود بەرەو ئەشکەوتی جاسەنە. لە ١٦/٥ ئینگلیز هاتنەوە ناو سلێمانی. ئەو کاتە کە سمکۆ، ماوەیەک میوانی شێخ مەحموود بوو، لە ٢/٢٨ گەڕایەوە کوردستانی ئێران.

١٩٢٣/٧/٢٣: لە کۆنفرانسی (لۆزان)دا، دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە کوردەکان نایانەوێ لە تورکیا جودا ببنەوە و تورکیاش بەڵێن دەدات کە مافە نەتەوەییەکانی کوردەکان وەدی بهێنێت؛ لە پەیماننامەی (لۆزان)دا بەندەکانی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤)ی پەیماننامەی سیڤەریان هەڵوەشاندەوە و خەونە جوانەکەی شەریف پاشایان زیندەبەچاڵ کرد.

– بەپێی پەیمانی سیڤەر (١٩٢٠ کە تێیدا بەڵێن درابوو دەوڵەت بۆ کورد دابمەزرێ) هەڵوەشێندرایەوە: کێشەی کورد لە عێراق لکێندرایە عێراقەوە، لە ئێران سپاردرایە دەستە خوێناوییەکانی شای ئێرانەوە، لە تورکیاشدا کەمال ئەتاتورکی کوردکوژی سەرۆک کۆماری تورکیا ڕای گەیاند «تورکیا تەنیا هیی تورکانە»

٧/ ١٩٢٣ - ١٩٢٤/٧/١٩

حکوومەتی سێیەمی شێخ مەحموود لە سلێمانی.

١٩٢٤

کەمال ئەتاتورک لە تورکیا بەیەکجاری زمان و کولتووری کورد و جەژنی نەورۆزی قەدەخە کرد، هەرچی ڕووناکبیر و گەورەپیاوی کورد هەبوون یان ئیعدامیکردن یان نەفی یانیش ناچاری کردن خۆیان ڕابکەن لەدەست سێدارە: بەرەو ئەورووپا و شام و عێراق و ئێران. لەشکری تورکی بەردایە گیانی کورد.

– هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پەرلەمانی عێراقی کە تێیدا (١٧) کورد ئەندام بوون

– دووبارە بۆمبابارانی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە و دووبارە گرتنەوەی سلێمانی کە پێشتر شێخ مەحموود هاتبووەوە ناوی بۆ حوکمڕانیکردن. لە ١٩٢٤/٧/١٩ بەیەکجاری کۆتایی بە دەسەڵاتی شێخ مەحموود هات.

– یەکەم شانۆگەری لە سلێمانی، شانۆگەریی (عیلم و جەهل) لە ئامادەکردنی فوئاد ڕەشید بەکر، کۆمەڵە لاوێک پێشانیان داوە.

– لە سلێمانی، پێش ئەوەی هێشتا هیچ تیپێکی شانۆیی دابمەزرێت، شانۆگەریی دایک، نووسینی شێخ نووری شێخ ساڵح، قوتابیانی قوتابخانەی کچانی سلێمانی، لە سلێمانی پێشکێشیان کردووە.

– تیپێکی شانۆیی میسری، بە سەرپەرشتیی (بشارة واکیم)، لە سلێمانی و شارەکانی تری کوردستاندا نواندنی پێشکێش کردووە.

– بانگی حەق (سلێمانی؛ ئەشکەوتی جاسەنە نزیک سوورداش، ژ ١: ١٩٢٣/٣/٢٨– ژ ١٢: ١٩٢٣).

– هەفتەنامەی ئومێدی ئیستیقلال (سلێمانی، ژ ١: ڕۆژی ١٩٢٣/٩/٢٠– ژ ٢٥: ١٩٢٤/٥/١٥).

– شۆڕەتی سترانبێژ و لاوکبێژی کوردی تورکیا، عەبداڵ زەینەکی، کە یەشار کەماڵ زۆر پێی کاریگەر و سەرسام بووە.

١٩٢٤

ڕووناکبیر و نووسەرانی کوردی ئەستەمبوڵ لە ١٩٢٤ بەملاوە، واتە دوای قەدەخەکردنی زمان و کولتووری کوردی و ڕاوەدوونانی ڕووناکبیرە کوردەکان لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە، پەیتا پەیتا، گەڕانەوە بۆ کوردستان.

– ڕۆژنامەی ژیانەوە (ڕ. سلێمانی /١٩٢٤ ـ ١٩٢٦).

– لە ١٩٢٤ کەمال ئەتاتورک بەیەکجاری زمان و کولتووری کوردی قەدەخە کرد، هەرچی ڕووناکبیر و پیاوماقووڵی کورد هەبوون یان ئیعدامیکردن یان نەفییکردن. لەشکری تورکیشی بەردایە گیانی کورد.

١٨–١١– ١٩٢٤: پیرەمێرد لە ئەستەمبوڵەوە بە شەمەندەفەر دەگاتەوە بەغدا. لەناو شەمەندەفەر ئەم شیعرە دەنووسێ:

ئەوا ڕووم کردەوە تۆ ئەی دایکی موشەفەق بیست و پێنج ساڵە
لە غوربەتدا بە یادی تۆ دەژیم خوا شاهیدی حاڵە

– عەلی مەردان، لەگەڵ محەمەد محەمەد سەعیدی هونەرمەند، هەردووکیان قەوانیان بۆ کۆمپانیای هۆمۆکۆرۆ Homokoro تۆمار کردووە.

ژیانی سیاسی

١٩٢٥

– سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیران کە لە کۆتاییی ساڵدا بە دیل دەیگرن و لە سێدارەی دەدەن.

– ١٦کانوونی دووەمی ١٩٢٥ لیژنەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر داخوازیی کۆمەڵی گەلان گەیشتنە بەغدا بۆ ئەوەی بێنە کوردستان لەبارەی کێشەی ویلایەتی مووسڵ و کوردستان بکۆڵنەوە. کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕازی دەبێت کە کوردستانی باشوور (ویلایەتی مووسڵ) لە سەر داخوازی بەریتانیا بدرێتە دەوڵەتی عێراق.

١٩٢٦/٦/٢٢

ڕێککەوتنێک لە نێوان تورکیا و ئێران لە تاران: هەموو بزاڤێکی نەتەوەیی کوردی لەناو ببەن.

مێجەرسۆن

ژیانی کولتووری

شەوی ٣٠-١-١٩٢٥

پیرەمێرد، دوای ٢٥ ساڵ دوورەوڵاتی لە ئەستەمبوڵەوە دەگاتەوە سلێمانی.

١٩٢٥: حوسێن حوزنی موکریانی چاپخانەی (زاری کرمانجی)ی لە ڕەواندز دامەزراند، کۆوارێکیشی دواتر بەو ناوە دەرکرد. ناوبراو یەکەم نووسەری کوردی هاوچەرخە کە کتێبی خۆی بە نەخشەی جوگرافیای کوردستان و تەختیت و نیگار و وێنەی فۆتۆگرافی ڕازاندبێتەوە: (غنچەی بهارستان) زیاتر لە (٢٠) تابلۆی تێدایە. ئەمە یەکەمین کتێبی کوردییە کە گرافیک و وێنە و نەخشە بڵاو بکاتەوە.

– ١١ی ئاداری ١٩٢٥ کۆواری «دیاریی کردستان» لە بەغدا، ساڵح زەکی ساحێبقران، بە سێ زمان.

– ١/ ٧ /١٩٢٥: ڕۆژنامەی ژیانەوە ژمارە ٢٩-٢٦، پاشان لە ژمارە ١ی ڕۆژنامەی ژیان (٢٩/ ٧/ ١٩٢٦) تا ژمارە ٢٦، لە سلێمانی: یەکەم نۆڤلێتی کوردی بە زنجیرە بە ناونیشانی لە خەوما بە قەڵەمی جەمیل سائیب (١٨٨٧ـ ١٩٥٠) بڵاو دەکرێتەوە.

– دروستبوونی دێدەوانی لە سلێمانی

– یەکەمین تیپی مۆسیقا لە سلێمانی بە سەرپەرشتیی عەبدولواحد نووری و فوئاد ڕەشید بەکر.

– بەختیار زێوەر یەکەمین شیعرەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

– دەرکەوتنی چالاکی و گۆرانی و قەوانەکانی مریەم خان (١٩٠٤- ١٩٤٩)، حاجی عەبدوڵا دەفژەن (١٩٠٢- ١٩٦٣)، شەهابە (١٨٩١- ١٩٣٩)، سەبری موهاجیر (١٩٠٨- ١٩٨١).

– لە ئەرمەنستانی یەکیەتی سۆڤیەت، میکائیلی ڕەشید شیعری نوێ بڵاو دەکاتەوە.

– کتێبی (گۆرانیی کوردی) کە چەند سروودێکی نیشتیمانییە و ناوی نووسەری بەسەرەوە نییە.

– ئەحمەد ناڵبەند: جەسارەت لە ڕووی وەسفکردنێکی ڕووتی سێکس و لەشی ئافرەت.

– گۆرانیبێژ، مام هۆمەر، بۆ یەکەم جار لە مێژووی هونەری کوردیدا، لە بەغدا، قەوانی (هەی بەللار).

١٩٢٦/٢/١٢

– (عصبة الامم) داخوازیی لە بەریتانیا کرد کە کورد بە زمانی خۆی بخوێنێت. نوێنەری بالای بەریتانیا لە نامەیەکی نهێنیدا پێشنیازی بۆ سەرەک وەزیرانی عێراق کرد کە نووسینگەیەکی تەرجەمەی کوردی لە بەغدا بکرێتەوە، هەروەها تەرجەمەی قانوون و کتێبە قوتابخانەییەکان بۆ کوردی بکرێ.

– ئەحمەدی عەزیز ئاغا لە (١٩٢٦) لە ڕۆژنامەی (ژیان) یەکەم نووسەری کوردە کە وتاری لە دیدێکی مارکسییەوە نووسیوە، ئاماژە بە هەبوونی چینی دەوڵەمەند (بۆرژوا) دەدات لە سلێمانی، نووسەر هاتووە، کۆمەڵگەی، وەک مارکس، بەسەر دوو چینی کۆمەڵایەتیدا دابەش کردووە: (طەبەقەی خەواص) واتە هەڵبژاردەی کۆمەڵ: عولەما، ئەشراف، توجار، خاوەن موڵک و ڕووناکبیران.. کە ئەم چینەش دەتوانێ ڕۆڵی بزوێن ببینێت و کۆمەڵ بەرەو پێشەوە ببات؛ چینی دووەم: (طەبەقەی عەوام) واتە جووتیار و پاڵە و کرێکار و پیشەوەر و وردەواڵەفرۆش و کاسبکاری بچووک.

ئەم دوو چینە ناکۆکن لەگەڵ یەکتر و لە زۆرانبازیدان. ئەحمەدی عەزیز ئاغا نووسیویەتی: «هەردوو لا بە چاوێکی بێگانەیی و نەفرەتەوە تەماشای یەکتریان کردووە». ئەمەش هەمان ئەو تێگەیشتنە کە مارکس بۆ ململانێی چینی بۆرژوا و پرۆلیتاریا دەیکا.

– لەیلا بەدرخان (١٩٠٨ ئەستەمبوڵ- ١٩٨٦ پاریس) لە ئەڵمانیا قوتابخانەی بالای هونەری بالیەی ئەڵمانی تەواو دەکات و دەست بە چالاکیی سەر شانۆ دەکا.

– گەلاوێژی ١٩٢٥

یەکەم فیلمی سینەمایی لە سلێمانی پێشان دراوە.

١٩٢٦

یەکەم جار چیرۆکنووسێکی کورد کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بڵاو بکاتەوە: عیسا عەلی (حوسێن حوزنی موکریانی ؟): چیرۆک بەشێوەی شیمال (کەڵەکۆک)، ڕەواندز، ١٥ لاپەڕە. کەڵەباب؛ هەروەها حوسێن حوزنی موکریانی: خۆشی و ترشی، کورتە چیرۆکێکە بۆ منداڵان، گفتوگۆیەکە لە نێوان گورگ و مەڕ و بزنێک (یەکەم چیرۆکە بۆ منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا).

– دەرکەوتنی کۆواری زاری کرمانجی کە لە ماوەی تەمەنیدا ٧٨ شیعری بڵاو کردووەتەوە. هەر لەوێدا لە ژمارە (٥) بە پێنووسی (ز.ع. هەروتی) ژانرێکی شیعریی نوێ (پەخشانە شیعر) بڵاو دەکرێتەوە لەژێر ناوی (شیعری مەنسوور). هەر لەوێشدا دەرکەوتنی یەکەم کاریکاتێر.

– دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ژیان لە سلێمانی (ژ ١: ٢١/١/ ١٩٢٦ـ ژ ٥٥٣: ١٠/٣/١٩٣٨).

– کۆمەڵەی زانستیی کوردان لە سلێمانی لە ٢/٢٤/ ١٩٢٦، کە ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ و کەریم زانستی و ڕەفیق حیلمی دایان مەزراندووە. تیپی شانۆیی قوتابخانەی زانستی کە سەر بە جەمعیەی زانستی بوو لە سلێمانی چەندان بەرهەمی شانۆیی هەبووە.

ـ شانۆگەرییەک بە ناوی جووتە برا (عیلم و جەهل لولا المحامي)، لە نووسینی (تقي الدين اللبناني)، لە هاوینی ١٩٢٦دا، لە سلێمانی پێشان دراوە. مەحموود جەودەت دەری هێنابوو. عەبدولواحید نووری و فوئاد ڕەشید بەکر دەوریان تێدا بینیوە.

– ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی هونەری شێوەکاری، یەکەم جار شێخ نووری شێخ سالح (١٨٩٦ـ ١٩٥٨) دایهێناوە. ئەمەش لەو زنجیرە وتارەی بە ناونیشانی "ئەدەبیاتی کوردی" لە ڕۆژنامەی ژیان بە ٢٥ ئەڵقە بڵاو کراوەتەوە لە سلێمانی. نووسەر لەم بەرهەمەیدا هەموو بەشەکانی هونەرە

ح. ح. موکریانی

جوانەکان "صـەنایعی نـەفیسـە" (نیگارکێشـان، مۆسـیقـا، پەیکەرتاشـی، بینـاسـازی، وێنەگـەری) بۆ یەکـەم جـار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا شی دەکاتەوە. شێخ نووری شێخ سالّح یەکەمین نووسەری کوردە کە ڕا و تەنزیرات لەبارەی هونەری مۆسیقا و شێوەکاری دەخاتە ڕوو.

– ئەنجوومەنی مەعاریف جەلسەی حەوتەمی کردووە لە ٢٩ /٣ /١٩٢٦ لە ریاسـەتی مـوتەسـەریفدا، بڕیار دراوە مـەکتـەبێکی کـچـان بکرێتـەوە و لە ٢١ی نیسـانەوە دەست دەکرێ بە قەید و قبووڵی قوتابیی کچ.

– کـۆمـەڵی بژاری زمـانی کـوردی لە سلێـمـانی لەپێناو پاککردنەوەی زمانی کوردی لە بێگانە.

– لە هەولێر نـاوی لیجنەی فـەن و تەمـسیل بـووە لیجنەی فنوونی جـەمیلە کە لە کۆتاییی بیسـتـەکاندا و سـەرەتای سییەکاندا گەشەی سەند.

– لە ساڵی (١٩٢٦) لەناو سیستەمی پەروەردەی هەولێردا لیـژنەیەک بە ناوی (لیـجنەی فـەن و تەمـسـیل) هـەبووە یان (لیجنەی فنوونی جەمیلە). هەروەها، بەپێی سجلاتی کۆنی پەروەردەی هەولێر، وانەی " لیسانی فەڕەنسـەوی و مۆسیقا و ڕەسم و ئال ئیشلەری و تەربیەی بەدەنی و حوسنی خەت " دەخـوێنرا. کـەواتە، دەرسی مۆسـیـقا و هونـەرە جوانەکـان بەشێک بوونە لە پێداویستییەکانی خوێندن و پەروەردە لە هەموو شارەکانی کوردستانی عێراقدا.

– ژیـان، ژمـــارە ٣، ٤ی شـــوباتی ١٩٢٦، اعـــلان ل ٤: مەتبەعەی ژیان مستەعید و حاضرە بۆ طەبعی هەموو نەوعە جـەداول و ئـەوراقی حکوومـەتی و هەمـوو نەوعـە ئـەوراقی تجاری و سیرڕێ. کاغەز و زەرف و سائیرە لەسەر طرازی تازە و بە وەقتی کاملە، وە بە فیئاتێکی هەرزان. مراجەعەت بفەرموون، پەشیمان نابنەوە. بۆ ئەمە تەجروبە دەلیلمانە.

– ١٨ی مـــارتی ١٩٢٦: ژیان، ژمـــارە ٩؛ لە مـــدیریەتی مەطبووعاتەوە:

١٧ شـبـاط ـ لە مـدیریەتی مـەطبـووعـاتەوە خـەبـەرمـان وەرگرتووە کە حکوومەت ئەمری داوە لە مەناطیقی کوردیەی عێـراقـدا لە دەوائیـری حکوومـەتدا لیـسـانی ڕەسـمی دەبێ کوردی بێت و بەم نەوعە مـەئمـوورەکانیش دەبێ کـورد بن. وەزارەتی مـەعـاریـفـیش بۆ تەرجـەمـەی قـەوانین و کـتـێبی



عەبدوڵڵا گۆران

کامەران بەدرخان

تەدریسیە بە کوردی دیوانێکی تەرجەمەی کردووەتەوە.

– ١٨ی مارتی ١٩٢٦: ژیان، ژمارە ٩، سەروتار: بۆ مەبعووثە محترمەکان: هەر لە سنجارەوە تا شارەزوور بڕوانن دوو مەکتەب، دوو صنعەتخانە، دوو ماکینەی تێدا نییە کە پێی ببێژری واسیطەی پێشکەوتن و مایەی هونەر. بۆچی، لەبەرچی؟ کۆیە، رەواندز، هەولێر، ئاکرێ، بادینان، دهۆک و زاخۆ و سنجار.. ئەمانە چی و بۆچی وا وێرانەن؟ بۆچی کوردستان هەر سلێمانییە ؟ ل ٢.

٩ی کانونی یەکەم ١٩٢٦: ژیان، ژمارە ٤٥، سەروتار: (کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی) : مددەتی لەمەوپێش بە متاڵەعە و تەکلیفی رەئیسی جەمعیەتی زانستی کە جەنابی موتەسرفەی جەمعیەت قەراری دابوو کە لە منەوەران و هونەرمەندانی وەتەن تەشەککولی بکا کە کەلیماتی ئەجنەبی لە زمانی کوردیدا نەهێڵن و موقابیلی ئەو ئەمرۆ زۆر مستەعمەلە، لە ئەسڵی کوردی کەلیمات بدۆزنەوە و لە جێی ئەوان دابنێن. یەعنی بە کوردی (کۆمەڵی بژار) ئەو دانشمەندانە کە سزای ئەو کارە گەورەیە بوون لە طەرەف جەمعیەتەوە هەڵبژێرران و ئاگەدار کران رۆژی یەکشەمە سەعات دە لە مەرکەزی جەمعیەتدا گردببنەوە.

– کتێبخانەی کەشتیی نووح لە شەقامی سابوونکەران لەلایەن نەجمەدین مەلاوە دەکرێتەوە لە تەنیشت قوتابخانەی کەشتیی نووح (ژین، ژمارە ١٦٦٧٨ رۆژی ٢٧-٣١ ١٩٦٢) دیوانی شاعیرەکانیشی نووسیوە و دەیفرۆشتن لە قوتابخانەکەشیدا هەرزەکارانی فێری خوێندەواری دەکرد، منداڵ هاوینان دەچوونە لای بۆ بەهێزکردنی ئاستی خوێندەوارییان.

– حەمدی ئەفەندی (١٨٨٧- ١٩٤٩) لە بەغدا چەند قەوانێکی گۆرانیی کوردی تۆمار دەکا لەوانە: ئای ئای، پیرەمەگروون موقەدەسی – کە شیعری زێوەر بووە و بە پیانۆ گوتراوە». ئەمەش لە رێگەی عومەر قەزاز، یەکەم وەکیلی کۆمپانیای قەوانی گرامافۆن لە سلێمانی کە داوای لە کۆمپانیای ئەبو چەلب Hismasters - voice کردبوو بۆ ئەم مەبەستە.

– عەبدولواحید ئاغای مستەفا کۆیی کە لە باندۆی مەلیکدا موعەلیم بوو، دوای کڕینی داوودەزگای مۆسیقایی و

۱۹۲۷

سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی ئارارات بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا کە تا ١٩٢٩ درێژەی کێشا

– لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧: «خۆیبوون».

پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی تورکیادا، سەرۆک عەشیرەتە شۆڕشگێڕ و بەرپرسی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، زۆربەیان، لەلایەن ڕژێمی ئەتاتورکەوە ئاوارەی عێراق و ئێران و سووریا و لبنان کران. لە کۆتاییدا پێوەندییان بە یەکتر کردەوەو بڕیاریان دا «کۆنگرەیەکی نەتەوەیی» ببەستن. یەکەم دانیشتنی کۆنگرە، لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا پێنج ڕۆژی خایاند، لەوێ لەسەر پرەنسیپە بنچینەییەکان ڕێککەوتن، لە هاوینەهەواری (بیحەمدوون) لە لبنان، تا ٢١ی مانگ درێژەیان بە کۆبوونەوەکان دا. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی ئەم چوار ڕێکخراوە کوردییە بەشدار بووبوون: کورد میللەت فیرقەسی؛ کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعی کورد؛ کۆمیتەی ئیستیقلال؛ کۆمەڵەی کورد و کوردستان. بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی (خۆیبوون) بڕیاریان دا کە هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی پێشوو هەڵبوەشێننەوە و هەموویان بڕژێنە ناو ئەم کۆمەڵە تازەیەوە؛ یەکگرتوو، لە ڕێگەی ئەم کۆمەڵەیەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێ بکۆشن.

پیانۆ بۆ قوتابخانەیەکی سەرەتایی کوڕانی سلێمانی، بەخۆڕایی وانەی مۆسیقا و گۆرانیی بە قوتابییەکان گوتووەتەوە و فێری مۆسیقای کردوون.

۱۹۲۷

یەکەم جار وێنەی ئاڵای کوردستان بڵاو کرابێتەوە، لە ساڵی (١٩٢٧) بووە ئەمەش لەسەر بەرگی هەندێ لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی (خۆیبوون) کە لە ساڵی (١٩٢٧) لە بەیرووت دامەزراوە. کەواتە، ئەگەر ڕێکخراوی خۆیبوون بە دامەزرێنی ئاڵای کوردستان داشنەندرێت، ئەوا دەکرێ بگوترێت: ڕێکخراوی (خۆیبوون) لەسەر بنچینەی هەوڵدانەکەی ساڵی (١٩٢٠) بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستانی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. ئەمەش چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێکخراوی (کورد تەشکیلات ئیجتیماعیە جەمعیەتیسی) وەک مەمدووح سەلیم هاتن لەناو ڕێکخراوی (خۆیبوون)دا درێژەیان بە خەباتی سیاسی دا. دووەم جاریش، دیسان هەر یەکێک لە ئەندامەکانی (خۆیبوون)، جەلادەت بەدرخان، ئاڵای کوردستانی بڵاو کردووەتەوە، ئەمەش لە ساڵی (١٩٣٢) لەسەر بەرگی ژمارەیەکی کۆواری (هاوار) کە لە دیمەشق بڵاوی دەکردەوە.

مانگی ئەیلوولی ۱۹۲۷

– ئەو کاتەی مەجید یەعقوبی پارێزگار بوو، یەکەم قوتابخانەی کچان لە هەولێر لە گەڕەکی قەڵا لە نزیک دەرگەی ئەحمەدیە کرایەوە. تەنیا یەک پۆل بوو، ٣٥ قوتابی بوون. لە ١٩٢٨ پۆلی دووەم کرایەوە.

– مەحموود شەوقی، باوکی ئازاد شەوقی، لە سلێمانی، کاریکاتێر و ڕەسمی کردووە.

– کتێبخانەی عومەر قەزاز کتێب ڕۆژنامە و کۆوار و قەوانیشی دەفرۆشت

– ٤٤ قوتابخانەی کوردی لەسەر خاکی یەکەتی سوڤیەت لە کۆتاییی بیستەکاندا دامەزران.

– کابرایەکی ئەرمەنیی ڕەسسام، لە کۆتاییی ساڵانی بیستەکاندا لە هەولێر هەبوو، کوردی ئەودیو، ناوی جهانگیر، دانیال قەصابی هونەرمەند، لەژێر تەئسیری ئەودا

ژیانی سیاسی

شێخ مەحموود لە تابلۆی (حەسەن فەلاح)دا

عادلە خانم

ژیانی کولتووری

هاتە مەیدانی هونەر''. هەروەها نیگارکێشێکی تر لە هەولێر کاری کردووە بە ناوی ئیسحاق هەولێری.

– بەختیار زێوەر شیعری گۆرانیی تانجەرۆ هەوڵدانێکە بۆ شیعری ئازاد.

– رەشید نەجیب بە ناوی (فەرامەرز) یەکەمین شیعرەکانی خۆی (عەشق و خەیاڵ) لە ژمارە (٩٤)ی ژیان دا، پاشان (ئالامی بەشەر) و (ئینتباعاتی هەورامان) هەر لە ژیان بڵاو دەکاتەوە. ئەوەی یەکەمیان بە نوقتەگۆڕانێک دەژمێردرێت لە رێڕەوی تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا.

– لەدایکبوونی دیلان (١٩٢٧ – ١٩٩٠)

– لە یەکەتیی سۆڤیەت و جیۆرجیا و ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت چەند فیلمێکی سینەمایی کوردییان لەبارەی کورد، لەناو ئەوانەدا فیلمی (زارێ)، دەرهێنانی: بێگ نەزارۆڤ کە ٧٢ دەقیقە، بێدەنگ، رەش و سپی، ی. دەرهێنەر: ئا. دانیەلان، بەرهەمهێانی: ئەرمێنکینۆ، ئەکتەرەکان هەندێکیان کوردن، هەروەها کۆمەڵێک ئەکتەری ناوداری ئەرمەنستانی سۆڤیەتی وەکو: مانڤێلان، گۆلازیان، مەنووچەریان، بەرواری بەرهەمهێنان: ١٩٢٧، کاتی رووداوەکانی ناو فیلمەکە: ٥/ئاب/١٩١٥، شوێنی رووداوەکان: نێوان چیای ئەلەگەز و چیای ئاگری (سەر سنووری ئەرمەنستانی سۆڤیەت و کوردستانی تورکیا).

– پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠) بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، دەست دەداتە پێنووس و ژانری شانۆنامە (پیەس، تەمسیل، درام) بە خوێنەرانی کورد دەناسێنێ و یەکەمین رەخنەی شانۆیی بڵاو دەکاتەوە.

«فەننی تەمسیل، لە هەموو جێگەیەکدا رەغبەتێکی تەواو و ئیمتیازێکی موناسیبی دراوەتێ. حەتتا ئەوانەی کە لەم فەننە بەقیمەتەدا دەسدرێژی و ئیختیساسیان پەیدا کردووە، بە کەماڵی ئیحتیرامەوە یاد و تەقدیر کراون. زیرا ئەم فەننە، بەسەر ئەخلاقی میللەت، عاداتی مەملەکەت، ئەطوار و ئەفکاری ئینساندا تەئسیرێکی باش ئیجرا دەکا».

پیرەمێرد

رۆژنامەی ژیان، رۆژی سێشەمە، ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧

١٩٢٨/٦/١

ئەمین زەکی بەگ، بە ئیمزای خۆی و ئیمزای عەبدوڵا موفتی (نائیبی هەولێر)، محەمەد ساڵح (نائیبی سلێمانی)، محەمەد جاف و سەعید وەنداوی (نائیبی کەرکووک)، ئیسماعیل رەواندزی و مەعرووف جیاوک، یاداشتێکیان پێشکێش بە وەزارەتی مەعاریفی عێراق و پەرلەمانی حکوومەتی عێراق کرد بۆ ئەم داخوازییانە:

١ـ کۆمەڵێک دابنرێ بۆ دانان و وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان بە کوردی و هەرکەسێک کتێبی لەسەر دەستووری مەعارف کردە کوردی ٥٠٠ روپیە بەخشیشی بدرێتێ.

٢ـ وەدەستهێنانی مامۆستا.

٣ـ لە مەنتیقەی شیمال دائیرەی مەعاریف بکرێتەوە و ئەویش دەبی لە ناوەڕاستی مەنتیقەکەدا بێ.

٤ـ دەبێ لە مەنتیقەکەدا مەدرەسەی (دارالمعلمین) تەشکیل بکرێ.

٥ـ مەدرەسە بۆ ئیناث بکرێتەوە.

١٩٢٨

– ڕێکخراوی (خۆیبوون) لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تاکو ١٩٢٨/٦/٢٠ زیاتر لە (٧١) بەیاننامە و بانگەوازی بە تورکی عوسمانلی، فەڕەنسی، عەرەبی، ئینگلیزی بڵاو کردووەتەوە. یەکەمین چاپکراوی خۆیبوون لە شێوەی نامیلکە (کتێب)دا بە فەڕەنسی و ئینگلیزی چاپ کراوە: (یاداشتنامەیەک لە بارەی کوردستان، لەگەڵ پاشکۆیەک)، قاهیرە: ١٩٢٨.

١٩٢٨

دانانی ئەلفوبێی کوردی لە ئەرمەنستانی یەکەتی سۆڤیەت.

– دووەم نۆڤلێتی کوردی، بە ناونیشانی مەسەلەی ویژدان، نووسراوی ئەحمەد موختار بەگی جاف.

– یەکەم وتاری تەرخانکراو بە زمانی کوردی لەبارەی رەسم لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی کە ویستوویەتی رۆشنبیرییەکی شێوەکاری بە زمانی کوردی بڵاو بکاتەوە: زاری کرمانجی.

ـ پێشاندانی شانۆگەریی قەڵەن (شیربایی) لە شاری تفلیس (لە گورجستانی یەکەتی سۆڤیەتی پێشوو).

– شانۆگەریی بەدڕەوشتی؛ ئامادەکار: فوئاد رەشید بەکر، لە هەولێر (زاری کرمانجی باسی دەکا).

– عەبە هەولێری (١٩٠٢-١٩٦٣) کتێبی (دەرسی ئەشیا)ی بۆ پۆلی پێنجەمی مەکتەب تەرجومەی کوردی کردووە.

– لە ١٩٢٨ لەلایەن سەعید سدقی حەسەن کابان (لە ١٩٠٠ مامۆستای قوتابخانەی نموونەی ئیبتیدائی، لە ١٩٠٣ مامۆستای روشدیەی عەسکەری، لە ١٩٠٤ مامۆستای مەحموودیە، لە ١٩٣٥ مامۆستای خالدیە بووە) (مختصر صرف و نحوی کوردی) لە ٧٦ لاپەڕەدا بۆ قوتابخانەکان بڵاو کرایەوە. نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێ:

" هەتا ئەم عەسرە ئەخیرە خوێندنمان لە مەکتەبا و نووسینمان بە کوردی نەبووە.. وەقتی لە تەڕەف مەعاریف و میللەت پەروەرانەوە تەدریساتی مەکاتب و نووسینی مەکاتب کران بە کوردی لازم بەڵکو واجیب بوو کە قەواعید بۆ زبان بۆ نووسینی کوردی دابمەزرێنرێ.. ئەووەل تەئلیفە و قابلی تەنقیدە".

ئەم کەسانە لەلایەن مەعاریفەوە تەدقیق و پەسەندیان کردووە: مەلا ئەفەندی (هەولێر)، مەلا محەمەدی کۆیە، سەید نووری بەرزنجی، ئیبراهیم حەیدەری، جەمیل زەهاوی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

۱۹۲۹

هەڵوەشاندنەوەی کۆماری سووری کوردستان کە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردان بوو بە بڕیاری لینین لە ۱۹۲۳ لە ناوچە کوردنشینەکانی یەکەتیی سۆڤیەت دامەزرابوو، پایتەختەکەیشی بریتی بوو لە شاری (لاچین).

هەرێمی ئۆتۆنۆمی (کوردستانی سوور) بۆ ماوەی پێنج ساڵ، واتە تا ساڵی ۱۹۲۹ ڕادیۆیەک و ڕۆژنامەیەکیشیان بە ناوی (کوردستانی سوور Sovetskia kurdistan) بڵاو دەکردەوە، بەڵام لە ۱۹۲۹بەملاوە، کاتێ ستالین حوکم دەگرێتە دەست، بەهۆی سیاسەتی دکتاتۆریانەی ستالین لە هەمبەر کەمایەتییە نەتەوەییەکان، کورد هەرێمە ئۆتۆنۆمەکەیان لێ دەسەندرێتەوە، دەسەڵات و تەنانەت مافە کولتوورییەکانیشیان کز و کزتر دەبێتەوە و لە هەندێ قۆناخدا هەر بەیەکجاری، لە سایەی ڕێژیمی ستالینەوە، دەسڕێتەوە.

بە فەرمانی ستالین، هەرێمی «کوردستانی سوور» دەکەوێتە ژێر ڕکێفی بەڕێوەبردنی جیۆرجیا و ئەرمەنستان و ئازەربایجانەوە. ئیتر وردە وردە ڕاگواستنەوەی کورد و ئازاردانی کورد لە یەکەتیی سۆڤیەت دەست پێ دەکاتەوە بەتایبەتی لە کۆماری ئازەربایجاندا.

شێخ مەحموود، ڕەفیق حیلمی

۱۹۲۹

ئینگلیز بۆ یەکەم جار (دەورەی سیاقە) خولی فێرکردنی هاژۆتنی ئۆتۆمۆبێلیان بۆ خەڵک کردەوە. شایانی باسە، عەلی گاور مۆڵەتی ژمارە (۱)ی وەرگرتووە، ئەمەش لە ساڵی ۱۹۲۹. «ئەو کاتە قەمەرە و لۆری دەگمەن بوو، تەنیا شاسی مۆدێل ۱۹۲۹یان بۆ گواستنەوەی نەفەرات بۆ بەغدا بەکار دێنا کە هەیکەلی داریان بۆ دروست دەکرد.

– ئنجا لە ساڵی ۱۹۲۹ فەتحوڵا عەباس عەلی (۱۸۹۸ – ۱۹۶۳) لە هەولێر بە یەکەم پۆلیسی مروور دامەزراوە تا ۱۹۳۹.

– لاوکبێژی کورد لە کوردستانی تورکیا، عەبداڵ مووسا، کە یەشار کەماڵی ڕۆماننووس بە لاوکبێژ و سترانبێژێکی باش لە قەڵەمی دەدا.

– ڕەشید نەجیب لە ۱۹۲۹ نازناوی (گۆران) دەداتە عەبدوڵا بەگی شاعیری نوێخواز.

– لە ئەرمەنستانی یەکەتی سۆڤیەت، کارلینێ چاچان «شیعری نوێ» بڵاو دەکاتەوە.

– تیپی نواندنی (مەکتەبی تفیضی ئەهلی)، بە سەرپەرشتیی (حقي الشبلي) لە هاوینی ۱۹۲۹ هاتوونەتە هەولێر و سلێمانی، شانۆگەرییان پێشکێش کردووە.

– لەدایکبوونی کامەران موکری (۱۹۲۹– ۱۹۸۶)

۱۹۲۹/۸/۵: ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ۱۹۰: وەزارەتی مەعاریف ئەم ساڵ بیست تەلەبە ئەنێری بۆ دارالفنونەکانی ئینگلتەرە، ئامەریکا، بەیرووت، میسر. ئەمانە لە فەننی تەربیە و تەعلیم، هەندەسە، ئەلکتریک و زراعەتدا تەحصیل دەکەن.

۷ی کانوونی دووەمی ۱۹۲۹: دوا بە دوای ئەوەی کە شانۆگەریی (وێنەتی) لە شاری هەولێر، لەلایەن قوتابییانی سانەویی هەولێر پێشکێش دەکرێت، حوسێن حوزنی موکریانی، لە (زاری کرمانجی) لە ژمارە ۱۶دا، بایەخی شانۆ بۆ خەڵک روون دەکاتەوە.

– دەفژەن و دەنگخۆشە ناودارەکانی ساڵانی بیستی هەولێر: شەهابە (۱۸۹۱– ۱۹۳۹)، حاجی عەبدوڵا دەفژەن (۱۹۰۲– ۱۹۶۳)، عەزە قوونفش (عەزیز ئاغا ۱۹۰٤–

پیرەمێرد

ع. ڕەحمی هەکاری

١٩٥٩)، عوسمان حەیران (١٩٢٢- ١٩٦٧)، حاجی عەبدولای خەیاڵ (١٨٩٦- ١٩٦٩)، سەید محێدین سەید خەنجەر (١٨٨٠- ١٩٤٢)، مەلا نادری بێستانچی (١٨٨٦- ١٩٦٣)، لەگەڵ فەقێ سمایلی پەڵکانە (١٨٧٨- ١٩٤١).

١٩٣٠/١/١

- ئەلفابێی لاتینی لە ئەرمەنستانی یەکەتی سۆڤیەت، کە لەلایەن عەرەبی شەمۆ و مارە گۆڵێفەوە دروست کرابوو، بەشێوەیەکی ڕەسمی کەوتە کار. پاشان لە ١٩٤٦ گۆڕا و بووە ئەلفابێی سلاڤی.
- ڕۆژنامەی ریا تازە (یەریڤان ١٩٣٠ــ ١٩٣٨ و ١٩٥٥ ــ ١٩٩٣.
- لە مانگی مارتی ١٩٣٠، فوئاد ڕەشید بەکر، لە سلێمانی، کورتە نمایشێکی نیشان داوە بە ناوی (مامۆستای کۆن).
- قوتابخانەی کچانی هەولێر، بینایەکەی، جێگەی پۆلی چوارەمی تێدا نەدەبووەوە، بۆیە گواسترایەوە تەنیشت خەزانەی ئاوەکەی ناو قەلا. لە ١٩٣٢ ــ ١٩٣٣ پۆلی سێیەم کرایەوە و ناوی لێ نرا (مدرسة اربیل الابتدائیة للبنات.)
- یەکەمین وێنەگرەکانی سلێمانی کە لەناو شار ستۆدیۆی وێنەگرتنیان لە سالانی (١٩٣٠)دا لە سلێمانی کردووەتەوە، ئەرمەنی و جوولەکە بوون.
- لە سەرەتای سالانی ١٩٣٠ کۆمەڵەی گەنجانی کورد لە پاریس: شانۆگەریی مەم و زین.
- ڕەشید نەجیب لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا زنجیرە وتارێک بە ناونیشانی (ئەدەبی کوردی) بلاو دەکاتەوە و داوا دەکات کە بۆ بووژاندنەوەی ئەدەبیاتی نەتەوەییمان پێویستە بگەڕێینەوە بەرەو ئاڤێستا. داوا لە نووسەر و شاعیران دەکات کە بۆ تازەکردنەوە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و کێشی پەنجە و بەیتە کوردییەکان «چونکە ئەم تەبەقەیە لە حسیات و خووی ڕەسەندا پاکترین تەبەقەی کوردن و لەگەڵ بێگانەدا تێکەڵ نەبوون، ئاسار و شیعرەکانیان نموونەیەکی خاوێن و ئەسڵێ ئەدەبیاتی کوردییە».
- لە ١٩٣٠/٦/٤ یەکەمین شیعری فەڕەنسی کە


مۆسیقاژەنێکی کوردی ئورفە، سالآنی ١٨٠٠

تەرجەمەی کوردی بکرێ: شیعرێکی شاعیری پەرناس سوللی پرۆدووم بە پەخشان لەلایەن مەحموود جەودەتەوە بە ناونیشانی (نەهاری خوێنین) لە ژمارە (٢٣)ی کۆواری زاری کرمانجی بلآو کراوەتەوە.

– دیوانی مەلا محەمەدی کۆیی، ڕەواندز، چاپخانەی زاری کرمانجی.

– کۆمەڵەی لاوانی کورد لە بەغدا، کۆمەڵەی برایەتی لە سلێمانی؛ هەروەها لەناو قوتابخانەی فەیسەڵیەشدا لە سلێمانی: یەکەمین تیپی تۆپی پێ.

– لە ١٩٣٠ ــ ١٩٣١دا لە ڕەواندز شانۆگەرێی نیرۆن پێشان دراوە. کۆمیدیایەکی نۆ پەردە بووە، دوو ڕۆژ بۆ پیاوان، ڕۆژێک بۆ ژنان بووە.

– لە ٢٠/٥/١٩٣٠ یانەی سەرکەوتن لە بەغدا.

– لە سالّی ١٩٣٠و ١٩٣١دا حکوومەتی عێراق یەکەمین شاندی قوتابییانی عیراقی دەنێرێت بۆ ئەورووپا بۆ خوێندنی هونەری شێوەکاری مۆدێرن: ئەکرەم شوکری و حافظ الدروبی بۆ بەریتانیا و فائق حەسەن بۆ پاریس. هەر لەو ماوەیەشدا نەسلێکی گەنجی عێراقی دەکەونە کاری شێوەکاریی مۆدێرن: جەواد سلیم کە لە ١٩٣٨ چووە پاریس و ئیتالّیا و دوای خوێندنی پەیکەرتاشی، لە ١٩٤٦ گەڕایەوە بەغدا. هەروەها محەمەد سالّح زەکی، عاسم حافز، عەتا سەبری، نووری مستەفا بەهجەت، جەمیل حەموودی، اسماعیل الشیخلي، خالد الچادر، فرج عبو کە زۆربەیان لە پەیمانگەکانی ئەورووپا خوێندبوویان و بوونە مامۆستای قوتابییە هونەرمەندە کوردەکانی سالآنی ١٩٥٠ و کاریان کردە سەریان.

– شێخ نووری شێخ سالّح، زاراوەی مسەوڕ بۆ نیگارکێش و زاراوەی ڕەسم بۆ نیگار و تابلۆ بەکار دەهێنێت و پایەی بەرزی نیگارکێش لە کۆمەڵگەدا دەردەخات.

١٩٣١

بەستنی کۆنگرەی مۆسیقای وڵاتانی عەرەب لە قاهیرە کە عەلی مەردان بەشداریی تێدا کرد.

– عەلی مەردان و محەمەد گوبانچی دێنە هەولێر گوێیان

١٩٣١/١٢/٩

راپەڕینی بارزان

١٩٣٢

– بەردەوامبوونی سەرهەڵدانی راپەرینەکانی بارزان بە سەرۆکایەتیی (شێخ ئەحمەدی بارزانی) و مەلا مستەفای بارزان.

کچە کوردی لوڕستان، ساڵانی ١٨٠٠

لە شەهابە دەبێ.

– یەکەم چیرۆکی تەرجەمەکراو کە بە کتێب بڵاو کرابێتەوە: سەرهاتیا جاسم. حاجی جندی و ئەمینێ عەڤداڵ لە نووسینێکی لازۆی ئەرمەنییەوە کردوویانەتە کرمانجی، بە پیتی لاتینی: یەریڤان.

١٩٣١

– کوردی و مەریوانی، لە شاری بەغدا، پرۆژەی بڵاوکردنەوەی کتێب بە زمانی کوردی، یەکەم کتێبی چاپکراویان: دیوانی نالی، ئنجا دیوانی کوردی، لە بەغدا

– بەستنی کۆنگرەی مۆسیقا لە قاهیرە کە عەلی مەردان بەشداریی تێدا کرد.

١٩٣٢

دەرکەوتنی دانیال قەساب لە هەولێر وەک یەکەمین نیگارکێشی مۆدێرن.

– یەکەم پێشانگەی هونەری رەسم لە سلێمانی: عەزیز سەلیم یەکەم پێشانگەی تایبەتی خۆی لە قەبرستانی شێخ جەعفەر کردووەتەوە.

– حەسەن فەلاح، ئەو کاتە تەمەنی بیست و دوو ساڵ بووە، لەسەر دیواری ماڵ و چایخانە و دیواری ناوبازاڕەکان رەسمی دەکرد (لە سلێمانی و لە بەغدا).

– لە هەولێر (لیجنەی فنوونی جەمیلە) لە سانەویی هەولێر، توانی بۆ خۆی ژوورێک تەرخان بکا و مەرسەمێک (ستۆدیۆی رەسم) بۆ یەکەمین جار لە شاری هەولێر دابمەزرێنێ.

– پیرەمێرد شانۆنامەی مەم و زین (کە دەبێتە دووەم شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا) لە ١٩٣٢ بە زنجیرە لە ژیان دا بڵاو دەکاتەوە. پاشان لە ١٩٣٥دا دەخرێتە سەر شانۆ.

– لە هەولێر، شانۆی کچی کوردستان لە ١٩٣٢ نیشان دراوە.

– لە ساڵی ١٩٣٢: (٩) شانۆگەری لە هەولێر، (٨) لە سلێمانی، (١) لە رەواندز، (٢) لە کۆیە پێشان دراوە.

– بڵاوبوونەوەی یەکەمین شیعرەکانی ئەمینی عەڤداڵ لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت.



شاری وان، ساڵانی ١٨٠٠

١٥-٥-١٩٣٢: پیرەمێرد: تەفرە و چاو و ڕاوی پف هەڵدراو، ڕۆژنامەی ژیان، ژ (٣٣٨)؛ کە هەوڵدانێکە بۆ تازەکردنەوەی شیعری.

– شێخ نووری شێخ ساڵح نازناوی «ئوسووڵ شناس» دەداتە (شەهابە)ی گۆرانیبێژی هەولێری.

– حەیدەرە کەچەڵ (١٩٠٤– ١٩٧٩) لە سییەکان تا شەستەکانیش گۆرانیبێژێکی ناوداری هەولێر بووە.

– کوردی و مەریوانی کتێبێک بە ناونیشانی (گۆرانی و سروودی کوردی) لە چاپخانەی (ایتام) لە شاری بەغدا بە زمانی کوردی بڵاو دەکەنەوە کە (٦٥) سروود و گۆرانیی کوردیی تێدایە.

– لە هەولێر (لیجنەی فەن و تەمسیل) بووە (لیجنەی فنوونی جەمیلە). ئەم لیژنەیە لە کۆتاییی بیستەکاندا و سەرەتای سییەکاندا گەشەی سەند. لە هەمان کاتدا، ئەم لیژنەیە لە (١٩٣٢ – ١٩٣٣)دا لە سانەویی هەولێر، توانی بۆ خۆی ژوورێک تەرخان بکات و مەرسەمێکی قشت (ستۆدیۆی رەسم) بۆ یەکەمین جار لە شاری هەولێر دابمەزرێنێ.

– لە ١٩٣٢/١١/٢٨ ئوم کەلسووم لەسەر داوای وەزارەتی ئیرشادی عێراقی لە بەغدا ئاهەنگی سازدا. وەزارەتی ئیرشاد شەهابە بانگهێشت دەکا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئوم کەلسووم گۆرانی بڵێ لە گازینۆی هیلال لە بەغدا.

– عەلی مەردان و شەهابە و محەمەد گوبانجی (ئوم کەلسووم داوا لە شەهابە دەکا) دەبێ بچنە کۆنگرەی مۆسیقایی لە قاهیرە. هەموویان دەچن کەچی شەهابە بۆی مەیسەر نابێ لەگەڵیان بڕوا.

– (١٩٣٢ – ١٩٣٤): حەسەن فەلاح لەگەڵ عەزیز سەلیم، لە سلێمانی، لەسەر دیواری قاوەخانەکانی ئەسحابە سپی (لە جادەی کاوەی ئێستا) تابلۆ و پۆرترێت دروست دەکەن.

– ١٩٣٢ ـ ١٩٣٥: بڵاوبوونەوەی ٥٧ ژمارە لە گۆڤاری هاوار (ژ ١: ١٩٣٢– ١٩٣٥؛ ژ ٢٧: ١٩٤١– ١٩٤٣) لە دیمەشق. لەوێدا چەندان چیرۆکنووس و شاعیری نوێ دەردەکەون: کامەران بەدرخان، جەلادەت بەدرخان، مستەفا ئەحمەد بۆتی، عوسمان سەبری، قەدریجان، جگەرخوێن، نوورەدین زازا. کوردناسی فەڕەنسی، ڕۆژە لسکۆ، ناو لەم

جموجۆڵە گرینگە دەنێت "قوتابخانەی دیمەشقی" لە ئەدەبی کوردیدا کە کۆوارەکانی ڕۆناهی ١٩٤٢- ١٩٤٥ و ڕۆژا نووش ٤٣-١٩٤٦ دەگرێتەوە کە لە سالانی ١٩٤٠ لە شام دەردەچوون.

هاوار لە (٥٧) ژمارەی خۆیدا (١٨٧) شیعری بلاو کردووەتەوە. هەروەها چەندان هەوڵدان بۆ نووسینی شیعری ئازاد و بەکارهێنانی کێشی ئازاد بەتایبەتی لەلایەن کامەران بەدرخانەوە لە ساڵی ١٩٣٢ لە (ژ ٨، ل ٣) شیعری (سترانا دلان).

- یەکێک لە ئەندامەکانی (خۆیبوون)، واتە جەلادەت بەدرخان، ئالای کوردستانی چاپ و بلاو کردووەتەوە، ئەمەش لە ساڵی (١٩٣٢) لەسەر بەرگی ژمارەیەکی کۆواری (هاوار) کە لە دیمەشق بلاوی دەکردەوە.

ئاشکرایشە، ئەو ئالایەی (خۆیبوون) هەمان ئالای کۆماری مهاباد نییە و هەندێک جیاوازییان هەیە.

سوارچاکی کورد، پۆستکارتێکی پارسی، سالانی ١٨٠٠

سەرکردەیەکی شۆڕشی ئەرارات ڕووبەڕووی کەمال
ئەتاتورک، ١٩٢٥

ماڵە ئاوارەیەکی کورد

سەرچاوە

فەرەنسی:

Henry BINDER: Au Kurdistan, Maison Quantin, paris: 1887.

Le cte DE CHOLET: Armenie, Kurdistan et Mesopotamie, Libr. Relation d un Voyage du Levant, Imp. Royale, Paris:1717.

Stanford SHAEW: Histoore de L Empire pttoman et la Turquie,Tome. 1. ed. Harvath paris: 1983

Addai SCHER: Histoire Nestorienne Chronique de Seert, Archeveque Chaledeen du Kurdistan, Paris: 1909.

Alexandre JABA: Recueil de Notices et Recits kourdes, St Petersbourg: 1860.

CHODZKO: Etudes philologiques sur la langue Kurde - Dialecte de Suolemanie, in Journal Asiatique, No 4, Paris; 1857. 60 pages.

Morizio GARZONI: Grammatica e vocabulairio della lingua kurda, Rome: 1787.

:A. JABA: Resume de l ouvrage d Ahmed Effendi Khani, Tr. par A. JABA, in Bulletin Hist. Philologique, LXV, 1858, No 11, P. 161-171.

A. JABA: Ballade Kurde recueillie et traduite par A. JABA et communiquee par DE TCHITIATCHEFF in Journal Asiatique, Paris: 1859, 5e Ser., T. XIV, P. 153-166.

Mierlla GALLETTI: Curdi e Kurdistan in opere italiana del XIII-XIX, in Riv. ORIENTO MODERNO, Anno LVII, Nr. 11, Nov. 1978, P. 563-596.

Raphael J. Bidawid: Les ettres du Patriarche Nestorien Thimote 1, Cittadel Vatican 1956.

A. JABA: Resume de l ouvrage d Ahmed Effendi Khani, Tr. par A. JABA, in Bulletin Hist. Philologique, LXV, 1858, No 11, P. 161-171.

CHODZKO: Etudes philologiques sur la langue Kurde - Dialecte de Suolemanie, in Journal Asiatique, No 4, Paris; 1857. 60 pages.

Alexandre JABA: Recueil de Notices et Recits kourdes, St Petersbourg: 1860

Pierre RONDOT: Publication Kurde en caracteres latins Hawar, Revue Kurde in Bulletin d Etudes Orientals de l Institut Francais de Damas, T2, 1933, P. 3.

Roger LESCOT: Litterature Kurde, PP. 795-805, in Encyclopedie de la Pleade, Histoire des Litteratures, Vol. 1, ed. Gallimard, Paris: 1977, P. 903.

Emir Kamuran BEDE-RKHAN: Le Roi Du Kurdistan, Roman Epique traduit du Kurde Par Emir Kamuran BEDE-RKHAN et Adolphe de FALGAIROLLE, ed. OPHRYSGAP. Paris: 193?, 84 pages.

Thoas BOIS: Connaissance des Kurdes, Khayat, Beyrouth: 1965, P. 133.

Basile NILITINE Les Lurdes Ed . D. Aujourd hui Paris: 1956. p. 23.

Basile NILITINE Les Lurdes Ed . D. Aujourd hui Paris: 1956. p. 23.- 24
C.Le STRANGE: The Lands of the Esterm caliphate Cambridge at the Uni versty Press. 1950 p. 192.
La. Turquie Col Lection Monde et Voyages Edition Larousse. Paris: 1974 pp. 20 -21.
Basile NILITINE Les Lurdes Ed . D. Aujourd hui Paris: 1956. p. 23.- 24
V. MINORSKY. "Kurdes.pp. 1196- 1222"in (Encyclopedie de L Islam) dictionnire Geographdique Rthog. et. Biog. des peuples Musulmand. Tome 2. E.L.A PICARD editeut. Pares 1927. p. 1220.
C.Le STRANGE: The Lands of the Esterm caliphate Cambridge at the Uni versty Press. 1950 p. 5
A.SPIEGEL Eranisch Alertuni Col. Kartsew.B- Chevalier CHARDIN: Voyages du ch CHARDIN EN Perse 4 vol Amsrtsame: 1735,reedite a paris (1811)
Notices et Extraits des MANUSCRITS de la Bibliotheque du Roi Publied Paar Linstitut Royal de France Tome 13e Imp Royal Paris 1838 p. 305
G, Le STRANGE Mesopotamie and Persea Under the Mangol,London: 1903 . pp ,5 27, 52, 57,
DRIVER DISPERSION of rhe kurds in ansient times in (Joumal of the Royal Asiats Society) october 1921 pp 563 572.
Gerard CHALIAND. Atlas de la decouverte du monde, ed Fayard. Paris 1983, pp. 62.
ROBERT OSLON: THE EMERGENCE OF KURDISH NATIONALISM (1880-1925) U.OF TEXAS PRESS, USA: 1989 P 15
REVUE DU MONDE MUSULMAN V.X , PARIS: 1910, N, IV P 578.
BULLETIN ARMENIEN, N 18-19-20, P. 4 , PARIS: MARS 1920
The Cambridge history of Iran.V.2. The Medien and Achamenian Period, ed. by ILya GESCHVITCH, Cambridge university Presse, London_ Newyork_ Sydney: 1968?,P354, 365_359.
Xenophon: Anabase:tome ll, Livre lV- Vll, Texte etabli et traduitr psar Paul Masqueray, ed. Societe d. edition (Les Belles Lettres), Paris :1967.p.18.
Herkol Azizan: kardox. le govari Hawar, jimre 32,L.4-7,Dimasiq: 1941.
Xenophon: Anabase. T.ll.p.175-185:(Notes com plementaires) page N 7.
V.MINORSKY:(kurdes) in Encyclopedie de Islam, T. ll, E-K, Paris: 1927.pp.1197-1196.
Hinna Fiee: Jalons pour une histoire de l Eglise en Iraq in >> Scriptorum Christianorum Orientalium, Lovan: Lovan: 1970, P. 110-112.
J. M. MERIGOUX: Un precurseur de dialogue islam-chretian: Frere Ricoldo, R. Th., 4, Paris: 1974.
E. B. SOEN: A short Anthology of Guran Poetry, in Journal of the Royal Asiatic Society, Pt 1, 1921, P. 57-81. تۆما بوا . T. BOIS: Coup d oeil sur la litterature kurde, Al `` machriq, Mars 1955, P. 206.
) Voyage d Ibn Battita, ed. et tr. francaise: C. Defremery et B. R. SAnguinetti, Paris, Vol. II, P. 134-138, 141-142.
Raphael J. Bidawid: Les ettres du Patriarche Nestorien Thimote 1, Cittadel Vatican 1956.
Hinna Fiee: Jalon Pour une histoire de Eglise en Iraq in “S.C.O”, Lovan: 1970, P.110 - 112.
Less Six Voyages en Turquie et en Perse l er edition, Amstrdam chez johannes Van Someren, 1678.

فارسی:

- علی اکبر فیاض: گزنفن در بازگشت، مجلهء (یغما)، شماره (٥)، ص ٤٤٣-٤٩٣، طهران:؟١٩٥٩.

هاشم رضی، تاریخ مطالعات دینهای ایرانی، چاپ دوم، ١٣٧١ش، چاپخانەی خواجه، انتشارات بهجت، تهران. ص٩٢- ,٩٣

- حبیب الله صمدی : کردستان در چهل هزار سال پیش، مجلهء (بغستان) جلد اول. شمارهء اول، ص ٣٨-٣٩. طهران : ١٩٦٣.
- عبیدالله ایوبیان: میر نوروزی (تاریخچه هنر تئاتر در کردستان ایران ـ قرن نوزدهم)، مجله نشریه دانشکده ادبیات تبریز، شماره ١٤، ص ٩٥ ـ ١٢٢.
- عبیدالله ایوبیان: چریکەی کردی، نشریه دانشکده ادبیات تبریز، شماره تابستان، ١٣٤٠. (١٩٦٣).
- سید حسن ناصر واحمد مستوفی وعباس زریاب: اطلس تاریخی ایران دانشگاه طهران، طهران: 1971 (فصل ایلخانان ایران) (ئەم کتێبە بە سێ زمانی فارسی و فەرەنسی و ئینگلیسی چاپ کراوە).

حبیب الله تابانی: هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد، و: جەلیل گادانی، سلێمانی: ٢٠٠٨

- مرتضی راوندی: تاریخ اجتماعی ایرا، جلد ١، ص ٥٣٥.

کوردی:

- کورد لە کەیەکەوە خەریکە، و: لە تورکییەوە: عەلی عیرفان، بەغدا: ١٩٢٧، ٢٧ ل.
- محەمەدی مەلا کەریم: عەقیدەنامەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، گۆواری کۆڕی زانیاریی عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، بەغدا: ١٩٨١.
- جەلیلی جەلیل: هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆردەم، و: ئەنوەر قادر محەمەد، ستۆکهۆڵم: ١٩٩٣.
- مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی، بنکەی ژین، سلیمانی: ٢٠٠٦.

کەماڵ ڕەئوف محەمەد: یەکەم گۆرانیبێژی سەر قەوان کێیە؟، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٧٢)، ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٢٥

- عەبدولڕەزاق بیمار: مێژووی پەخشانی کوردی. بەغدا: ١٩٩٩
- ئەکرەمی مەحموودی ساڵحە رەشە: شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، بەغدا: ١٩٨٩.
- ئەحمەد سەعید ئەحمەد: کورتەیەک لەبارەی هونەری خۆشنووسی، رۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٩، س ١٩٨٦
- عبدالكريم المدرس: بنەماڵەی زانیاران، بغداد: ١٩٨٤.
- جەمال نەبەز: زمانی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەکانی یەکەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبێرگ (ئەڵمانیای رۆژئاوا): ١٩٧٦، ل ٧٨ ـ ٨٧.
- کەمال مەزهەر: چمکێک لەبارەی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی، کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد). بەشی یەکەم، د.ڕ. ب. ک. بەغدا: ١٩٨٥، ل ١٥٣.
- کەمال ڕەئوف محەمەد: ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، ٣ بەرگ، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٤
- عبدالرقیب یوسف: بەشێک لە ژیان و بەرهەمی رەنجووری، رۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٧، س ١٩٨٥، ل ٦٢ ـ ٧٥.
- مستەفا نەریمان: کتێبی کوردیی قوتابخانەکانمان، کۆواری رۆشنبیریی نوێ، ژمارە (١١٠)، بەغدا: ١٩٨٦، ل ٨٦ ـ ٩٦.

ـ نووسەرێک: مەکتەبەکانی سلێمانی، دوێنێ و ئەمڕۆکە، کۆواری زاری کرمانجی، ژمارە (٢٢)، ٣٠ی نیسانی ١٩٣٠.

ـــ نووسەرێک: پێشکەوتنی زانستی لە سلێمانی لە زۆر کۆنەوە، رۆژنامەی ژین، ژمارە ١٢٤٧، سلێمانی: ١٩٥٥.

محەمەد بایراقدار: ئیدریسی بدلیسی، شوکور مستەفا کردوویە بە کوردی، ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٩.

مشیحا زیخا: کرۆنۆلۆژیای ئەربێللا، کوردناسی ئەڵمانی، ئێدوارد زاخاو Edward Sachau لە ساڵی ١٩١٥ لە بەرلینی رۆژئاوا تەرجەمەی ئەڵمانیی کردووە و چاپی کردووە، و. لە ئەڵمانییەوە: عەبدولموئمین دەشتی، بنکەی چاپەمەنیی سەکۆ، بەرلین: ١٩٩٥.

- د. عیزەدین مستەفا: سەرنجی لە زمانی یەکگرتووی کوردی، بەغدا: ١٩٧١، ل ٣٥
- عەبدوڵا بابەکر حەمەد ئاغا: رۆژنامە و رێکخراوە کوردییەکانی تورکیا، لە تورکییەوە ئامادەی کردووە، کاروان، ژمارە ٦٤، ١٩٨٨

– د. کەمال مەزهەر: ماتێنەدەران، بەیان، ژ ٣٠، بەغدا: ١٩٧٥، ل ٧ــ ١٠.
– ڕەشید فندی: عەلی تەرەماخی: ئێکەمین ڕێزماننڤیس و پەخشانئنڤیسی کوردە، بەغدا، ١٩٨٥
– ئومێد ئاشنا: کۆواری بانگی کورد، سلێمانی: ١٩٩٦، ل ٤.
– سەباحی غالیب: دوو تەقەڵای بێ سوود، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن: ١٩٨٤
– د. جەمال ڕەشید: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بەغدا. ١٩٩٨
– نووسراوەکانی پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی (ژین) ژمارەکانی (٨٩٣) و (٩٦٧) و (٩٨٣) (١٩٤٧)، سلێمانی: ١٩٤٧–١٩٤٩.
– عبدالرزاق بیمار: دانیشتنێک لەگەڵ گۆران، گ، بەیان، ژمارە ٢، بەغدا: شوباتی ١٩٧٠، ل ٣.
– شێخ نووری شێخ ساڵح: " ئەدەبیاتی کوردی" ڕۆژنامەی ژیان لە سلێمانی، ژ ٢٤ و ٢٥، ٢٨، ١٥ی تەمموز و ١٢/٨/ ١٩٢٦.
– ڕەفیق حیلمی: شعر و ادبیات، ب ١ و٢، بەغدا
– د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ: ئەدەبی نوێی کوردی، زانکۆی سلێمانی
– ئومێد ئاشنا: ڕەشید نەجیب، ئاراس، هەولێر: ٢٠٠١
– ئازاد عەبدولواحید– دیوانی شێخ نووری– بەرگی یەکەم– بەشی یەکەم و دووەم
– پیرەمێرد، لێکۆڵینەوە و دەرکردنی: محەمەد ڕەسول هاوار، بەغدا: ١٩٧٠، ل ١٥٥
– مامۆستا جەعفەر: مێژووی بیری کوردی، مەکتەبی ڕووناکبیری و هوشیاریی ی.ن.ک.، سلێمانی: ٢٠٠٩
– ئومێد ئاشنا: پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠١، ل ٤٧.
– گۆران، ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٢
– فەیسەڵ دەباغ: یەکەم کۆمەڵەی کوردی، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ (٢٩٤٦) ڕۆژی ١٣–١٠– ١٩٩٩، ل ٢.
– ئەحمەد تاقانە: تۆفیق فیکرەت و شاعیرانی کورد، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٣
– محەمەدی مەلا کەریم: عەقیدەنامەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کۆواری کۆڕی زانیاریی عێراق ــ دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، بەغدا: ١٩٨١.
– د. جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی/ بنکەی ئازاد، ستۆکهۆڵم: ١٩٨٥
– محەمەد تەیموور: شانۆ لە قوتابخانەکاندا، گ. ئۆتۆنۆمی، ژ ٢٠ و ٢١، ١٩٨٤، ل ١٠٥ ــ ١١٢و ٧٦–٨٠.
– تاهیر ئەحمەد حەوێزی: شانۆگەری لە کوردستاندا، گ. رامان، ژ ٢٧، هەولێر: ١٩٩٩.
– مەغدید حاجی: ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا: ١٩٨٩.
– فیلیپ کرینبۆرک: کولتوور و ناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، موکریانی، هەولێر: ٢٠٠٨.
– کەمال ڕەئووف محەمەد: مستەفا سائیب ئەستێرە گەشەی کورد، دەزگای سەردەم، سلێمانی: ١٩٩٨، ل ١٩.
– شێخ حوسێنی قازی: مەولوودنامە، سلێمانی،ساڵی ١٩٣٥.
– ولیەم نیگلتۆن: کۆماری کورد، و: محەمەدی سەمەدی، کوردستانی ئێران: ١٩٦٣
– فایەق عومەر تۆفیق: بیبلیۆگرافیای شانۆنامەکانی سلێمانی و مێژووی تیپە هونەرییەکان، چاپی دووەم، سلێمانی: ١٩٩٥.
– جەمال ڕەشید: مرۆڤی چاخی بەستەڵەک، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١١١، س ١٩٨٦
– جوله حاجی عمر: باژێرێ ئاکرێ د ڕێکا چەند وێنەکێن فۆتۆگرافی دا، لێکۆڵینەوەی دەرچوونی پۆلی چوارەمی بەشی کوردی لە کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، بۆ ساڵی (١٩٩٧– ١٩٩٨) هەڵبژاردن و سەرپەرشتیی بابەتەکە: د. فەرهاد پیربال، هەولێر (١٩٩٧)

عەرەبی:

– د. عزالدين مصطفي رسول: الواقعية في الادب الكردي، بيروت: ١٩٦٦
– محمدامين زكى بگ: خلاصة تأريخ الكرد و كردستان، ج (١) و (٢)، ترجمة من العربية الي الكردية (محمد علي عوني).
د. یوسف حبي: كنيسة المشرق، گۆڤاری بين النهرين، ژمارە ١٤ ــ ١٥، مووسڵ: ساڵی ١٩٧٦، لاپەرە ١٩ ــ ٢٩.

وليەم دو ڤريز: نشأة بطريركية كرسي المشرق، تعريب: الاب د. سرهد جمو، بين النهرين، عدد: ٩ ــ ١٠، موصل: ١٩٧٥، ص ١٠.
الاب لويس ساكو: البطريرك طيمثاوس الكبير، گۆڤاری بين النهرين، ژمارە ١٤ ــ ١٥، مووسڵ: ساڵی ١٩٧٦، لاپەڕە ٢٣٤ ــ ٢٣٧.
ادوين بڤن: ارض النهرين، ت: انستاس الكرملي، بغداد: ١٩٦١، ص ٤٢.
پ. پيتەر P. Peeter: شەهيدەكانی ئەربێلا، لە (هەڵبژێردراوە پۆڵەندييەكان)، ژ (٤٣)، پاريس: ١٩٢٥، بە فەڕەنسی.
ف. زوريل: تأريخ كنيسة أربيل، في مجموعة الشرقيات المسيحية، عدد ٣١، مجلد ٤ و ٨، روما: ١٩٣١. لەم سەرچاوەيەدا باس كراوە:
جان فييێك تأريخ أربيل، مجلة الشرق السرياني، عدد ١٢، ١٩٦٧، ص٢٦٥ – ٣٠٢، بە عەرەبی.
دبليو. آر. هي: سنتان في كردستان ١٨–١٩٢٠، ترجمة: فؤاد جميل، الجزء الاول والثاني، مطبعة الزهراء، بغداد: ١٩٧٣.
توفيق وهبي: الاثار الكاملة، الجزء الاول، منشورات بنكەی ژين، مطبعة شڤان، السليمانية ٢٠٠٦، ص ٥٧
– زنار صلوبي: في سبيل كردستان، ت: د. رضوان علي، دار الكاتب، بيروت: ١٩٨٧، ص ٢٢.
– د. جليلي جليل: نهضة الأكراد الثقافية، ت: ولاتو، دمشق: ؟. هەروەها د. عبدالستار طاهر شريف: تاريخ الاحزاب و المنظمات الكوردية ١٩٠٨–١٩٥٨، شركة المعرفة. بغداد: ١٩٨٩.
– د. وليد حمدي: الكرد في الوثائق البريطانية، لندن: ١٩٩١.
– د. فرهاد پيربال: دراسات حول تاريخ الكورد، ت: ترزه جاف، دار كاوا، بيروت: ١٩٩٩
– ميريللا غاليتي: التراث الكردي في مولفات الايطاليين، ت: د. يوسف حبي، گۆڤاری كۆڕی زانياری عێراق، دەستەی كورد، بەرگی هەشتەم، بەغدا: ١٩٨١، ل ٢٢٥ــ ٣٠٠.
د، يوسف حبی: كنيسە المشرق، گۆڤاری بين النهرين، ژمارە ١٤ ــ ١٥، مووسڵ: ساڵی ١٩٧٦، ص ١٩ ــ ٢٩.
– عبدالكريم المدرس: علماءنا في خدمة العلم، بغداد: ١٩٨٣.
– وليەم دو ڤريز: نشأة بطريركية كرسي المشرق، تعريب: الاب د. سرهد جمو، بين النهرين، عدد: ٩ ــ ١٠، موصل
– حنا عبدالاحد روفو: شعراء مسيحيون في اربيل في القرن الثالث عشر الميلادي، زاگروس، عدد ٢، اربيل: ١٩٩٧.
– سهيل قاشا: الموصل في مذكرات الرحاليين الاجانب، بين النهرين، عدد ٥، موصل: ١٩٧٧
د. حكيم احمد خوشناو: الكورد و بلادهم عند البلدانيين والرحالة المسلمين (٨٤٦– ١٢٢٩)، دار الزمان، دمشق: ٢٠٠٩
ــ م. سترك: دائرة المعارف الاسلامية، مادة اربل، طبعة مصر: ١٩٣٣، ص ٥٧٤.
– احمد بن يوسف الارزق الفارقي: تاريخ الفارقي، تحقيق و تقديم: د. بدوي عوض، القاهرة: ١٩٥٩

پێڕست

دەروازەی یەکەم – کرۆنۆلۆجیای کوردستان لە دێرینەوە تا ١٥١٤ ... 7
لەدایکبوونی مەسیح و چاخی مەسیحییەت ... 25
داگیرکرانی کوردستان لەلایەن ئیسلامەوە ٦٣٤ ... 33
دەروازەی دووەم – کرنۆلۆجیای کوردستان لە ١٥١٤ تا ١٨٩٨ ... 58
سالآنی ١٥٠٠ ... 62
سالآنی ١٦٠٠ ... 67
سالآنی ١٨٠٠ ... 77
دەروازەی سێیەم – کرنۆلۆجیای کوردستان ١٨٩٨– ١٩٣٢ ... 91
سالّی ١٩١٤ ... 101